# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٤٨ ▌ شەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ _ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٩

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالدا


## لە هەناردەی تێرۆریزمەوە هەتا ترانزیتی هێرۆئین



بەرپرسانی گومرکی بولغارستان دەستیان بەسەر کامیونێکدا گرتوە کە بڕی ٢٨٨ کیلۆ مادەی هۆشبەری هێرۆئینی تێدا بووە. بەرپرسانی بولغار دەڵێن ئەم کامیۆنە لە ئێران بار کراوە و بە خاکی تورکیەدا بۆ بولغارستان پەڕیوەتەوە و، دوو کەسیش لەو پێوەندییەدا گیراون کە یەکیان ئێرانی و ئەوی دیکەیان خەڵکی تورکیەیە.

بولغارستان کە لەسەر ڕێی تورکیە بۆ وڵاتانی باڵکان هەڵکەوتووە، بۆتە شوێنی تەڕاتێنی مافیاکانی ترانزیتی مادەی هۆشبەری سەر بە سپای پاسداران.ساڵی ڕابردووش بارێکی ٩٤٤ کیلۆیی هێرۆئین سەر بە ئێران لەو وڵاتە دەستی بەسەردا گیرا. پێرارەکەش دوو کامیون باری هێرۆئینی ئێران کە بەرەو ئوتریش دەچوو، لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیرابوو.

لە ئاوریلی ٢٠١٧دا دەزگای قەزایی ئیتالیا ڕایگەیاند کە هێزی قودسی سەر بە سپای پاسداران ڕایەڵەیەکی ترانزیت و قاچاغی مادەی هۆشبەر بۆ ئورووپا بەتایبەت لە ئیتالیادا بەڕێوە دەبا و لە عەمەلیاتێکدا ٩ کەس لەوانیان دەسبەسەر کردوە کە ئەندامی «حەشدی شەعبی»ی عێراق و لەژێر فەرمانی ئەفسەرێکی پایەبەرزی سپای قودس بەناوی «غوڵامڕەزا باغبانی»دا بوون.

### لە ئاوێنەی ژیانی کوڵبەرانەوە

# تراژیدیای کوردبوون




هەر بەتەنیا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نین کە بەڵای گیانی کۆڵبەرانی کوردن، بەڵکوو زۆر جار ڕقی سروشتیش دەبتە هۆی کارەسات لە ژیانی کۆڵبەران و بنەماڵەکانیان؛ وەک چۆن دواجار شەختە و سەرمابردوویی گیانی سێ کۆڵبەری کوردی ستاند. ڕۆژی ٢٧ی خاکەلێوە پۆلێک کۆڵبەری ناوچەی پیرانشار لە کوێستانەکانی کانیخودا بە ناوەکانی سیروان پەشەنگ، حوسێن شەمع زادە و بەهمەن جەسووری لە سەرما ڕەق هەڵاتن و گیانیان لە دەست دا. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە بەهاری ئەمساڵدا لانیکەم ١٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد کوژراون و بریندار بوون. جێی باسە کە پارەکەش ٢٤٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست دا و بریندار ببوون.

سەروتار

## جیهان، ئێران و سپایەکی تێرۆریست

کەماڵ کەریمی

ساڵێک لەمەوبەر و بە دوای وڵامنەدانەوەی کۆماری ئیسلامی بە داواکارییەکانی ئەمریکا و گوێنەدان بە هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ملدان بە ڕێگە چارەیەک بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشانەی کە ئێران خولقێنەری بوون، ئەمریکا دەستی بە زیندووکردنەوەی جێبەجێکردنی تەواوی ئەو سزایانەی دژی ئێران کرد کە پێشتر بە هۆی ڕێککەوتنی بەرجام لە سەردەمی باراک ئۆبامادا هەڵپەسێردرابوو. وەک بە بەردەوامی بەرپرسانی ئەمریکا دووپاتیان دەکردەوە مەبەستی ئەوان لەم کارە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی. هەوڵ و داواکارییەک کە نە تەنیا هیچ ئاکامێکی نەبوو بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بیری مەزنیخوازانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و پڕۆپاگەندە لە سەر هێز و نفووز و تواناییەکانی سپای پاسداران لە بەرینتر کردنی ناوچەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت دوور لە سنوورەکانی ئێرانیش، هاندەر بوو بۆ پەرەپێدانی دەخالەت و بڕەودان بە کردەوە تێرۆریستییەکانی سپا و لە لایەکی دیکەوە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەمریکا هەتا بە شێوەی یاسایی و لە ڕێگەی بڕیارێکی کۆشکی سپی، وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بە جیهان بناسێندرێ. بەمجۆرە سپای پاسداران خرایە لیستی ڕەشی گرووپە تێرۆریستییەکان، کارێک و بڕیارێک کە تا ئێستا لە لایەن هیچ وڵاتێکەوە نەکراوە.

بێگومان ئەم بڕیارەی دەوڵەتی ئەمریکا لە دوای جێبەجیکردنی یەک لە دوای یەکی سزا سەپێندراوەکان لە سەر ئێران و خستنە بەرباسی بابەتی تێرۆریزم کە هیچ لایەنێکی دەرەوە ناتوانێ بۆ پاکانەکردن بۆ سپا پاساوێکی بۆ بێنێتەوە، باری سەرشانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران قورستر دەکا، بە تایبەت کە هێندێک لەو ڕێبەرانە بۆ خۆیان بەشێکن لەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە. دەزگایەکی نیزامیی ڕەسمی ڕێژیم کە وەک ئەمریکا دەڵێ و هەموو جیهانیش دەزانێ لە ڕێگەی گرووپە میلیشیا شیعەکانی سەر بە دەسەڵاتی مەزهەبیی ئێران، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک، عێراق، سووریە، یەمەن و لوبنان و زۆر لە وڵاتانی دوورەدەستیش، بووەتە سەرچاوەی دروستبوونی کێشەی ئەمنیەتیی گەورە. ئەمە جگە...

ل٢



تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەشن و شێوازەکانی

(٣ل)



ئایا ئامانجی ئەمریکا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە؟

(٥)



هەڵسەنگاندن و تاتوێی بڕیارێکی گرینگی سیاسی و مێژوویی

(٦)



تێرامانێک لە چەمکی نەتەوەسازی

(٧)



کورد و سۆسیالیزم

(٩)



ئەی ڕەقیب چۆن بوو بە سروودی نەتەوەیی؟

(١١)

دریژەی سەروتار

# جیهان، ئێران و سپایەکی تێرۆریست

لە هێرشی بەردەوامی بەقسە و دروشم و یارمەتیدانی بە ئاشکرای گرووپە توندئاژووە موسوڵمانەکانی فەلەستین و لوبنان کە هەڕەشەی زۆر و گەورەی بۆ سەر ئیسرائیل دروست کردوە. ئەمانەش هۆکارێکن بۆ دەستئاوەڵا بوونی ئەمریکا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و نەبوونی بەرهەڵستییەکی جیددی لە لایەن وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت ئوورووپا. ئەمەش دەتوانێ پەیامێکی بۆ کۆماری ئیسلامی تێدابێ کە بەرەبەرە لەم دنیا پان و بەرینەدا بە تەنیا دەمێنێتەوە و چەند وڵاتێکی دیکتاتۆری وەک کورەی باکوور وێنزۆئێلا و سوودان کە ئەمیان ڕۆیشت، ناتوانن بگەنە فریای. هەر بۆیە بە دوای بڕیارەکانی پێشووتری تەحریمە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەبێ چاوەڕوانی کاریگەریی زیاتری ئەم بڕیارە لەسەر دۆخی ئێران بە گشتی و بە تایبەت لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بین.

هەرچەند ئەگەر بڕوانینە قسە و هەڵوێستی ڕێبەرانی ڕێژیم و فەرماندەکانی سپا هەر وەکوو هیچ نەقەومابێ و ڕێوییان بە پیرەوە هاتبێ وایە، ئەمەش پیشەی هەمیشەییان بووە بۆ چاوبەستنی خەڵک. لە بیرمانە و زۆری بەسەردا تێنەپەڕیوە کاتێک خامنەیی گوتی «ئەگەر ئەمریکا لە بەرجام بکشێتەوە ئێمە دەیسووتێنین». بەڵام نە تەنیا ئەوەی نەکرد بەڵکوو دەستەوداوێنی ئوورووپا بوو هەتا بە فریای بکەوێ و کاتێ کە ئەوانیش هیچیان بۆ نەکرا یا نەکرد و دەرکەوت کە وەڕێخستنی کاروباری ماڵیی ئێران کارێکی حاسان نیە، دەستی کرد بە گلە و گازندە کە لە ئەمریکا دەترسن و نایانەوێ پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا بە خاتری دۆستایەتیی ئەمان تێک بدەن. خامنەیی ئەوجا وازی لە هەڕەشەکانی هێنا و چاوەڕوانی تێپەڕینی زەمان مایەوە کە ئەویشی بە قازانج نەبوو. چونکە ئیستا ئیتر زۆر زەحمەتە لە ئوورووپادا کەس یا کۆمپانییەک بیەوێ بیر لەوە بکاتەوە کە بازرگانی لەگەڵ لایەنێک بکا کە سیاسەتەکانی بە ڕەسمی تێکەڵ بە کاری تێرۆریستی بووە و ناتوانێ حاشای لێ بکا. درێژەکیشانی ئەم ڕەوتە کە جگە لە سەپاندنی سزای نوێ بۆ ئێران هیچی دیکەی بەدواوە نابێ ئەگەر سەرکێشی سپای پاسدارانی لەگەڵ بێ، بێگومان ئوورووپا و ئەمریکا لەو بارەوە لێک نیزیکتر دەکاتەوە و بەو دۆخە نالەبارەی ئێران لە باری ئابوورییەوە تووشی هاتووە، کۆماری ئیسلامی دەگەیەنێتە داخراوییەکی تەواو لە هەڵوێست و سیاسەتکردن لە نێو کۆمەڵگەی جیهانیدا. جگە لەوەی کە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی بە وردی دەکەوێتە ژێر چاوەدێری زیاترەوە و بە پێی یاساکانی ئەمریکا ئەوان دەتوانن دەست بەسەر هەر شتێکی ئێراندا بگرن کە گومانی لێ بکەن.

لە نێوخۆی وڵاتیش سپای پاسداران لە ساتەوەختی دامەزرانیەوە بوو بە گۆپاڵی سەرەکیی سەرکوت و نەهێشتنی هەر چەشنە دەنگێکی نارەزایەتی ئێرانییەکان لە دژی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو. لە کوردستان بە تایبەت ئامرازی هێرشی بێبەزەییانە بۆ سەر شار و گوندەکان و سووتاندنیان، کوشتنی بە کۆمەڵی گەورە و بچووک، ژن و منداڵ، گرتن و دوورخستنەوە بوون و، دەست بردن بۆ هەر چەشنە کردەوەیەکی دژە مرۆڤانە حەزی خوێنڕێژی سەرکردەکانیانی دادەمرکاند. ڕێژیم بە هۆی لقەکانی وەزارەتی ئێتلاعات و سپای قودسی ژێر ئەمری ڕێبەریی نیزام، بۆ تێرۆری ڕێبەران و ئەندام و پێشمەرگەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی ئێرانیی هەموو سنوورە ئەخلاقی و جوغرافیاییەکانی بەزاند. هەربۆیە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە جگە لەو شانۆگەرییانەی بە جل و بەرگی پاسدارانەوە بەڕێوە چوون، ناکرێ هیوا و هومێدی لە دڵی خەڵکی شۆڕشگێر و تینووی ئازادیدا بە ئاواتی لاوازبوون و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سەرکوتی لقە جۆراوجۆرەکانی سپا زیندوو نەکردبێتەوە.

خەڵکێک کە ئیستا ئیتر بە دوای ئازادیدا دەگەڕێ و ساڵانێکە بە هەموو شێوازێک بۆ گەیشتن بەو ئازادییەی کە کەسایەتی بەرزی مرۆڤەکان دەپارێزێ خەبات دەکا. ئازادییەک کە چوار دەیەیە لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە لێی زەوت کراوە و سپای پاسداران و گرووپە بەستراوەکان بەوانەوە ئەهرومی سەپاندنی ئەم ناڕەواییە بوون بە سەر ئەو خەڵکەدا. خەڵکی ئێران دەزانن هۆکاری ئەو هەموو سەختییەی بەسەر ئەواندا هاتووە بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و دەسەڵاتە ناڕەواکەیەتی و دەربازبوون لەو هەموو قەیرانەی کە ژیانی ئەوانی خستوەتە مەترسییەوە تەنیا بە دەربازبوون لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دێتە دی.

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی
## ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**بەڕێز یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

پڕ بەدڵ بە بۆنەی ساڵوەگەڕی پێکهاتنی یەکیەتییەکەتان، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، پیرۆزباییتان لێ دەکەم. مێژووی یەکیەتیی لاوان، لە مێژووی لێوالێو لە خەبات و تێکۆشان و تەژی لە ڕووداو و هەوراز و نشێوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان جیا نییە و لاوانی کورد لە هەموو قۆناخەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەماندا، بەشی هەرە قورسیان لەسەر شان بووە. یەکیەتیی لاوان هەر لە سەرەتای پێکهاتنی و بەڕێکخراوبوونی لە «کۆماری کوردستان»دا و تا ئێستاش جێگە و پێگەی دیار و بەرچاوی خۆی لە هەوڵدان بۆ ڕزگاریی کورد و کوردستاندا هەبووە. لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات، چ خەباتی پێشمەرگانە و چەکدارانە و چ بواری ڕاگەیاندن، ڕووناکبیری، ڕۆژنامەنووسی و بزووتنەوەی مەدەنی و ئاشتیخوازانەدا، هەمیشە و لە هەموو بارودۆخەکاندا دەوری سەرەکییان گێڕاوە. زیندانەکانی ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران هەمیشە لە لاوانی تێکۆشەری کورد جمەی هاتوە، بەشێکی زۆر لە ئیعدامکراوە کوردەکان لە لاوانی ئەم نیشتمانە بوون و هەزاران لاوی تینووی ئازادیی کوردستانیش لە مەیدانەکانی شەڕی چەکدارانە بەرامبەر بە هەردووک ڕێژیمی ستەمکاری پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە ڕێگای بەرگریکردن لە نەتەوەی کورد و ئامانجە ڕەواکانی ئەو گەلە ستەملێکراوەدا شەهیدبوون. لەمێژە گوتراوە: «لاوان هیوای دواڕۆژی گەلن»، ئەوەش وتەیەکی ڕاستە و دیارە یەکیەتیی لاوانیش دەبێ ئەو ناوەندە بێ کە دڵ و بیری لاوەکانمان بە خۆشەویستیی نیشتمان و دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەمان ڕابێنێ و بۆ قبووڵکردن و بەڕێوەبردنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان لە دادێدا پەروەردە و ئامادەیان بکا. ئەو ئەزموونە تا ئێستا ئاکامی دیار و بەرچاوی هەبووە و ڕێکخراوەکانی لاوانی ئێمە مەکۆی پەروەردەبوونی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەکەمان بوون. هەروەک گەورە پیاوی مێژووی کورد شەهید دوکتور قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری و کادر و بەرپرسانی پلەسەرووی حیزبیش لە ڕیزەکانی یەکییەتی لاوانەوە خەباتی خۆیان دەست پێکردوە، پێگەیشتوون و دواتر بەرپرسایەتیی گەورەیان لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستاندا بەئەستۆوە گرتوە. لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم، هیوادارم یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و پەردوەردەکردنی لاوانی کورددا هەر سەرکەوتوو بێ و لەشساغی و دواڕۆژێکی درەوشاوە و شادییش بۆ هەموو لاوانی نیشتمانەکەمان بە ئاوات دەخوازم.

**مستەفا مەولوودی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٢ /١٣٩٨/١ی هەتاوی**

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**ئامادەبوانی بەڕێز!**
**لاوانی پڕ لە هەستی نیشتمان!**
**بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

سەرەتا بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە هەمووتان دەکەین و بەردەوامیی و درێژەدانی ڕێگاکەتان لە پێناو ئامەنجە بەرزەکاندا بۆ بە ئاوات دەخوازین. یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بەڕابردووترین ڕێکخراوی سینفیی کوردستان، ئەمڕۆ لە نێو ڕێکخراوە کوردییەکاندا جێگە و پێگەیەکی دیاری لە تێکۆشان و دەرکەوتن و داهێناندا هەیە. ئەم ڕێکخراوە لەم ساڵانەی دواییدا بە بەشداری و دەرکەوتن لە کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان و داهێنانی نوێ و زەرووری لە پێوەندی لەگەڵ کۆکردنەوەی لاوانی هەر چوارپارچەی کوردستان و کۆکردنەوەی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەکتر و بۆ کاری هاوبەش، ئێعتباریکی دیکەی ڕێکخراوەیی بۆ خۆی دەستەبەر کرد کە جێی ئافەرین پێ وتنە. کار و تێکۆشانی بەکردەوەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی کۆڕبەندی گشتیی لاوانی چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەت لە ئاستی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەڕێوەبردنی چەند سمینارێکی باش و پڕنێوەرۆک لە ژێرناوی «پلاتفۆڕمی وێران» لەم ساڵانەی دواییدا، دەری دەخەن کە ئەم ڕێکخراوە هەنگاوی جیدی و بە پلانی لە پێناو بەرجەستەکردنەوەی فکر و خولیاکانی لاوانی کورد هەڵێناوەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دیتن و بەرزنرخاندنی چالاکی و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی خۆی لەم ڕێکخراوە، بەردەوامی و هەرچی کاراتربوونی لە پێناو بەرزکردنەوەی ویست و داخوازییەکانی لاوان و دەرخستنی تواناکانی ئەم توێژە لە کۆمەڵگە، بە ئاوات دەخوازێ. ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە چوارچێوەی بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکەدا ڕووی داوە و هەموو بەستێنەکانی خەباتی بەرانبەر بە دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی گرتۆتەوە، بزاڤێکی نەتەوەیی شوناسخوازانەی نوێیە کە کوڕان و کچانی لاوی گەل، کاراکتێر و هێزی هەرە بنەڕەتیی ئەم بزاڤەن. ئەوان وێڕای بە میرات وەرگرتنی پاشخانی پڕ لە ئەزموونی خەباتی نەوەکانی پێش خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی سەروەرییەکانی خاک و نیشتمان، لە فۆڕم و ڕەفتارێکی نوێی دیکەدا و بە ئیرادەیەکی قاییمەوە، خەریکن لە هەموو بەستێن و دەرفەتێکدا _لە پێناو بەهێزکردنی هۆوییەتی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیاندا_ بەگژ دەسەڵات و سیاسەتە دژیگەلییەکاندا دەچنەوە. ئەوە لاوانن کە بە تێگەیشتن لە زەروورەتی کاری جەمعی و هاوبەش لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان و لە چوارچێوە ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا خەریکی ڕێکخستنی جووڵەی جەماوەری و گشتین، ئەوە لاوانن کە بە دەستی بەتاڵ بەڵام ئیرادەیەکی بەرزی نیشتمانییەوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی ژینگەپاریزیدا، بۆ پاراستنی نیشتمان، باجوەرئاسا تێ دەکۆشن، ئەوە لاوانی نیشتمانن کە بە وەڕێخستنی ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی و بەشداریکردنیان لە خولەکانی فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی دایکیی خۆیان، پارێزگاری لە بەشێکی هەرە ئەساسی لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەکەن و ئێزن نادەن زمانەکەیان بفەوتێندرێ، ئەوە لاوانی کوردستان بوون کە لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ و ساڵانی پێشوودا بە لەملکردنی جامانە و بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و چڕینی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب»، بەگژ سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەیی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێراندا چوونەوە، ئەوە گەنجانی کوردستانن کە سەرەڕای بەربەست و مەحرووومکردنیان لە دەرفەتەکانی پێشکەوتن و سلامەتی، تەنیا لەسەر توانایی و ئیرادەی خۆیان لە باشگاکانی وەرزشیدا بە وەدەستهێنانی پلە بەرزەکان، سەری خۆیان و میللەتەکەیان بەرز ڕادەگرن، ئەوە کوڕان و کچانی دڵ پڕ لە ئەوین بە سەربەستیی خاک و خەڵکن کە پۆل پۆل بە ڕیزی تێکۆشەرانەوە پەیوەست دەبن و سەنگەری پێشمەرگایەتییان وەک هەمیشە ئاوەدان ڕاگرتووە. لاوانی وشیار و دەروەستی نیشتمان کە ئەمڕۆ لە هەموو بەستێنەکانی تێکۆشان و خەباتدا حزووری سەرەکی و بەرچاویان هەیە، بەمەبەستی تەقوییەتی هۆوییەتی نەتەوەیی و نیشتمانی، بە دەرکێکی درووست لە بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی گەیشتوون. هەر بۆیە لە پەیام و هاوارەکانیادا بە بێ ئەوەی لێی ماندوو بن و بە بێ ئەوەی لە ڕابردووی ناتەبایی و نالێکییەکاندا بژین، سەرسەختانە پێداگری لەسەر یەکگرتوویی و یەکبوون دەکەن. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی ڕەفتاری توێژی لاو بەتایبەتی و کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان بە گشتییە. ئەوان کە چەند ساڵێکە قەوارەیەکی گشتی و جەماوەرییان بە ڕەفتار و هەڵوێستەکانیان داوە، بە تەواوەتی زەروورەتی یەکیەتی و یەکگرتوویی نەتەوەییان بۆ کۆمەڵگە و بۆ بزووتنەوەی سیاسی _ نەتەوەیی دەرک پێ کردوە. ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەم چەند ساڵانەی دوایی کە دەرفەتێک بووە بۆ دەرخستنی ڕەفتاری گشتی و جەماوەریی خەڵک، باشترین بەڵگەن بۆ ئەم ئیدیعایە؛ نێوەڕۆکی زۆربەی ئەم ڕێوڕەسمانە، قسەکردن لە سەر زەروورەتی یەکگرتووی و بەگژداچوونی ئەقڵییەتی لێکدابڕان و ناتەبایی بووە. هەموو ئەم کارنەڤاڵانە لە ژێر درووشمەکانی؛ «یەکبوون»، «یەکگرتوویی» و «یەکڕیزی»دا بوو. هەستکردن بە زەروورەتی یەکگرتوویی و یەکبوون، بەرزترین «خەسڵەت»ی ڕەفتاری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەبێ و پێویستە بە گرینگییەکی هەرچی زیاتر و دەروەستانە خوێندنەوەی بۆ بکرێ و هەوڵ بدرێ لە چوارچێوەی بزووتنەوەی سیاسی _ نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستاندا بە ڕەسمی بناسرێ. لاوانی نیشتمانەکەمان کە دینامۆی سەرەکیی ئەم خەباتە فرەڕەهەند و فرە بەستێنە بوون و هەن و، لە ڕێبازی خەباتی شوناسخوازانەی نەتەوەییدا خەریکی تێکۆشان و خۆڕێکخستنن، ئەم ڕۆژانە خاوەندارێتی پرسێکی گرینگی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەن، لەم پێناوەدا هەزینەی قورس و گرانیان داوە. گرتن و ڕاوەدوونان، بێبەشکردن لە خوێندن، هەوڵدان بۆ تووشکردنیان بە مادەهۆشبەرەکان، بێکارکردن، هەوڵدان بۆ بەتاڵکردنەوەیان لە هەستی نەتەوەیی و بەنامۆکردنیان بەرانبەر بە پرسی خاک و خەڵک، سەپاندنی حوکمی قورس و گران بەسەریاندا و لەسێدارەدانی ناوەبەناوەیان، ئەو هەزینانە کە ئەم توێژە لە کۆمەڵگەکەمان بە هۆی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامییەوە تەحەمولی دەکەن. بەڵام وەک باس کرا ئەوە لاوانی نیشتمانن کە سەرەڕای هەموو ئەم پیلان و هەڕەشانە دیسان هەروا بە ئیرادەیەکی بەرزی نەتەوەییەوە خەریکی بردنەپێشی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەیانن. بۆیە لێرەدا پێویستە وێڕای ڕێز و پێزانین و ئافەرین پێوتینیان، بە هیواوە بڕوانینە دواڕۆژی ئەم بزووتنەوە ڕەوا و مافخوازانەیە. هەروەها جێی خۆیەتی لەم دەرفەتەدا بەیادکردنەوە لە کۆمەڵێک لە زیندانیانی سیاسیی گەلەکەمان وەک؛ محەممەد نەزەری، عوسمان مستەفاپوور، والی دروودی، عومەر ئیمامی، کەماڵ شەریفی و زەینەب جەلالیان کە تەمەنی پڕبایەخی لاوەتی خۆیان لە چاڵەڕەشەکانی نیزامی بێدادیدا تێپەڕاند و نموونەی لاوی تێکۆشەری کوردن کە هەموو تەمەنی لاوەتیان لە زیندان و لەژێر ئەشکەنجە و دووری لە بنەماڵە و خەڵکی خۆیاندا تێپەڕ کردوە، ڕێز لە هەموو ئەو کەسانە بگرین کە لەپێناو مان و مەوجوودیەتی میللەتەکاماندا هەزینەیان داوە. جارێکی دیکە پیرۆز بێ ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەشن و شێوازەکانی



عەلی بداغی




کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی سیاسییه که دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی له ساڵی ١٩٧٩دا هاته سەر کار. ئەم ڕێژیمه هەر له سەرەتاوه ئایدۆلۆژیی پەرەپێدانی ئیسلامی سیاسی_شیعەی کرده گوتاری سیاسی و پراکتیک له سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا. بۆیەش کۆماری ئیسلامی له زۆربەی وڵاتانی ناوچەدا کەوته دروستکردنی میلیشیای بەستراوه به خۆی یان پشتیوانیکردن لەو میلیشیا و ڕەوتانەی له هێڵی سیاسیی ئەودا دەچوونه پێشێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران له چوار دەیەی ڕابردوودا پشتیوانیی ماڵی، هێزی مرۆیی و لۆجستیکیی زۆر له ڕووداوه تێرۆریستییەکانی کردوه له جوغرافیایەکی بەرینی ناوچەیی و جیهانیدا و له سۆنگەی ئەم کردەوه تێرۆریستییانەوه لەلایەن دەزگای قەزایی زۆر له وڵاتانی وەک ئەڵمان، بریتانیا، ئیسرائیل، ئەمریکا و ئەرژانتینەوه بڕیاری لەدژ دراوه و سەبارەت به بڕیاردان، جێبەجێکردن، دەستتێداهەبوون و پشتیوانیی له کردەوه تێرۆریستییەکان مەحکووم کراوه.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆری به چەکێکی پێویست و گرینگ بۆ حەزف و لەنێوبردنی نەیارانی خۆی زانیوه. ئەم ڕێژیمه بۆ لێدانی مخالفانی خۆی بەتایبەت له نێو هێزه پێشکەوتنخواز و مافویستەکاندا تێرۆری له چەشن و شێوازی جۆراوجۆری خۆیدا بەکار هێناوه. هەوڵدان و پیلانداڕشتن بەمەبەستی زەربەوەشاندنی فیزیکی له حیزب و لایەنەکان و کەسایەتییه مخالف و جیابیرەکان که به ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەموو لایەک ناسراوه، هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوه. بەشێک له کارنامەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمه بریتییه له:

### تێرۆری دەیان کەسایەتیی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

بۆ نموونه: شەهریار شەفیق، کوڕی ئەشرەف پەهلەوی له پاریس له ساڵی ١٣٥٨؛ د، عەبدوڕەحمان قاسملو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له ڤییەن له ساڵی ١٣٦٨، شاپووری بەختیار، دوایین سەرۆکوەزیرانی ڕێژیمی پەهلەوی له پاریس له ساڵی ١٣٧٠؛ فەرەیدون فەڕخزاد، شاعیر، نووسەر و هونەرمەند له «بون»ی ئەڵمان له ساڵی ١٣٧١، د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له «بێرلین»ی ئەڵمان له ساڵی ١٣٧١ و...

له بڕیاری مێژوویی دادگای بێرلین (مێکۆنووس) له بەهاری ١٣٧٦دا بەڕوونی پەرده لەسەر ئەوه لادرا که هەموو تێرۆرەکان لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەت پێکهاتوو له ڕێبەری باڵا، سەرۆککۆمار، وەزیری دەرەوه، وەزیری ئیتلاعات و فەرماندەری سپای قودس (باڵی دەرەوەی سنوورەکانی سپای پاسداران)ەوه بڕیاریان لەسەر دراوه.

### کردەوه تێرۆریستییەکانی ڕێژیم له وڵاتانی دی

بۆ نموونه: تەقینەوەی ئامیا له ئارژانتین له هاوینی ١٣٧٣؛ زنجیره تەقینەوەکانی ساڵی ١٣٩١ی بانکوک له تایلەند؛ پیلانی تێرۆری «عادڵ ئەلجوبەیر»، وەزیری دەرەوەی عەرەبستان له واشنگتۆن که لێیان ئاشکرا بوو؛ تەقینەوەی «دێهلی» له هیند له ساڵی ١٣٩١؛ کردەوەی تێرۆریستی له «کێنیا» له ساڵی ١٣٩١، کردەوەی تێرۆریستی له بەحرەین» له هاوینی ١٣٨٤؛ کردەوەی تێرۆریستی له بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له شەوی یەلدای ١٣٩٥؛ پەلاماری مووشەکی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له نیزیک کۆیه له هەرێمی کوردستان له سێپتامبری ١٣٩٧، تێرۆری زیاتر له ٦٠٠ سەربازی ئەمریکا له عێراق و هاوکاریی چڕوپڕی ئەلقاعیده و هتد.

### چەکی تێرۆر له دژی بزووتنەوەی سیاسیی کورد

تێرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران له ماوەی چوار دەیه دەسەڵاتداریی ڕەشی خۆیدا دژ به هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمه، بەشی شێری بەر بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتووه. کارنامەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ به حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر له تێرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوورای نیزامیی حیزب له هاوینی ١٣٥٩ تا هێرشی مووشەکی بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب له قەڵای دێموکرات سێپتامبری ١٣٩٧، ناوی سەدان ڕێبەری ئاستبەرز، کادر، پێشمەرگه و تێکۆشەری ئەم حیزبەی تێدا تۆمار کراوه که بەرچاوترینیان تێرۆری دوو سکرتێری گشتیی حیزب، شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی‌یه.

ئامانجی سەرەکی و گشتیی ڕێژیم لەم تێرۆرانه لاوازکردنی بزووتنەوەی مافخوازانه و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووه و هەیه و بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک لایەنی سەرەکی و شوێندار لەم بزووتنەوەیەدا کراوەته ئامانج و تا ئێستاش ئەم حیزبه بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەمیشه ئامانجه.

کۆماری ئیسلامیی ئێران له ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پتر له ٤١٦ کەس له ئەندامان و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی کوردی داوەته بەر پەلاماری تێرۆریستی که حیزبی دێموکرات به بوونی ٣١٤ قوربانی، ئامانجی سەرەکی بووه. جیا له شەهیدکردنی ئەم ٤١٦ کەسه، لەو کردەوه تێرۆریستییانەدا لانیکەم دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون و توانیویانه گیان دەرباز بکەن.

### ئێعدام و کوشتنه سیاسییەکان له کوردستان

ئەو ئامارەی له بەشی پێشوودا خرایه بەرچاو تەنیا ئەو بەشه لەو کوشتنه سیاسییانه دەگرێتەوه که ناوەندە ئەمنیەتی و دەزگای سیخوڕی و تیمه تێرۆریستییەکانی ڕێژیم به پلان و پیلانی پێشوەختەداڕێژراو تێرۆری کردوون، بۆیه دەبێ ئێعدامه سیاسییەکانیش هەر له ڕیزی تێرۆردا جێیان بۆ بکەینەوه.

کۆماری ئیسلامیی ئێران له ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا له کوردستان لانیکەم ١٨٧٠ بەندیی سیاسیی کوردی له دار داوه که ٤٦٠ کەس لەوان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و٣٥٠ کەس ئەندامی کۆمەڵه بوون؛ سەدان کەس لەو ئێعدامکراوانه مەدەنی بوون و دانیان به ئەندامەتیی هیچ حیزبێکی سیاسی دانەناوه و ئەوانیتر سەر به ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی و چالاکی سیاسیی کوردی ئەندام له ڕێکخراوه سەراسەرییەکانی وەک مجاهیدین و چریکی فیدایی و ... بوون.

### ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی، بێ تورموز و نەوەستاو

ئێستا پرسیار ئەوەیه له کاتێکدا هەر له ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی له حەوت وڵاتی ئورووپایی (دانمارک، هۆلەند، ئەڵمان، نۆرویژ، ئوتریش، فەڕانسه و بێلژیک) سەبارەت به دەستتێداهەبوون له چەندین هەوڵی سەرکەوتوو و ناسەرکەوتووی کردەوەی تێرۆریستیدا ناوی هاتۆته نێو ناوان؛ ئەویش له کاتێکدا بۆ مانەوەیان له بەرجامدا خۆی به ئاو و ئاوردا دەدا و؛ هەروەها له حاڵێکدا وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕەسمی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی خستووەته لیستی ڕەشی ڕێکخراوه تێرۆریستییەکان؛ ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی بۆچی ناوەستێ؟ وه بۆچی بەشی زۆری داهات و سەرچاوه ماڵییەکانی وڵاتی ئێران لەلایەن دەسەڵاتی حاکم بەسەر وڵاتدا بۆ کردەوەی تێرۆریستی و بۆ پاڵپشتی و تەیارکردنی میلیشیا تێرۆریستەکان خەرج دەکرێ؟

وەڵام ئەوەیه: تێرۆر له تەنیشت ئێعدامەکان له ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدا به مەبەستی لێدان له دژبەر و نەهێشتنی دەنگی هەڵبوو کارێکی تابڵێی پیرۆزه و شەرعییەت له دەقه ئایینییەکانیش وەردەگرێ. بۆیه له هیچ بڕگەیەکی زەمەنی و له هیچ بارودۆخێکدا وەلای نانێن؛ وه ئەوه تەنیا گوشار و بەرەوڕووبوونەوەی شێلگیرانه و ئیرادەی تێکڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەرەی دژەتێرۆره که دەتوانێ ئەو ماشێنه سامناکەی ڕێژیم بوەستێنێ.

***

## ڕاگەیەندراوی
## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
## بەبۆنەی بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران

ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی (٨ی ئاپریلی ٢٠١٩ی زایینی) دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا له بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند که سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی له ڕیزی گروپه تیرۆریستیەکاندا داناوه و بەو نیزیکانەش وردەکاریی ئابلۆقەکانی سەر ئەو ڕێکخراوه تیرۆریستییه ئاشکرا دەکا.

له پاش نیزیکەی ٤٠ ساڵ له دامەزراندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم، ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی ئەمریکا ئەگەرچی درەنگ، له لایەن گەلانی ستەملێکراوی ئێران و بەتایبەتی خەڵکی کوردستانەوه به ئەرێنی سەیر دەکرێ، که یەکەم گۆڕەپانی تاوانه دژه مرۆیی و تیرۆریستییەکانی پاسدارانی ڕێژیم لەکوردستان بووه. ئەوەی که سپای پاسدارانی ڕێژیم له نیوەڕۆکی خۆیدا هێزێکی سەرکوتکەر، تیرۆریست و دەستێوەردەر له وڵاتانی دوور و نیزیک بەتایبەت وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دایه، نه بۆ خەڵکی ئێران و نه بۆ زۆربەی وڵاتان جێگای گومانی نەهێشتۆتەوه و جێگرتنی له لیستی ڕێکخراوه تیرۆریستەکاندا شوێنێکی پڕ به پێستیەتی.

ئەم بڕیارەی سەرۆککۆماری ئەمریکا له کاتێک دایه که ماوەی ٤ دەیەیه سپای تێرۆریستی پاسداران دژ به گەلانی ئێران و بەتایبەت دژ بەگەلی کورد به کوشتن و زیندان و ڕفاندن له ناوخۆ و دەرەوەی ئێران و تۆپباران و موشەکبارانی بارەگاکانی هێزەکوردیەکان، چالاکی تیرۆریستی دەکا. لەحاڵێکدا پێویست بوو زۆر زووتر له ئێستا و پێش ویلایەته یەکگرتووەکانی ئامریکا وڵاتانی ئوروووپایی و یەکیەتیی ئورووپا ئەو پێویستییەی ئەنجام دابا که بەشێکی بەرچاوی تیرۆرەکانی سوپای پاسداران له وڵاتانی ئەواندا کراون و سەروەریی خاک و دەسەڵاتی ئەوانی پێشێل کردوه. تەنانەت پاش تیرۆری غوڵامی کەشاوەرز له لارناکای قیبرس و کاک سدیقی کەمانگەر له باشوری کوردستان و دواتر دوکتور قاسملوو له ویەن، زۆر نیشانەکان ئەو ڕاستیەیان دەرخست و، لەوه زیاتریش پاش تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی له بێرلین و پێداگریی دەزگای قەزایی ئاڵمان بۆ درێژەدان به لێکۆڵینەوه لەو تیرۆره بوو که دواجار کۆماری ئیسلامی ئێران و دەزگا ئیتلاعاتییەکانی له بەرزترین پلەی دەسەڵاتدا به ئەمردەری تێرۆرەکان ناسێندرا؛ بەڵام بەداخەوه ئورووپاییەکان تەنیا بەهێندێ هەڵوێستی ناشوێندانەر وەک بانگکردنەوەی سەفیرەکانیان له تاران بۆ ماوەیەکی کورت قەناعەتیان کرد.

له ئێستادا سپای پاسداران تەنیا هێزێکی سەربازیی سەرکوتگەر نییه، بەڵکو له ماوەی چواردەیەی ڕابردوودا هەموو جومگه ئابوری، سیاسی و سەربازییەکانی ئێرانی بەدەستەوه گرتوه و بۆ پاراستنی بنەماکانی ویلایەتی فەقیه و هێشتنەوەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی له ڕێگەی دروستکردنی سپای قودس هەموو ئامرازێکی دژه ئینسانی و تیرۆریستی بەکار هێناوه و بەکاری دێنێ. سپای پاسداران جێبەجێکاری سیاسەتی پاوانخوازانەی ڕێژیم به ناو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنورەکانی خۆی بووه و به دروستکردنی دەیان ڕێکخراوی تیرۆریستی دیکه لەژێر ناوی جۆراوجۆ دەستی له کاروباری وڵاتانی ناوچەکه وەک عێراق، سووریه، لوبنان... وەرداوه و بۆ پێکهێنانی هیلالی شیعه به خەرجکردنی بودجەی خەیاڵی و له ڕێگەی تیرۆر و کوشتن هەوڵ بۆ دروستکردنی هیلالی شیعه له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدا. هەر ئێستاش سپای پاسداران پشتیوانیی دارایی و لۆجستیکی له هێزه توندڕەوه شیعەکان لەوانه ١٥ گروپی چەکدار له عێراق، سوریه و لوبنان دەکا، بۆیه بڕیاری ئابلۆقەی سپای پاسداران دەبێ گورزی کاریگەر لەو سامان و سەرمایه زەبەلاحه بدا که سپا کۆی کردوتەوه و پشتیوانی گەورەی مانەوەیەتی.

بەلەبەر چاوگرتنی ئەوه که له بەشێک له وڵاتانی ناوچه هەم هێزی سەربازیی ئەو سوپایه و هەم هێزی سەربازیی ئامریکایان لێ جێگیره، ئەگەری تێکهەڵچوونی سەربازیی لەو ناوچەیه زیاد دەکا و تاوانی ئەو قەیرانه نیزامییەش ڕاستەوخۆ له ئەستۆی سپای پاسداران و ڕێژیمی ئێرانه که هەتا ئێستاش له هەموو شەڕەکانی ئەو ناوچەیه لایەنگری ئاژاوه و تیرۆر بوون.

هاوکاتبوونی درێژکردنەوەی سزاکانی یەکیەتی ئورووپا لەپێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ماوەی ساڵێکی دیکه لەلایەن شۆڕای وەزیرانی یەکیەتی ئورووپا دەربڕی ئەو ڕاستییەیه که یەکیەتیی ئورووپاش سەرەڕای ڕاگەیاندنی پابەندبونی به بەرجام، بەڵام ناتوانێ له ئاست سیاسەتی تیرۆریستی و ئاژاوەگێڕانەی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بێدەنگ بێ. بەتایبەت که ڕەفتاری تیرۆریستی سوپای پاسداران لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا لەلایەن چەند وڵاتی ئورووپاییەوه به ئاشکرا لەقاو درا و له بەرانبەر چالاکییه مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا سکاڵایان بۆ سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان بەرز کردۆتەوه.

دەرچونی بڕیاری به تیرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیم دەرنجامی سیاسەته دژه مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامییه له ئێران و ناوچەکەدا. نەتەوەی کورد له کوردستانی ڕۆژهەڵات که یەکێک له بەرچاوترین قوربانیانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران و زەجرچێشتووی ڕەفتاری سەرکوتکارانەی سوپای پاسداران بووه و هەیه و سەدان تێکۆشەری کورد تیرۆر کراون .

ئەو ڕاستیەش لەبەرچاوه تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران له تەواوییەتی خۆیدا بمێنێت ئاستەمه ناوچه ڕووی ئارامی و ئاسایش بەخۆوه ببینێ و تیرۆریزم ڕیشەکێش ببێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی ٩ی ئاوریلی ٢٠١٩ی زایینی**

## کرانەوەی ژووری تایبەت به مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزاده له ئاکادیمیای زمانی کوردی




به بڕیاری سەرۆکایەتیی ئاکادیمیای کورد له باشووری کوردستان و به مەبەستی ڕێزگرتن له کەسایەتیی ئەدەبیی نووسەر و وەرگێڕی بەتوانای کورد مامۆستا حەسەنزاده، ئاکادیمیا ژوورێکی تایبەتی بەناوی "مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزاده، ئەندامی شکۆمه" لەو ناوەنده زانستییه، کردەوه. ڕۆژی چوارشەممه، ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، هەیئەتێکی پایەبەرزی سەرۆکایەتیی ئاکادیمیای زمانی کوردی، پێکهاتوو له؛ د. عەبدولفەتاح عەلی (سەرۆکی ئاکادیمیا)، د. نەجات عەبدوڵڵا (جێگری بەرپرسی ئاکادیمیا)، د.عوسمان دەشتی، د. ڕێبوار سیوەیلی و مامۆستا محەممەد حەمه باقی، پێشوازییان له مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزاده کرد و وێڕای پێڕاگەیاندنی هەواڵی کردنەوەی ژوورێکی تایبەت به ناوی بەڕێزیانەوه، داوایان لێکرد که له سەرپەرەستیکردنی چەند پڕۆژەیەکی گەورەی وەرگێڕان به کوردی، هاوکاریی ئاکادیمیای کوردی بکا. لەم دیدارەدا مامۆستا حەسەنزاده وێڕای دەربڕینی سپاس و پێزانینی بۆ ئاکادیمیای زمانی کوردی، به سەرۆکایەتیی ئاکادیمیای ڕاگەیاند که، وەک ڕابردوو له خزمەتکردن به زمانی نەتەوەکەی بەردەوام دەبێ. جێی بیرهێنانەوەیه که ماوەیەک لەمەوپێش، زانکۆی کۆیه پلەی دوکتۆرای ئیفتخاریی به مامۆستا حەسەنزاده بەخشی و له هەمان بۆنەدا، ئاکادیمیای زمانی کوردی پلەی ئەندامی شکۆمەندی ئەم ئاکادیمیایەی بۆ بەڕێزیان تەرخان کرد. مامۆستا عەبدووڵڵا حەسەنزاده سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، سیاسەتمەدارێکی ناودار و ئەدیب و وەرگێڕیکی دیاری نێو جووڵانەوەی سیاسی کوردستان و ئەدەبیاتی نیشتمانەکەمانه که جێگه و پێگەی دیار و بەرچاوی هەیه له کوردستان و خاوەنی چەندین بەرهەمی بەنرخه له بواری وەرگێران و زمانەوانی و سیاسیدا. نیوسەده تێکۆشان (نووسین)، ئەزموونی خەبات (وتوویژ)، حەقیقەتی مێژوو (وتوویژ) چەند بەرهەمەێکی نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەن. له نیزیک به ٢٠ بەرهەمی وەرگێڕاوەکانی مامۆستا دەتوانین ئاماژه بەو چەند بەرهەمه بکەین: واقعیەتی گەلانی ئێران، کوردستان و کورد، گێله پیاو، حەمەدۆک، دانچەرموو، نزا بۆ ئارمین، مەتەڵۆکەی هۆوەیدا، پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزه، دێزیره، سەرکەوتنی بێسنوور و هەتاو. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزاده سیمایەکی ناسراو و هاوڕێی دێرین و ڕۆژه سەخت و ئەستەمەکانی شۆڕشی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەڕەفکەندی و دەیان سەرکردەی دیکەی پارچەکانی دیکەی نیشتمانەکەمانه. ئێستاش دوای هەشتا ساڵ له تەمەنی پڕ له شانازی خۆی هەروا بەبڕشت و به توانایه و له تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی گەلەکەمان بەردەوامه و له هیچ هەوڵێک بۆ سەرخستنی جووڵانەوەی گەلی کورد درێغی نەکردووه.

### کامڕان باڵنوور:

# بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران ئەتککردنی ڕێژیمی ئێران بوو

دیمانە: شەونم هەمزەیی



**[پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بە قۆناغێکی تابڵێی هەستیاردا تێدەپەڕێ. ئەمریکای ترامپ یەکلایەنە لە ڕێککەوتنی ئەتومی لەگەڵ ئێران (بەرجام) هاتۆتە دەرێ، یەکلایەنە گەمارۆ لاچووەکانی سەر ئێران لە سەردەمی باراک ئۆبامای بەسەر ئێراندا سەپاندۆتەوە، و دیسان یەکلایەنە سپای پاسداران، هێزی چەکداری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساندوە. ملبەملەکانی ئێران و ئەمریکا دەگەنە کوێ؟ کێ براوەیە و خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیونی ڕێژیمی ئیسلامی لە کوێی ئەم هاوکێشانەدا جێ دەگرن؟ ئەم بابەتانە و چەند پرس و پرسیارێکی دی تەوەری وتوویژی «کوردستان»ن لەگەڵ کامڕان باڵنوور، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا]**

**ترامپ چی لە گیانی ئێران دەوێ؟**

ڕەنگە بۆ دەسپێکی باسەکەمان باشترین پرسیار بێ، چون من وەک خۆم پێموایە هیچ وڵاتێک لەسەر گۆی زەوی بە قەت ئێران لە وتار و تویتەکانی ترامپدا ناوی نەهاتوە و هێرشی نەکراوەتە سەر. بۆیە ئەوە زۆر گرینگە کە بزانین بۆچی فرێکانسی ناوی ئێران لە ئەدەبیاتی دۆناڵد ترامپدا ئەوندە زۆر و بەرچاوە. ترامپ هەر لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، زۆر بە توندی ڕەخنەی لە کۆماری ئیسلامی گرت و بەتایبەتی جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ڕێککەوتننامەی وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خراپترین ڕێککەوتننامەیەک بووە کە تا ئێستا ئەم وڵاتە بە خۆی بینیوە و هەڵی دەوەشێنێتەوە و دواجاریش بەکردەوە لەم پەیماننامەیە ناسراو بە بەرجام هاتە دەر. ئەگەر بمەوێ ئەم چەند ڕستەیەم بە زمانێکی ساکار لەگەڵ کەسایەتیی ترامپ گرێ بدەم دەبێ بڵێم کە ترامپ وەک کابرایەکی بیزنێسمەن هەموو هاوکێشەکان لەم ڕوانگەیەوە سەیر دەکا واتە بەرژەوەندی، بۆیە وەک سیاسەتمەدارەکانی بەر لە خۆی نازانێ بە پێچوپەنا بدوێ و بەرژەوەندی لە هەموو ڕەهەندەکانیدا قسەی یەکەم دەکا. لە بیرمان نەچێ کاتێ ترامپ لە وتاری ساڵانەی خۆیدا لە کۆنگرە بە شێوەیەکی بێ وێنە گوتی کۆماری ئیسلامی "دیکتاتورییەکی گەندەڵ و گەورەترین پشتیوانی تێروریسم" لە دنیایە" دەبێ بەم ئاکامە بگەین کە مەبەستی ئیدارەی ترامپ تەنیا و تەنیا گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم نییە و ترامپ بەوەندە ڕازی نییە، ئەگەر تەنانەت ئەوەش ڕاستەوخۆ نەدرکێنێ، بۆیە ترامپ خەریکی کۆنتڕۆڵی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئیزۆلەکردنی ئێرانە لە ناوچە و ڕەنگە دواجار گۆڕینی ڕێژیمیشی مەبەست بێ! بۆیە لە کۆتایی وەڵامی ئەم پرسیارە جیاواز و وردەی جەنابتدا ئیزنم بدە منیش جیاوازتر وڵام بدەمەوە تەنیا بە هێنانەوەی نموونەیەک: ٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٨٣ کاتێ لە بەیرووت مەقەڕی تفەنگدارە ئەمریکاییەکان بە ماشێنی بۆمبڕێژاو هێرشی کرایە سەر و زیاتر لە ٢٤٠ سەربازی ئەم وڵاتە کوژران و تەنانەت دەنگۆی کوژرانی ١١ ئەندامی سیا هەبوو، ئەوە سەرەتای ئیعلانی شەڕی کۆماری ئیسلامی بوو بە دژی ئەمریکا و لەو کاتەوە ئەم دوژمنایەتییە تا هەنووکەش بەشێوەیەکی پراکسی و نیابەتی بەردەوامە و ئەمە یەکەم جارە سەرکۆمارێکی ئەم وڵاتە کەوتبێتە ئەندێشەی تۆڵەئەستاندنەوە.

**باشە ئەوەی ترامپ بەدوویدا دەڕوا سیاسەتێکی نوێیە لە دژی ئێران، یان درێژەی ڕەوتێکە کە لەو قۆناغە و لەو بڕگەیەدا کەوتووەتە سەر شانی کابینەکەی ئەو؟**

بێگومان ئەگەر وەک سیاسەتێکی نوێش سەیر نەکرێ دەبێ بڵێم کە سیاسەتێکی جیاوازترە بە نیسبەت ئیدارەکانی تر بۆ وێنە ئیدارەی ئۆباما. بەداخەوە سیاسەتەکانی ئۆباما و نەرمی کێشانی لە ڕادەبەدەری ئەو بوو بە هۆکاری سەرکێشیی زیاتری کۆماری ئیسلامی و لە ناوچە و ڕەنگە بەشی هەرەزۆری ئەو ناسەقامگیرییانەی ئێستای ڕۆژهەڵات نێوەڕاست کە کۆماری ئیسلامی هۆکاری سەرەکییەتی زۆر لەوە کەمتر بوایە. بۆیە دەکرێ بڵێم تیمی ئەمنییەتیی ئەمریکا کە کۆماریخوازە توندئاژۆکانی تێدایە هەروا بە ئاسانی دەسەر ئێرانەوە ناچن. دیارە تۆ دەتوانی نوسخەی ئەم سیاسەتانە لە ئەمریکای باشوور بۆ وێنە ڤێنزووئێلا، بۆلیوی و نیکاراگوئە و... ببینیەوە واتە بە جۆرێ هاوپشتی و پاڵپشتی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک. ڕێک ئەوەی لە ئێران دیتمان. بۆ زانیاریتان ئێستا تێرم یان دەستەواژەی گوشاری لەڕادەبەدەر (maximum pressure) کە بۆتە یەکێ لە تێرمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترامپ هەر بۆ ئێران نییە و بۆ وڵاتانی ئەمریکای باشووریش دەکار دەکرێ، تەنانەت ئەم گوشارانە بۆ کۆرەی باکووریش ڕەچاو کرا تا پێملی کەن بە داماڵینی چەکە ناوکییەکانی. دیارە خستنی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیش بۆ نێو لیستەی تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەش ئیتر ئەوپەڕی گوشار بوو بۆ سەر دەسەڵاتی سەرەڕۆی مەلایان، بۆ هەوسارکردنی ئەو سەرکێشییەی کە دەمێکە ساڵە بە هۆی ئێرانەوە ئەنجام دەدرێ. واتە ئەمە جگە لەوە کە دەبێ بە پەڵەیەکی شوورەیی بۆ سپای سەربازی وڵاتێک، لە ڕوانگەی سیستمی نێونەتەوەییشەوە لەنێوچوونی غروور و کەرامەتی وڵاتێکە. بۆیە بەڵێ ڕاستە لەم قۆناغە زەمەنییەدا ئەو کابینەی ترامپە کە بەتەواوی ملی دەبەر ملی کۆماری ئیسلامی ناوە.

**چەند کۆمەڵگەی ئەمریکا هاوڕایی ترامپ دەکەن، بە واتایەکی دی سیاسەتی ترامپ لەبەرامبەر ئێران چەندەی شەقامی ئەمریکا و بیرورای گشتیی خەڵکی ئەم وڵاتەی لەگەڵە؟**

پرسیارێکی زۆر چاکە، چون بۆ هەموو کێشەیەکی ئەمریکا لەگەڵ دنیای دەرەوە چینی مام نێوەنجی (Middle Class) ئەم وڵاتە هەڵوێستی تایبەت بە خۆیان هەیە و شەقام دەورووژێنن بۆ وێنە لە شەڕی ڤییەتنام بە دەیان جار هەڵوێستی خەڵکمان بینی بۆ دژایەتی ئەم شەڕە یان بە شێوەیەکی کاڵتر لە شەڕی کەنداو و شەڕی عێراق. بەڵام سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ڕەنگە ئەو نالێکییە زۆر زۆر کەم بێ، خۆ دیارە لە هاوکێشە سیاسیی نێو پێکهاتەی دەوڵەت و کۆنگرەدا شەڕی نێوان کۆماریخوازەکان و دێموکراتەکانیش ڕەنگە جیاوازییان بە نیسبەت ئێرانەوە بۆ ساز بکا، بەڵام ئەم جیاوازییە ئەوەندە زۆر نییە کە لەسەر سیاسەتە گشتییەکان شوێندانەر بێ، هەرچەند ئێستا خەڵکانێک لە نێوخۆی ئەمریکا هەن کە بە ترامپ دەڵێن divider not an uniter واتە کەسێک کە هۆکاری لەتکردنی کۆمەڵگەی ئەمریکییە نەک یەکیەتی، ئەمە ڕێک گوزارە لە واقعییەتەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دەکا، بەڵام زیاتر بۆ کێشە نێوخۆییەکانی وەک سیستمی تەندروستی و خوێندنی باڵا و پەرەوەردە و هەندێ جار سیاسەتەکانی کۆچبەرییە و زۆر خۆی لە کێشەکانی دەرەوەی ئەمریکادا مادام نەبۆتە شەڕ نابینێتەوە.

**پێتان وایە سیاسەتی ئەمریکا بە نیسبەت ئێران چەندە واقعبینانەیە؟**

من وەک خۆم ئەگەر ئەو پرسیارەم لێ بکرێ ڕەنگە ڕەخنەی تایبەت بە خۆم هەبێ لەسەر سیاسەتەکانی ترامپ بەرامبەر بە زۆر دیاردە کە پێشتر باسم کرد کە ڕەخنەی هەرەزۆری خەڵکە، بەڵام نەک وەک کەسێک کە خۆی کوردە بەڵکوو وەک کەسێک کە بەدوای ئەوەیە کە بەڕاستی بزانێ هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخەی ئێستا وڵاتی ئێران و ناسەقامگیری ناوچەکە چییە. بۆم دەرکەوتووە کە دۆخی کارەساتباری خەڵک لە نێوخۆ سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامییە و لە هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕاستەوخۆ شوێنپەنجەی سپای قودس وەک بەڕێوبەری پڕۆژەی هیلالی شیعە و ئەنجامدەری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای تیرۆر، ئاژاوەنان و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی تر بە ڕاشکاوی دیارە. خۆ تۆ ئەگەر سەیری ڕابردوو بکەی بۆت دەردەکەوێ کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت ئوروووپایی - کە ئێمە خۆمان وەک کورد قوربانی سەرەکین - هەموو دنیا پێی زانیوە و بەڵام ئەو جۆرەی کە دەبێ کۆدنگی لێ ساز نەبووە، جگە لە تیرۆری شەهید دوکتور سەعید کە بە تیرۆری میکۆنووس بەناوبانگە، بۆیە ئەم سیاسەتەی ئەم دواییەی کابینەی ترامپ بە نیسبەت ئێرانەوە، زۆر واقعبینانەترە لە سەرکۆمارەکانی پێش خۆی.

**بەڵام ئەدی ترامپ و سیاسەتەکانی بەرامبەر ئێران چەندەی ئامانجەکان پێکاوە؟ بەو هەمووە گوشارە چیی لە ئێران و ڕەفتار و سیاسەتەکانی گۆڕیوە؟**

ئەمەش پرسیارێکی ورد و بە جێیە، ئەگەر لە بیرمان بێ خامنەیی ١٣ی ئاگۆستی ساڵی ٢٠١٨ لە تویتێکی خۆیدا پلانێکی هێناگۆڕێ کە بە No war, no negotiations واتە "نە شەڕ نە وتوویژ" دەناسرێ. ئەو مەبەستی ئەوە بوو دۆخەکەی ئێستای کۆماری ئیسلامی بە هەر جۆرێ بێ بپارێزێ و لەگەڵ ترامپ نەکەونە کێشەوە، بۆیە هەندێ چاودێری سیاسی دەڵێن تەنانەت ئەوان چاوی هیوایان بڕیوەتەوە گەڕانەوەی دێموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری ئەمریکا، ڕێک ئەو سیاسەتەی زەریف و تیمەکەی لەسەر کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام ڕەچاویان کردووە و پێیانوایە بەپێی ئەوە کە بەرجام بەرهەمی دانوستان لەگەڵ دێموکراتەکان بوو دەبێ چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوان بن، بۆیە لانیکەم سەرەڕای گەمارۆ و گوشارەکانی ئەمریکا لە پاش هاتنەدەری ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەی ١+٥ تا ئێستا هەر بە کوشتی کات و خۆبواردن و تێوەگلانی جیددی لەگەڵ ئەمریکا سیاسەتی نە شەڕ نە وتوویژیان ڕەچاو کردووە و ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەدی ناکرێ. بەڵام ڕەنگە ناساندنی سپای پاسدارانی کۆماری ئەسلامی وەک گرووپێکی چەکداری تیرۆریستی، ئەم وڵاتە تووشی قەیرانی جیددیتر بکا و دەبێ چاوەڕوان بین.

**ئایا ترامپ و سیاسەتەکانی وەک گەڕانەوەی گەمارۆکان و بەڕەسمی ناسینی تێرۆریست بوونی سپای پاسداران نەبووەتە هۆی ئەوەی حاکمییەت لە ئێران یەکدەست و یەکدەنگ بن؟ وە ئایا ئەوە بە قازانجی گۆڕانکارییەکان دەبینن لە نێوخۆی وڵاتدا؟**

دیارە لە ئاستی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی سیاسی ڕەنگە هەر بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە و فریودەرانە بۆ پڕۆپاگانداش بێ، هەندێ قسە و قسەڵۆک بکەن، بۆ وێنە نوێنەرانی پارلمان جلی پاسدار دەبەر دەکەن و دەڵێن: ئێمەش پاسدارین. بەڵام ئەمە قەرەبووی دۆخی کارەساتباری ژیانی خەڵک لە هەموو بوارەکاندا لە نێوخۆدا ناکا. کۆماری ئیسلامی دەیان ساڵە تەواوی ئامار و داتاکانی ئەم وڵاتە بە پێچەوانە نیشانی خەڵکی خۆی و دەرەوەی وڵات دەدا. ئامارە دەسکردەکان دەڵێن ئەم وڵاتە بەهەشتی بەرینە کەچی داتا نێونەتەوەییەکان و ڕاستەقینەکان گوزارە لە جەهەننەمێک دەکەن کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو خراپتر بوون دەچێ. بۆیە وک گوتم حاکمییەت وەک کەمینەیەکی بچووکی نێو کۆمەڵگە ئەگەر بە ڕواڵەتیش یەکدەست بێ و هەڕەشە و گوڕەشەکانیان دەرخواردی کۆمەڵگەی نێوخۆ بدەن دیسان هیچ لە واقعییەتە تاڵەکانی ناخۆ ناگۆڕێ. خۆ لەوە پێشتریش لە خۆپیشاندانەکانی خەڵک لەسەر شەقامەکان لە دیسامبری ٢٠١٧دا باڵە جۆربەجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی ویست و داخوازییەکانی خەڵک دەنگیان هەڵبڕێ، واتە دەمەوێ بڵێم پاڵوێکدانی ڕیفۆرمخواز و بنەماخوازەکان بەلای منەوە سەیر نییە. بۆیە بەپێچەوانەوە ئەگەر ترامپ لە درێژەی سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکان و ئێستاش ئەتککردنی هێزی فەرمی وڵاتێک وەک سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، ئاوڕێکی جددیتر بداتەوە سەر ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک بە بێگومان گۆڕانکارییەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی ڕوو دەدەن. واتە یارمەتی ئۆپۆزیسیون بۆ بەرەوسازدانی گوتارێکی لە یەک نیزیک و هەروەها پشتیوانی کردەیی لە خەڵکی نێوخۆ بە کردەوە نەک بە قسە! لە بیرمان نەچێ ڕێک تیلێرسن وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا لە کاتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران بەڵێنی ئینتێرنێتی خێرای دابوو بە خەڵک کە دواجار نەکرا. بۆیە من پێموایە ئەمە شتێک نییە کە ببێتە هۆی یەکڕیزییەکی نیشتیمانی، چون خەڵک دەمێکە نیشانیان داوە لە بەرەی دژ بە دەسەڵاتدان.

**ئۆپۆزیسیونی ئێران، وە لە نێو ئەواندا ئۆپۆزیسیونی کورد لە کوێی ئەو هاوکێشەیە دان؟ لە کوێی بەرنامە و سیاسەتەکانی ترامپدا جێ دەگرن؟**

بە داخەوە تا ئێستا پلانێکی ئەوتۆ بۆ دەوری ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بە گشتی و بەتایبەتی بۆ کورد دیاری نەکراوە، کە ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوە بێ کە ئەمریکا متمانەی بە ئۆپۆزیسیونی ئێرانی نییە کە وەک ئاڵترناتیو دواڕۆژی ئێران حیسابیان لەسەر بکا. پرشوبڵاوی تا ئاستی دژایەتیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لەگەڵ یەک، دیار نەبوونی قورساییان لە سەر ساحەی سیاسیی نێوخۆ و زۆر هۆکاری دی لەوەدا ڕۆڵیان بووە. دیارەبە نیسبەت کوردەوە، بەداخەوە کورد نەیتوانیوە لێرە لابییەکی بەهێز دروست بکا و خۆی وەک هێزێکی شوێندانەر لەسەر ساحەی سیاسیی ئێران بە دەرەوە بناسێنێ. هەرچەند لەم دواییانەدا بۆ وێنە زستانی ڕابردوو کە من بۆخۆشم لە یەکێ لە ساڵۆنەکانی کۆنگرێس وتارم هەبوو، چاوم بە دانا ڕۆهارباکێر، کۆنگرێسمەنی کۆماریخوازی کالیفۆرنیا کەوت و قسەم لەگەڵ کرد و دواتر ئەوان بۆ یەکەم جار لە بڕیارنامەکەیەکی کۆنگرێسدا زۆر بە ڕاشکاوی باسیان لە مافی کەمینە ئێتنیسییەکان کردبوو و ناوی نەتەوەی کورد وێڕای نەتەوەکانی تر ئاماژەی پێ کرابوو. قسەکانی سێناتۆر جان کێنێدی لە سێنای ئەمریکا بۆ پشتگیری و بەرگری لە کورد بۆ چوونە نێو پرۆژەیاسای S.1(پرۆژە یاسای بەهێزکردنی ئەمنیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) هەرچەند مایەی دڵگەرمی و خۆشحاڵین بەڵام بەداخەوە هێشتا وەک کورد نەبووین بە لابی تەنانەت لە پارچەکانی تریش ئەو گرفتە هەیە. جا سەیرەکە لەوە دایە هەر لە ئێستاوە تاقمێ لە ئۆپۆزیسیونی ئێران دژایەتیی مافەکانی نەتەوەکانی تر دەکا و یەک لەوان کورد. دەمەوێ بڵێم تەواوی حەولەکانی ترامپ و تیمەکەی کاتێ دەتوانێ وڵامدەر بێ کە بیر لە ئاڵترناتیوێکی بەهێز بکاتەوە کە هەموو لایەنی سیاسییەکانی ئێرانی وەک ئۆپۆزیسیۆن تێدا کۆبێتەوە. لەبارەی خۆشمان من وەک خۆم نەمدیوە کورد بە یەک گوتار و یەک دیسکۆرس بەرەوڕووی ئیدارەی ترامپ بووبێتەوە و هەرچەند حەولی تاکەکەسی بۆ چاوپێکەوتنی بەرپرسانی ئیدارەی ترامپ هەیە، بەڵام نەبوونی کۆدەنگی و یەکدەنگی کورد، بۆتە هۆکاری کەوتنە پەراوێزی کوردەوە. بۆیە بە کورتی من لانیکەم تا ئێرە دەورێک بۆ کورد نابینم، هەرچەند خستنی ناوی سپای پاسداران بۆ لیستی تیرۆر ئەگەری ئاڵوگۆڕی جیددی بۆ کورد و بەگشتی ئۆپۆزیسیۆن سازکردووە.

**پێتان وایە ئەوەی ترامپ دەیکا و لەسەری دەڕوا دەرفەتە بۆ خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی سیاسیی کورد؟**

لە تەواوی وتەکانی ترامپدا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئەگەر سرنجت دابێ، خەڵکی ئەم وڵاتە دەکاتە بەردەنگی خۆی و باس لەوە دەکا کە دەوڵەتەکەی ئەو دەرفەتێکە بۆ خەڵکی ئێران، ئەو تا ئێستا سیاسەتێکی واقعبینانەتری بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردوە و هەرچەند باس لە گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم دەکا بەڵام وەک پێشتریش باسم لێوە کرد ئەگەر وەبیر خۆمانی بێنینەوە ١٢ شەرتەکەی مایک پۆمپێئۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئێران وەک سیاسەتی نوێی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران، خۆ ئەگەر ئێران پێملیان بێ ئاداری بەسەر پاداری نامێنێتەوە. بۆیە من بە دەرفەتێکی باشی دەزانم بەو مەرجەی لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بە گشتی و بەتایبەتی کورد بقۆزرێتەوە، هەرچەند با ددانی پێدابێنم زۆر گەش بین نیم بە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری، بەڵام ڕەنگە هیوای ئەوە بخوازم کە کورد لانیکەم لەناو خۆیدا بە گوتارێکی هاوبەشەوە ڕوو بکاتە کۆشکی سپی!

**سپاس بۆ بەشداریتان لەو وتوویژەدا**

سپاس بۆ ئێوەش.



# ئایا ئامانجی ئەمریکا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە؟



ئامانج زیبایی

بەرپرسانی ئەمریکایی بەگشتی و سەرۆک ترامپ بەتایبەتی هەر دەم باس لەوە دەکەن کە بۆ بەرەنگاربوونەوە و پێشگیری لە سەرەڕۆییەکانی ئێران هەموو ئەگەرەکان لە ئارا دان و هیچ بژاردەیەک وەلا نەندراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکانی کۆشکی سپیش ڕا بۆمان دەردەکەوێ کە ئامانجی ئەمریکا بەرەنگاربوونەوەیە بەرامبەر بە هەوڵ و چالاکییەکانی ئێران کە هۆکاری سەرەکین بۆ بشێوی و ناسەقامگیریی ناوچەکە. ئەوەی کە گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە پێوەندی بە ئێرانەوە ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەن کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا دەبیندرێ بەرامبەر بە ڕووسیە، ئیدارەی سەرۆک ترامپ بە پێچەوانەی سەرۆک کۆمارەکانی پێش خۆی هەوڵێکی بەرچاوی داوە کە ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیە کەم بکاتەوە و ئامانجیشی دوورکردنەوەی ڕووسیە لە ئێرانە.

ئەوە لە کاتێک دایە کە پێوەندیی ئێران لەگەڵ ڕووسیە لە دوای ٢٠١٥ وە گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، بە تایبەتی هاوتەریب بوونی سیاسەتی دەرەوەی هەر دووک وڵات لەسەر قەیرانی سووریە و پشتیوانیکردنیان لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد. بەڵام ئەم سیاسەتەی ئیدارەی سەرۆک ترامپ بەرامبەر بە ڕووسیە هەر وا بە ئاسانی دەست ناکەوێ، ئەمە لە کاتێک دایە کە ئەم هەوڵانەی ترامپ لەلایەن ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکاوە بە چاوی شک و گومانەوە سەیر دەکرێ، هەروەها ڕووسیەش دەبێ لەوە دڵنیا بێ کە لە هاوتەریب بوونی سیاسەتەکانی لەگەڵ ئەمریکادا زیاتر قازانج دەکا هەتا مانەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و، ئەو گۆڕانە بە قازانجی دەبێ و نابێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە.

خاڵێکی گرینگیی تر کە شایانی هەڵوێستەکردنە، بەشداریی بەرپرسانی باڵای هاوپەیمانییە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ نموونە؛ بەشداریی جان بۆڵتۆن لە کۆبوونەوەی ساڵانەی موجاهیدینی خەلقی ئێران، چاو پێکەوتنی مەحموود عەباس لەگەڵ مریەم ڕەجەوی، بەشداریی فەیسەل تورکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی موجاهیدین و هتد.

ئەم هەوڵانە لە کاتێک دایە کە بەرپرسانی باڵای ئەمریکا تەنانەت خودی سەرۆک ترامپیش بەئاشکرا باس لە پشتیوانیکردن لە خۆپێشاندەرانی نێوخۆی ئێران کردووە و تەنانەت باس لە دامەزراندنی کاناڵێکی ئاسمانی (ماهوارەیی) ٢٤ کاتژمێری دەکەن بۆ پاڵپشتی لە ناڕازییانی ئێرانی.

ئەوەی هەتا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە کاربەدەستانی ئەمریکایی باس لە هەبوونی هەموو بژاردەکان تەنانەت بژاردەی سەربازیش لەسەر مێزی دانووستان دەکا لە هەمبەر ئێراندا، بەڵام ئامانجی سەرەکییان هەر گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمی ئێرانە.

لە دوای ئەم گەمارۆیەی کە ئەمریکا لە دوای هاتنەدەرەوەی لە ڕێکەتننامەی ١+٥ بە سەر ئێرانی سەپاندووە و، ژێرخانی ئابووریی ئەو وڵاتەی بەرەو دارمان بردووە و هەر ڕۆژە لە شارێک و تەنانەت لە چەند شاری گەورەی ئێران هاوکات خۆپێشاندان دەکرێ و خەڵکی ناڕازی دێنە سەر شەقام، ئەوەی جێگەی سەرنجە کە لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکایی و سەعوودی و ئیسرائیلی و تەنانەت ئیماراتیش بوونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە کاربەدەستانی ئێران بێبەزەیانەتر لە جاران خۆپێشاندەران سەرکوت کەن و کوژراو و گیراوەکان بە مۆرەی ئەو وڵاتانە ناو دەبەن.

لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا ئەوەمان بۆ هەڵدەهێنجێندرێ کە لانیکەم هەتا ساڵی ٢٠٢٠ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەر شێوەیەک بێ خۆی لە بەرامبەر ئەم گوشارانەدا ڕابگرێ و سیاسەتی چاوەڕوانی ڕەچاو بکا، بە ئومێدی ئەوەی کە ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی داهاتووی ئەمریکادا دەنگی پێویست نەهێنێتەوە و ئیدارەی دوای ترامپ بە جۆرێکی تر هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بکا؛ ئەم سیاسەتەش تێچوویەکی کەمی بۆ ئێران نییە و دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان پێداچوونەوەیەک بە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بکا و، دەبێ ئەو قەیرانانەی کە ئێران لە ئێستادا ڕووبەڕووی بووەتەوە تێیان پەڕێنێ و نەهێڵێ کە زیاتر تەشەنە بستێنێ. بۆ ئەم بابەتەش دەبێ یان ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران و ناڕازییانی نێوخۆیی ببێتەوە و درێژە بە سیاسەتی سەرکوتی خۆی بدا، یان ئەوەی کە چاوێک بە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بخشێنێ و دەست لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی هەڵگرێ کە هەتا ئێستا ستراتێژیی ئێرانی لەسەری بنیات نراوە و؛ تێچوویەکی زۆری بۆ داوە و چی دیکە پشتیوانی لە میلیشیا شیعە و توندڕەوەکان و تاقم و گرووپە تێرۆریستییەکان نەکا.

جگە لەم بابەتانە خاڵێکی دیکە، کە ئەویش پەرەپێدان بە سیستمی مووشەکیی ئەم وڵاتەیە بۆتە هۆی نیگەرانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بەتایبەتی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیشاردۆتەوە کە مەبەستیان لەم پەرەپێدانە پاراستن و بەرگریکردنە لە دەستکەوتەکانیان و بە دروشمی گەورەش لە سەر مووشەکەکانی خۆیان مزگێنی نابووتکردنی ئیسرائیلیان نووسیوە.

هەر لەم پێوەندییەدا بنیامین نێتانیاهوو لە ساڵیادی کارەساتی هۆلۆکاستدا باسی لەوە کرد کە ئێران گەورەترین مەترسییە بۆ سەر جوولەکەکان لە هەموو دنیا و لە ئیسرائیلیش هەر بە هەمان شێوەیە. نێتانیاهوو جگە لە هەڵوێستە دوژمنانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گلەییەکیشی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کرد و، گوتی سەرەڕای ئەوەی کە ئێران بەردەوام هەڕەشە لە ئیسرائیل و جوولەکە دەکا بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگیان هەڵبژاردووە. هەر ئەم هەڵوێستانەی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بۆتە هۆکارێکی سەرەکی کە ئیسرائیل بەرپەرچدانەوە لە خۆی نیشان بدا و لە سووریە ڕۆژانە هێز و گرووپەکانی ئێران و سەر بە ئێران بکرێنە ئامانجی فڕۆکەکانی ئیسرائیل.

جگە لەم قەیرانانە کە ڕووبەڕووی ئێران بۆتەوە گەندەڵیی بەرپرسانی ئێرانیش بەربینگی بە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە گرتووە و مانەوەی ئەم حکوومەتەی لە مەترسی هاویشتوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران سیستمێکی بەڕێوەبەریی ئاڵۆزی هەیە، کە زۆر جار ئەم ئاڵۆزییە بە قازانجی ئێران و زۆر جاریش بە پێچەوانەوە بە زەرەری تەواو بووە. لە بارودۆخی ئێستادا کە سیاسەتی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتی سەبرکردن و دانبەخۆدانانە بەرامبەر بە ئەمریکا، ئەگەری ئەوەی هەیە کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا ئیدی لەلایەن ئەمریکاوە بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستیش ناسراوە؛ هۆکارێک بێ بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی لە ناوچەکەدا.

لەلایەکی دیکەشەوە پەرەپێدانی خۆپێشاندانەکان و زیادبوونی نارەزایەتیی خەڵکیش فاکتەرێکی سەرەکیی دیکەیە کە لە قەیرانی ئابووری و داراییدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون دایە و، لە وانەیە کە ژێرخانی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر تەحەمولی ئەم گەمارۆیانە بکا. بۆیە وا وێ دەچێ کە هەر وەک جان بۆڵتۆن دەڵێ بەم زووانە گوێمان لە دەنگی شکانی ئێسکەکانی ئابووریی ئێران بێ. بۆیە ئێران چ لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی پاشەکشێ بکا یان بە خۆداچوونەوەیەک بە سیاسەتی نێوخۆی خۆی بێنێ ئەوە براوەی سەرەکیی هەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەبن.

### دەرەنجام

بۆ ئەمریکا تەنیا چالاکییەکانی تایبەت بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران جێگەی نیگەرانی نەبوو. هەردەم کۆمەڵێک چالاکی و کردەوەی ئێران هەڕەشە بوون بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بۆ نموونە پشتیوانی و داکۆکی لە گرووپە توندڕەوە شیعەکان لە وڵاتانی دراوسێ، هەڕەشەکانی ئێران لە ئیسرائیل و دانپێدانەنانی ئێران بە ئیسرائیل وەک وڵاتێکی سەربەخۆ، بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، ڕۆڵی ئێران لە سووریە و عێراق و هتد.

هەموو ئەم بابەتانە هۆکارێکی سەرەکین بۆ درێژەپێدانی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بەتایبەتی و ئورووپا بەگشتی.

دەبینین کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وردەوردە هەستی بە مەترسییەکانی ئێران کردووە و خەریکن بەرپەرچی کردەوە سەرەڕۆییەکانی دەدەنەوە هەر وەک چۆن ڕێکخراوی هەواڵگری ئێران (اطلاعات) ی خستە لیستی تێرۆری ئورووپاوە.

پەرەپێدان بە بەرنامەی مووشەکیی ئێرانیش بەشێکی گرینگی مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە خۆ دەگرێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ بە شێوەیەکی فەرمی مووشەکە دوورهاوێژەکانی خۆی لە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کورد واتا حیزبی دێموکراتی کوردستان تاقی کردەوە و لەنێزیک شاری تەورێزەوە ٧ مووشەکی ئاراستەی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆیەی باشووری کوردستان کرد و بە ڕاشکاوانە ئەم کردەوەشی لە ئەستۆی خۆی گرت و پەیامێکی ناڕاستەوخۆی بە دژبەرانی خۆی بە گشتی و بە ئەمریکا بە تایبەتی گەیاند کە نەیارانی کۆماری ئیسلامی بە ئەمریکا و ئیسرائیل و سەعوودییەوە و ئۆپۆزیسیۆنەوە دەتوانن ئامانجی مووشەکەکانی ئێران بن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هیوای ئەوەی کە لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئەمریکادا، ترامپ دەنگ نەهێنێتەوە بە پارێزەوە سیاسەت دەکا. لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی لە چین و ڕووسیە نێزیک دەکاتەوە، ئەمەش لە کەس شاراوە نییە کە ئەم دوو وڵاتە (چین و ڕووسیە) لە داهاتوودا ئەگەر مافی هەڵبژاردنیان هەبێ لە نێوان ئێران و ئەمریکادا ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەمریکا هەڵدەبژێرن، لە ئێستادا زیاتر ئێران ڕۆڵی کارتێکی فشاری هەیە بۆ چین و ڕووسیە. هەر وەکوو ئەوەی کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ئەم دوو وڵاتە دەنگی بەڵێیان داوە بە هەموو بڕیارنامەکانی شۆڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

# کورد و سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیم



محەممەد ئەحمەدی

سپای تیرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، کە ڕۆژی ٨ی ئاپریلی ئەمساڵ لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە بە سپایەکی تیرۆریست ناسێندرا و بە ڕەسمی خرایە لیستی هێزە تیرۆریستەکانی جیهانەوە، ڕێکخراوێکی سەربازییە کە ڕۆژی ٢ی مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (٢٢ی ئاپریلی ١٩٧٩) بە فەرمانی خومەینی لە لایەن شووڕای شۆڕشی ئیسلامییەوە بۆ پاراستنی ڕێژیمی تازەدامەزراوی خومەینی دامەزرا و لە قانوونی بنەڕەتی (دەستوور)ی ئەو ڕێژیمەدا بە هێزێکی چەکداری ڕەسمیی ڕێژیم پێناسە کراوە.

دامەزرێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ دوو ئامانجی سەرەکی سپای تیرۆریستی پاسدارانیان دامەزراند. یەکەم بۆ ئەوەی بتوانن بە زەبری هێزێکی دڕ و تۆقێنەر بەتەواوەتی دەست بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا بگرن و نەهێڵن پاش ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری پادشایەتی، سیستەمێکی سیاسیی دیموکرات و فرەلایەن لە ئێرانی فرەنەتەوە و فرەئایینیدا پێک بێ، کە ئامانجی گەلانی ئێران بۆ دووای ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی پەهلەوی بوو. هەربۆیە سپای تیرۆریستی پاسداران بەخێرایی بەرەنگاری هەموو هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی گەلانی ئێران بووە و بە شێوەیەکی توندوتیژ و دڕندە هەمووانی سەرکوت کرد و تەنیا بواری بۆ لایەنگرانی پێکهێنانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقێ هێشتووە تا خۆیان بەسەر گەلانی ئێراندا بسەپێنن.

دووەمیش بۆ ئەوەی کە پاش خۆسەپاندنیان بەسەر ئێراندا بە ناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامییەوە ئەو هێزە تیرۆریستە بۆ پێکهێنانی ئیمپراتۆریی شیعە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەکار بێنن. کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو کاریان لەسەر ئەو ئامانجەیان کرد و بە خەرجکردنی سامانی گەلانی ئێران چەندین گرووپی میلیشیایی شیعەیان لە وڵاتانی ناوچەکەدا بە سەرپەرشتیی سپای تیرۆریستی پاسداران پێک هێنا. هەربۆیە لە ناوچەکەدا کێشمەکێشی ئایینزایی پەرەی سەند و لە بەرانبەر میلیشیا شیعەکاندا چەندین گرووپی توندئاژۆی سوننەمەزەبیش پەیدا بوون، کە داعش بەناوبانگترینیانە. ئەم کردەوانە بوونە هۆی هەڵگیرسانی چەندین جەنگی خوێناوی لە ناوچەکەدا، هەربۆیە پاش چل ساڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بڕیان داوە بەرەنگاری ئەو ڕێژیمە تیرۆریستە ببنەوە و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکایە کە ڕۆژی ٨ ئاپریل بە بڕیاری بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامی هەنگاوێکی گرینگی مێژوویی لەپێناو مرۆڤایەتیدا هەڵێناوە.

بەشێکی بەرفرەوان و بەرچاوی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد کەوتووەتە نێو ئەو جوغرافیا سیاسییە داسەپاوەوە کە لەسەر نەخشەی جیهان بە ئێران ناسراوە و لە ئەدەبیاتی سیاسیی نەتەوەی کورددا بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی دەبرێ. لە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پادشایەتیدا گەلی کورد پێشەنگ بوو، تا کاتی ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی پەهلەوی گەلی کورد زیاتر لە ٣٢ ساڵ پێشینەی خەبات دژی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەی هەبوو، بۆیە پاش ڕووخاندنی ڕێژیمی پادشایەتی دەیەویست لە ڕێی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆیەوە لە پێکهێنانی سیستەمی نوێی سیاسیی ئێراندا بەشدار بێ و، لە سۆنگەی پێشینەی خەباتەکەیەوە خاوەنی هێزی سیاسی و سەربازیی خۆیشی بوو، کە یادگاری کۆمارە کەمتەن و پڕبەهرەکەی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) دا بوو، هەربۆیە خواستەکانیشی ڕوون و ئاشکرا بوون و دەیەویست سیستەمی نوێی ئێران لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی پادشایەتی، لە سیستەمێکی ناوەندییەوە ببێ بە سیستەمێکی دێموکراتی ناناوەندی و گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لەسەر خاکی خۆیان خاوەنی ئیدارەی خودموختاری خۆیان بن. بەڵام ڕێژیمی ئایدیۆلۆژیکی خومەینی ئەوەی پێ قبووڵ نەکرا، هەربۆیە بەپێی فتوای مەزهەبی و بە زەبری سپای تیرۆریستی پاسداران هێرشی کردە سەر کوردستان و بە تێرۆر و ئیعدام و تۆقاندن بەرەنگاری خواستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بۆتەوە.

نەتەوەی کورد هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەو سپا تۆقێنەرەوە بە سپایەکی تیرۆریست و دڕندەی لەقەڵەم دا و بەرەنگاری بۆوە. شار و گوندەکانی کوردستان کەوتنە بەر هێرشی تیرۆریستیی سپاکەی خومەینی، چەندین گوندی کوردستان بەتەواوەتی قەڵتوبڕ و ژینۆساید کران، لە ناوەندی شارەکاندا چەندین شەڕی نابەرانبەر بەسەر خەڵکی مافخوازی کورددا سەپێنرا، هەزاران مرۆڤی کورد لە لایەن سپای تیرۆریستی پاسدارانەوە ئیعدام کران، یان لە شەڕدا شەهید کران، تەنانەت لەسەر مێزی دیالۆگ ڕێبەرانی ئاشتیخوازی کورد بە دەستی نێردراوانی ئەو سپا تیرۆریستە لە ناوەندی ئورووپا تیرۆر کران.

بە فتوای خومەینی ئەو سپا دڕندەیە شەڕێکی بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاند کە تا ئێستاش بەردەوامە و پاش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان هێشتا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە لایەن سپای تیرۆریستی پاسدارانەوە دەستگیر دەکرێن و لە سیاچاڵەکاندا لەژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێن، لەسێدارە دەدرێن، یان بە ئاگری چەکی قورس و پێشکەوتووی وەکو مووشەکی دوورئەنگێو، بۆنموونە مووشەکبارانەکەی مانگی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دیموکرات لە باشووری کوردستان کۆمەڵکوژ دەکرێن.

بڕیارەکەی ئەمریکا کە سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی بە گرووپێکی تیرۆریست ناساند، چەندە زەربەیەکی کوشندەیە لە ڕێژیمی دڕندەی ئیسلامیی ئێران درا، ئەوەندەش پێشکەوتنێکی گەورەیە بۆ خەباتی ڕەوای گەلانی مافخوازی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، چونکە ئێستا دنیا ڕوونتر لە هاواری مافخوازانەی گەلی کورد تێ دەگا و ناوەندە بڕیاردەرەکانی دنیا بۆیان دیار دەکەوێ کە نەتەوەی کورد ٤٠ ساڵە لەگەڵ هێزێکی تیرۆریستی دڕندە شەڕ دەکا، کە سامانی وڵاتێکی دەوڵەمەند و بەرفرەوانی وەکو ئێرانی داگیر کردووە و خۆی پێی پڕچەک کردووە. هەروەها ئەو بڕیارە زیانێکی قورس بە داهاتەکانی سپای تیرۆریستی پاسداران دەگەیەنێ و هەر لەو سۆنگەیەشەوە توانای ئەو سپا سەرکوتکەرە بۆ سەرکوتکردنی هاواری گەلانی ئێران زۆر کەم دەبێتەوە، لەوەش گرینگتر ئیدی ئەو بەشەی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم کە هێزی قودسی سپا بەڕێوەی دەبرد و وڵاتانی ناوچەکەی پێ لە ئاژاوەوە دەگلاند، ئەگەر بەتەواوییش لەکار نەکەوێت، ئەوە هیچ بڕشتێکی ئەوتۆی نامێنێ.

لایەنێکی زۆر گرینگی ئەو بڕیارەی ئەمریکا، کە دەمەوێ کۆتاییی پێ بە یادداشتەکەم بێنم، ئەوەیە کە پەرچەکرداری باڵەکانی ڕێژیم لە بەرانبەر ئەو بڕیارەی ئەمریکادا گومانی ئەوە لای گەلانی ئێران نایەڵێ، کە سەرلەبەری باڵەکانی ڕێژیم سەر و بنی یەکن و ڕیفۆرمخوازی تەنیا دروشمێک بوو بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک و درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیم. بۆ شایەدیی ئەم قسەیەشم، هەڵوێستی عەبدوڵڵا ڕەمەزانزادە، وتەبێژی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازی محەمەد خاتەمی، وەکوو مشت نموونەی خەڵوار دێنینەوە، کە دەڵێ: «سەرباری هەموو جیاوازیی بۆچوونەکانمان سەبارەت بە بابەتە نێوخۆییەکان، لە بەرانبەر دژمنی بێمەنتقی دەرەکیدا، هەموومان وێکڕا و بەیەکگرتوویی پشتیوانی لە هێزە چەکدارەکان دەکەین.»

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## ڕقی پیرۆز



ڕەحمان مەحموودی

«ڕەحمان مەحموودی»م. خەڵکی بۆکانم و ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە گوندی تورجان لەدایک بووم. دوایە ماڵمان هاتۆتە میراوای بۆکان و لە قۆناغی ناوەندیی خوێندندا دەستم هەڵگرت و ملم لە کار و کاسبی نا. کە شۆڕشی گەلانی ئێران کرا تازەلاو بووم و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کار و چالاکییەکانی ببوونە هۆی چاوکراوەیی ئەمن و زۆر لە هاوتەمەنەکانم، ئەوەش وایکردبوو کە بێ ئەوەی بەڕەسمی پێوەندییەکی تەشکیلاتیشم لەگەڵ حیزب بووبێ، بەڵام کار و ئەرکی حیزبی بکەم. تا ئەوەی ساڵی ١٣٧٠ بەڕەسمی بووم بە ئەندامی ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکرات و ئەرک و بەرپرسایەتیی دیار و ڕوونم وەردەگرت. ئێمە لە تیمێکی تەشکیلاتیدا سازمان درابووین کە دە کەس دەبووین. خۆم، عەبدووڵڵا ئەمینی، سەید کەریم ڕاج، ناسر ساڵحی ئەسڵ، ناسر سوڵتانی، هەمزە خودکام، برایم هەمزەزادە، قادر ساڵحی فەرد و، لوقمان ساڵحی فەرد. تیمەکە ئێمە لە ماوەی سێ ساڵدا زۆر کار و چالاکیی گرینگ و هەستیاری لە ناوچەی بۆکاندا کرد، بەڵام بەداخەوە دواجار ئاشکرا بووین و گیراین. ئێوارەی ڕۆژی ٧ی سەرماوەزی ١٣٧٣ لە ماڵی خۆمان دانیشتبووم کە هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات ڕژانە ماڵێ و گرتیانم و بردیانمە ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان. سروشتییە ئەندامی تەشکیلاتی حیزبێک بی و بەڵگەیان لەسەرت هەبێ و تۆش بتەوێ بەربەرەکانی بکەی و لەسەر بیروباوەڕت سوور بی. لەو ماوەیەدا گوشار و ئەشکەنجەیەکی زۆرم لەسەر بوو. پاشان بەڕێی گرتنگەی ئیتلاعاتی مەهابادیان کردم و لەوێش چوار مانگ دەسبەسەر بووم، هەتا بە قەولی خۆیان پەروەندەکەیان بەستم و ناردیانمە دادگا. ٨ مانگ بوو گیرابووم کە درامە دادگا. دیارە بنەماڵەکەم پارێزەریان بۆ گرتبووم، بەڵام لە بارودۆخی ئەوکاتدا و لە پێوەندی لەگەڵ مندا کە پەروەندەکەم سیاسی بوو و پێشوەختە لە ئیتلاعات ڕا بڕیاری لەسەر درابوو، پارێزەرەکەم دەسەڵاتێکی نەبوو تا بتوانێ بەرگریم لێ بکا. بەمجۆرە لە دادگای شۆڕشی مەهاباددا بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات سزای ٢٠ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاندم و بۆ کێشانی ماوە زیندانییەکەم بەڕێی زیندانی ناوەندیی ورمێ کرام. زیندانی ناوەندی ورمێ کە زیندانی «دەریا»شیان پێ دەگوت، لانیکەم ١٦ بەندی هەبوو. هێندێک لەو بەندانە هەتا ٣٠٠-٤٠٠ کەسیان تێ دەخزاند. خۆ ئەگەر بە کورتی باسێک لەو بارودۆخە بکەم دەبێ بڵێم نە ڕێز و حورمەت و پێڕاگەیشتنێک، نە بێهداشت و پاک و خاوێنییەک، نە خواردن و بژیوێک و سووکایەتی و بێ حورمەتیی کاربەدەستانی زیندان لە سەرەوە تا خوارێش لەجێی خۆی. ساڵی ٧٧ بوو. بارودۆخەکە زۆر شپڕێو و لەتاقەتبەدەر ناخۆش بوو. ئێمەی زیندانییە سیاسییەکان مانمان گرت، بەڵام بەجێی وەڵامدانەوە بە ویست و داواکانمان کە باشترکردنی خواردن و بێهداشت، بارودۆخی زیندان و ڕەفتاری کاربەدەستان بوو، بەتوندی سەرکوت کراین. هێزێکی پۆشتە و پەرداخ ڕژانە بەند و بە باتووم و هەموو جۆرە چەکێک ڕژانە سەرمان و لێیان داین. دوایەش کۆمەڵێک لە هاوبەندییەکانی ئێمەیان بۆ زیندانی شارەکانی دیکە دوور خستەوە. ئەمن ٨ ساڵ لەو بارودۆخەدا بەند کرابووم و تەنیا هیوا بە ڕزگاری و درێژەدانی ئەرک و ئامانجەکانم بوو کە ڕایگرتبووم. تاڵتر لەوە نییە لەگەڵ هاوڕێیەکت لەسەر بیروباوەڕی هاوبەشت بگیرێن و بەبەرچاوی خۆت بیبەن بۆ ئێعدام. دوو کەس لەو هاوڕێیانەی لە تیمێکدا بووین _ کاک عەبدوڵڵا ئەمینی و کاک سەید کەریم ڕاج_ کە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، ساڵی ١٣٧٤ هێنایاننەوە ئیتلاعاتی بۆکان و بەداخەوە لەدار دران و تەنانەت تەرمەکانیشیان نەدانەوە بە بنەماڵەکانیان. ئەم ڕووداوانە کاریگەریی قووڵ لەسەر کەسایەتی و بیرکردنەوەت دادەنێ و تۆڵە و ڕقێکی پیرۆز لە ناختدا دەگووڕێ. ئەو ڕقە پیرۆزە کە ئاوێتەی وەفا و ئەمەگ بۆ ئەم شەهیدانە و درێژەدان بە ڕێگەیان دەبێ، بۆ ئانوساتێکیش بێ بەرت نادەن و بڕوابەخۆ و دڵنیا لە ڕێبازەکەت دەتهێڵنەوە و بەرگەگرتن لە زیندانیشت بۆ ئاسانتر دەکەن. دەرد و مەینەتییەکانی زیندان خۆ هەر بۆ خۆت نین، بنەماڵە و کەسوکاریش لە سۆنگەی تۆوە تووشی سەدان چەرمەسەری و بێهیوایی دەبن. ئەوان جیا لە بەرگەگرتن لەبەرامبەر ئازاری بەندکرانی تۆ و لە پێناوڕزگارکردنت، پێڕاگەیشتن و چاوپێکەوتنت، دەبێ زۆر نەهامەتی بچێژن؛ جا ئەویش ئەگەر لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەسکورتیش بی. لێرەدا ناتوانم باس لە ئەمەگ و وەفای هاوژینەکەم «عەزیمە دغۆ» نەکەم کە سەرەڕای ئەوەی دەیزانی ٢٠ ساڵ زیندان یانی هەموو تەمەنی گەنجێتی، بەڵام شانی وەبەردا. ئەو زۆر بەورە و بە دڵسۆزییەوە چاوی بەسەر منداڵەکانمانەوە بوو و گەورەی کردن و پێی گەیاندن. ئەو نموونانە لە ئازایەتی و هەست بە بەرپرسایەتی هەتوانێکن بۆ زام و برینی دڵە بریندارەکەت؛ بۆیە جارێکی دیکەش سڵاو بۆ ڕوحی دەنێرم کە دوای ڕاکردن لە زیندان و هاتنەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتیش لەبەرامبەر هیچ کۆسپێکدا بەچۆکدا نەهات و لە هیچ قۆناغێکدا پشتی تێنەکردم. دوای ٨ ساڵ مانەوە لە زیندان و لە سەرەتای ساڵی ١٣٨١دا بنەماڵەکەم توانییان دوای هەوڵدان و وەدواکەوتن و لە دەرگادانێکی زۆر، بەبۆنەی نەورۆزەوە چەند ڕۆژێکم مەرەخەسی بۆ وەرگرن، ئەوەش دەرفەتێکی باش بوو کە من قۆستمەوە و لەگەڵ ئەوەی باجێکی قورسی ماڵیمان بۆ دا، بەڵام یەک و دووم لێ نەکرد و خۆم گەیاندە ڕیزی ئاشکرای تێکۆشەرانی حیزبەکەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان. دوای ڕاکردن لە زیندان زۆر بژاردە لەبەردەمم بوو. دەسپێکردن بە ژیانێکی مەدەنی لە شارەکانی باشووری کوردستان، چوون بۆ دەرەوەی وڵات یان درێژەدان بە ژیانی تەواوەختی سیاسی؛ بەڵام ئەو ڕقە پیرۆزەی باسم کرد و بیرهێنانەوەی دوادیمەنی شەهیدانی ئێعدامکراو لە زیندان گڕکانێک نین لە ناختدا کە بتوانی بەرەوڕوویان بییەوە یان خۆتی لێ لابدەی. بۆیە دوای ١٨ ساڵ ڕاکردن لە زیندان و دوای هەموو ئەو ماوەیە کە لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا بۆ وەدیهێنانی خەونی شەهیدان درێژەم بە خەبات داوە، نەمتوانیوە بۆ تاقە یەک چرکەش بیر لە شتێکی دی، جیا لەوانە بکەمەوە. بۆیە بەسەرهاتی گیران و ڕاکردنم لە زیندان بە گێڕانەوەی بیرەوەریی تاڵی لەداردانی شەهیدان خالید شۆقی و هەمزە قادری کۆتایی پێدێنم. شەهید خالید شۆقی پێشتر فەرماندەی هێزی ئاگری بوو و چوبووە تورکیە و لەوێ دەزگای ئەمنییەتیی ئەم وڵاتە گرتبووی و ڕادەستی ئێرانی کردبۆوە. ئەو ڕۆژەی ئێعدام دەکران، کاک خالید ڕووی لە من کرد و گوتی: کاکە وادیارە لەوەندە زیاتر نەمتوانی و درێژەدانی ئەم ڕێگایە بۆ ئێوە بەجێ دیلم. دوایەش کۆمەڵێک ڕاسپاردەی هەبوو کە پێی دام و گوتی بیگەیەنە بە بنەماڵەکەم. فرمێسک نا، دەبێ بڵێم ڕووباری خوێن بە چاوەکانمدا دەهاتنە خوارێ و بەبەرچاوی ئێمە و لەوپەڕی بێدەسەڵاتیی ئێمەدا بردیانن. ئەوان زۆر بەسەربەرزی و ڕووسوورییەوە بەرەوپیلی مەرگی شەرافەتمەندانەیان چوون و، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی ئێمەمانان هەتا دواهەناسە ڕێبواری ئەم ڕێگایە بین.

# ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی

## (هەڵسەنگاندن و تاتوێی بڕیارێکی گرینگی سیاسی و مێژوویی)



عومەر باڵەکی

**[سپای پاسداران ئێستا بەپێی قانوونی ئەمریکا ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە و هەڕەشەیەکە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە، بۆیە سپای ئەمریکا دەبێ بەرپەرچی ئەو هەڕەشانە بداتەوە و، ئەوە ئەگەری تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان سپای ئەمریکا و سپای پاسداران زیاتر لە جاران بەهێز دەکا و، لە کاتی ئێستادا ئەگەر ئەنگیزەیەک هەبێ بۆ تێکهەڵچوونی نیزامی، هەم ترامپ و هەم سپای ئەمریکا ترسێکیان نییە لەو بابەتە، چونکە شەرعییەتی قانوونییان پێیە بۆ هەر کردەوە و دژکردەوەیەک]**

دەوڵەتی ئەمریکا بە مەبەستی لاوازکردنی نەیارانی خۆی لە هەموو ڕێکارەکانی بەردەستی کەلک وەردەگرێ. یەکێک لەو ڕێکارانە کە لە سەردەمی ئێستادا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەری هەبووە لە سەرخستنی ئامانجەکانی ئەم وڵاتەدا، ئابلۆقەی ئابوورییە، بەو مانایە کە لە بواری ئابوورییەوە وڵاتی نەیاری خۆی گەمارۆ داوە و، ناچاری کردووە بێتە سەر مێزی دانوستان. یاسای ئابلۆقە یان هەمان کاتسا، لە ڕوانگەی شارەزایانی بواری سیاسییەوە کە چاودێری کێشەکانی ئێران و ئەمریکا دەکەن، بە دایکی تەحریمەکان دەناسرێ؛ چونکە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی بواری ئابووری و سەربازی کۆماری ئیسلامی لەخۆ دەگرێ. نێوەرۆکی قانوونی کاتسا وڵاتانی ئێران، کۆرەی باکوور و ڕووسیەی کردۆتە ئامانج و، ئەمریکا لە ڕێگای ئەو قانوونەوە دەیهەوێ کار و کردەوەی ئەو سێ وڵاتە کە زیان بە بەرژەوەندییەکەی دەگەیەنن بخاتە ژێر چاودێری و؛ لە ڕێی تەحریمی ئابووری و سیاسییەوە بەربەرەکانیان لەگەڵ بکا. قانوونی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی ئەمریکا لە ڕێگای تەحریم (کاتسا) ڕۆژی چواری گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی لە مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا پەسەند کراوە و، لە ١١ی گەلاوێژی هەر ئەو ساڵەدا سەرکۆماری ئەمریکا ئیمزای کردوە. لە وڵاتی ئەمریکا هەر پەسندکراوێکی کۆنگرێس بە ئیمزای سەرکۆماری بگا، حوکمی قانوون بە خۆیەوە دەگرێ و ئۆرگانی ئیجرایی کە هەمان دەوڵەتە لە سەری دەبێتە ئەرکێک و دەبێ ڕایپەڕێنێ و، دەوڵەتی ئەمریکا بەرپرسە لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا نێوەرۆکی ئەو قانوونە کە بەدژی ئێران پەسەند کراوە جێبەجێ بکا و؛ لە دژی بەکاریان بێنێ. دەکرێ ئامانجی ئەمریکا لەو قانوونەی بە دژی ئێران لە پێنج خاڵی سەرەکیدا کورت بکرێتەوە: ١) کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتیی خۆیدا بۆ جارێکی دیکە بێنێتەوە سەر مێزی وتوویژ لەمەڕ پرسی ناوەکیی ئێران. ٢) کۆماری ئیسلامی مەهار بکا و، بگەنە ئەو ئامانجەکە ئێران دەست هەڵگرێ لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و هێزە نیزامییەکانی لە وڵاتانی عێراق، یەمەن و سووریە بکێشێتەوە. ٣) زەمانەتی پاراستن و لە ئاکامدا بەڕەسمی ناسینی ئیسڕاییل لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە مسۆگەر بکا. ٤) کۆماری ئیسلامی واز لە دروستکردنی مووشەکی دوورهاوێژ بێنێ کە ئەو مووشەکانە دەتوانن هەڕەشە بن لەسەر وڵاتانی ناوچەکە. ٥) دەست لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەڵبگرێ و ڕێز دابنێ بۆ یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ. ئەمریکا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی خۆی بێجگە لە ڕێکاری سیاسی و دیپلۆماسی بۆ فشار خستنەسەر ئێران، یەک لایەنە ماوەی یەک ساڵە گەمارۆکانی وەگەڕ خستۆتەوە و کۆماری ئیسلامیی تووشی کێشە و گرفتی زۆر، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران کردوە. بەڵام ناساندنی سپای پاسداران بە ڕێکخراو و سپایەکی تێرۆریستی، خۆی هەڵگری چەندین پەیامی قورس و چارەنووسسازە لە سەر داهاتووی ئێران و کۆماری ئیسلامی؛ چونکە ئەگەر هەتا پێش پەسەندکردنی ئەو قانوونە و ڕاگەیاندنی لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، هەموو کات باس لەوە دەکرا کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێراندا، سپایەکی سەرکوتگەری خەڵکی ئێرانە و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش پشتیوانی هێز و گرووپە تێرۆریستییەکانە. بەڵام بە ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی ئەو قانوونە پلەی سپای پاسداران لە پشتگیریی تاقم و گرووپی تێرۆریستی، دەگوازرێتەوە بۆ ڕێکخراوێکی تێرۆریستی و دیاریکردنی سازمان یا ڕێکخراوێک بەناوی تێرۆریستیی بیانی لە ئەمریکا ڕێکارێکی قانوونییە، واتا بە قانوون ڕێک خراوە و ئەو قانوونە ئیزن دەدا بە دەوڵەتی ئەمریکا کە بە دژی ئەو ڕێکخراوەیە کە، کۆمەڵێک سزای لەسەر دابنێ. وەک: گەمارۆی ئابووری، پێنەدانی ویزای ئەمریکا بە ئەندامەکانی و ئەوانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوکاریی ئەو ڕێکخراوەیە دەکەن، دەستبەسەرداگرتنی داراییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە و ئەندامەکانی یا ئەوانەی هاوکاریی دوور ونیزیکی دەکەن، ئەوانەی داراییان لەنێو خاکی ئەمریکادا هەبێ، بەدوادا چوونی قانوونی بۆ ئەو کەسانە کە لە دەرەوەی خاکی ئەمریکا




**[بڕیاری ئەمریکا دەبێ ئەم قەناعەتەی لای وڵاتانی ئۆرووپا دروست کردبێ کە بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانخوڵقێنی و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، پەرەپێدانی توندوتیژی لە نێوخۆی ئێران و ... لە ئاکارە بشێوێن و سەرکوتکەرانەکانی ئەم ڕێژیمە چاوپۆشی نەکەن]**

هاوکاریی ماڵیی ئەو ڕێکخراوەیە دەکەن و... بەپێی قانوونی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی ئەمریکا لە ڕێگای تەحریم (کاتسا) سپای پاسداران دەچێتە خانەی تێرۆریست بوون و، ئەوە دەتوانێ ئەو مانایە بدا کە دەستی دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا ئاوەڵاترە بۆ حەرەکەتی نیزامی، چونکە بەپێی قانوونەکانی دژی تێرۆریزم لە ئەمریکا، هێزە نیزامییەکانی ئەو وڵاتە لە دەرەوەی سنوورەکان و نێوخۆی ئەمریکا بەرپرسن لەمەڕ ئەوەی کە تێرۆر و تێرۆریزم لە ئەمریکا دوور بکەنەوە. سپای پاسداران دوای ڕاگەیاندنی ئەو قانوونە ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە و هەڕەشەیەکە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، هەر بۆیە سپای ئەمریکا دەبێ بەرپەرچی ئەو هەڕەشانە بداتەوە و، ئەوە ئەگەری تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان سپای ئەمریکا و سپای پاسداران زیاتر لە جاران بەهێز دەکا و، لە کاتی ئێستادا ئەگەر ئەنگیزەیەک هەبێ بۆ تێکهەڵچوونی نیزامی، هەم ترامپ و هەم سپای ئەمریکا ترسێکیان نییە لەو بابەتەوە، چونکە ڕەوایییەکی یاساییان لە پشتە. یاسای کاتسا ئەم تەحریمانە لەخۆ دەگرێ: تەحریمی بەرنامەی مووشەکە دوور هاوێژەکان، تەحریمی سپای پاسداران وەک سپایەکی تێرۆریستی بەهەموو بەشەکانیەوە، تەحریمی ئەو کەس و لایەنانەی ڕۆڵ و بەرپرسایەتیان هەیە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، تەحریمی چەکی قورس وەک تۆپخانەی قورس و تانک و تەیارەی شەڕکەر، هەوڵدان بۆ هاودەنگکردنی ئۆرووپا بۆ سەپاندنی گەمارۆکان، کارکردن لەسەر کەیسی ئەو ئەمریکاییانەی لە ئێران دەستبەسەرن. گرینگترین جیاوازیی ئەو گەمارۆ نوێیە ناساندنی سپای پاسدارانە بە سپایەکی تیرۆریستی، چونکە بەپێی هەموو زانیارییەکان سپای پاسداران بێجگە لەوە کە سپایەکی نیزامییە و ماوەی چل ساڵە باسکی بەهێزی کۆماری ئیسلامییە بۆ سەرکوتی خەڵک و، لە سامانی گشتیی ئەم وڵاتە ساڵانە مووچە بۆ خۆی دیاری دەکا، دامەزراوە یان باشتر وایە بڵێین مافیایەکی ئابوورییە و زیاتر لە بیست هەتا چل لە سەدی بازرگانی و ساخت و سازی ئێرانی لەژێر دەست دایە. لە هەمان کاتدا نفووزی خۆی لە ناوچەکەدا پەرە پێداوە و، بۆ ئامانجە تێرۆریستییەکانی لە هیچ حەولێک سڵ ناکا. ئەم بڕیارە لە کاتێکدا دەرچوو کە لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی حوکمی مێژوویی دادگای میکۆنووسدا بووین. ساڵی ١٩٩٧ لە شاری بێرلین لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا کە سێ ساڵ و نیوی خایاند، لوتکەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە بکوژی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ناسێندران. ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ٢٢ ساڵ لەو حوکمە، دەوڵەتی ئەمریکا سپای پاسداران (یەکێکی دیکە لە ناوەندە خاوەن دەسەڵاتەکانی ئەو ڕێژیمە) دەخاتە لیستی ڕێکخراوێکی تیرۆریستییەوە. ئەمە لە پێشدا، یەکەم نیشانەی ئەوەیە کە حوکمی دادگای میکۆنووس لەسەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، حوکمێکی دروست و لەجێدا بووە و، دووهەم ئەوەیە کە دەوڵەتانی جیهان و بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەو قەناعەتە بگەن کە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا، سەرەڕای ئاگاداری لە هەموو دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، پەرەپێدانی توندوتیژی لە نێوخۆی ئێران و ... لە ئاکارە بشێوێن و سەرکوتکەرانەکانی ئەم ڕێژیمە چاوپۆشی نەکەن. لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستییە وەبیر بێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دوای چل ساڵ دەسەڵاتداریی خۆی، ئێستاش وەک حکوومەتێکی ئینقلابی هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە دەرەوەی ئێران عەمەل دەکا و، سپای پاسداران کە کۆڵەکەی ئەسڵیی نیزامی کۆماری ئیسلامییە و، باڵی بەڕێوەبەریی ئەو ستراتیژییەیە کە لە پێشەکیی (... شۆڕشی ئێران جووڵانەوەیەک بوو بۆ سەرکەوتنی تەواوی زوڵم لێکراوان، بەسەر زاڵماندا و کۆماری ئیسلامی بەستێنی ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئامادە دەکا ...) و، ئەوە هەمان ستراتێژیی هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کە سپای پاسداران ڕۆڵی سەرەکی پێ بڕاوە. دواوتە هەتا ئەو یاسا بنەڕەتییە واتە ستراتێژیی هەناردەکردنی شۆڕش بەردەوام بێ و، نیزامێکی سیاسیی دەسەڵاتدار کە باوەڕی بە هەناردەکردنی ئیدۆلۆژی و باوەڕەکانی خۆی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هەبێ، ناکرێ چاوەڕوانیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و خۆ گونجاندن لەگەڵ نەزمی جیهانی لێ بکرێ.

# تێڕامانێک لە چەمکی نەتەوەسازی



حەسەن شێخانی

بە مانایەک دەتوانین بڵێین کە سۆبژە (زەین، بکەری ناسێنەر) و ئۆبژە ("عین"، شتێک کە لە دەرەوەی زەینی ئێمە و سەربەخۆ لە زەینی ئێمە هەیە) و پێوەندیی نێوانیان بنەمای بیر و هزری فەلسەفی پێک دێنن. پێوەندی سۆبژە و ئۆبژە زۆر باس هەڵدەگرێ؛ ئایا سۆبژە و زەین ڕەنگدانەوەی ئۆبژەن؟ ئایا ئۆبژە و دنیای دەرەوەی زەینی ئێمە، دروستکراوی زەینی ئێمەن و لە خۆیاندا (فی نفسه) بوونیان نییە؟ ئایا سۆبژە لە دروستکردنی ئۆبژەدا بەشدارە؟ ئەم پرسیارانە ناوک و کرۆکی ئەم باسە پێک دێنن.

لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا، کە لە دێکارتەوە دەست پێدەکا و لە کانتدا بە لووتکە دەگا، ئەم باسە لە دوالیزم و دووانەی سۆبژە و ئۆبژەدا دەردەکەوێتەوە. بەڵام بەگشتی لە فەلسەفەی هاوچەرخدا ئەم جیاکاری و دووانەیە نامێنێ و پێوەندییەکی دووسەرە و دیالکتیکی لەنێوانیاندا وێنا دەکرێ؛ بەم مانایە کە سۆبژە و ئۆبژە دروستکەر و دروستکراوی یەکترن. هیچ کامیان بە ڕەهایی نە دروستکەرە و نە دروستکراو؛ بەڵکوو هەرکامیان هەم دروستکەری ئەویترن و هەم دروستکراو. فەلسەفەی هاوچەرخ ئۆبژێکتیڤیتە ("عینیت"، بەرهەست بوون)ی جیهان و شتەکانی ناوی، ئینکار ناکا، بەڵام سۆبژە و زەینیش لە دروستکردنیاندا بە بەشدار و کاریگەر دەزانێ. لە ڕاستیدا ئۆبژە و دنیای دەرووەی زەینی ئێمە، بە زەینی ئێمەدا تێپەڕ دەبن و خەسڵەت و ڕەهەندێکی گوتاری و دیسکۆرسیڤ، وەردەگرن. بە کورتی ئەم گۆڕان و گوورانە لە فەلسەفەی هاوچەرخدا لەسەر گۆشەنیگا و ئاسۆی ڕوانینی مرۆڤەکان بۆ جیهان و دیاردە و ڕووداوەکان کاریگەریی زۆری داناوە و لەڕاستیدا پێگە و شوێنی تێڕامان و ڕوانینی مرۆڤی دەستکاری کردوە و گواستوویەتەوە.

بە دەربڕینێکی ڕوونتر، دوالیزمی سۆبژە و ئۆبژە یان ئیدە و ماددە لە چوارچێوەی چەمکەکانی ئیدەئالیزم و ماتریالیزمدا دەرکەوتوە. لە ئیدەئالیزمدا شتەکان (ماددە) لە ئیدە، زەین و ئەندێشەوە دەست پێدەکەن؛ بەم واتایە کە لە سەرەتاوە ئیدە هەبووە و ماددەی ئافراندوە. ئیدە دەستپێک و سەرچاوە و بەرهەمهێنەری ماددەیە؛ بەڵام لە ماتریالیزمدا ماددە، ئیدە و زەین و ئەندێشە دەخوڵقێنێ. لە یەکەمیاندا ئیدە بنەمایە و لە دووهەمیاندا ماددە. ئەم دوالیزمە لە ئیدەئالیزمی ئەفلاتون و هێگێل و ماتریالیزمی مارکسیستیدا دەردەکەوێ و خۆی دەنوێنێ، بەڵام هەروەک گوتمان پێوەندیی نێوان ئەو دووانە ڕێژەیی و دیالکتیکی و دووسەرەیە؛ یەکیان بنەما و ژێرخان نییە و ئەوی دیکە سەرخان؛ لەسەر یەکتر کاریگەرن و لە دروستکردن و شکڵدان بە یەکتردا بەشدارن. سۆبژە لەنێو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکاندا شکڵ دەگرێ و لەسەر وانیش باندۆر دادەنێ و دەیانگۆڕێ. سۆبژە و ئۆبژە لێک جیا نین و تێکچڕژاو و لەنێو یەکدان. لە ژێر تیشکی ئەم باسەدا، دەتوانین بڵێین نە دیدێکی ئۆبژێکتیڤ و عەینی و ماددی بۆ نەتەوە دروستە و نە دیدێکی سۆبژێکتیڤ و زەینیی ڕووت. نە نەتەوە لە هیچەوە و بەبێ هەبوونی ماتڕیاڵ بنیات دەنرێ و شکڵ دەگرێ، نە خۆبەخۆ و بەبێ دەستێوەردان و بەشداریی زەین و هوشیاری و ئیرادەی ئێمەش دەتوانێ هەبێ. لەنێوان ڕەگەزە ئۆبژێکتیڤ (عینی)ەکانی نەتەوە (زمان، کولتوور، مێژوو و شوێنی جوغڕافیی هاوبەش) و سۆبژە و زەینی دروستکەری نەتەوەدا، پێوەندییەکی دووسەرە و دیالکتیکی هەیە؛ لە ڕاستیدا خودی نەتەوە سەنتێزی ئەو دیالکتیک و پێوەندییە دووسەرەیە. لە نەبوونی ئەم دیالکتیکەدا، چەمک و دیاردەیەکمان بە ناوی نەتەوە نییە؛ ئەوەی هەیە کۆمەڵێک ماددەی خاوی پرشوبڵاوی بێ پێناس و شوناسن. سۆبژە و هوشیاریی مرۆڤە کە "ڕەگەزە ئۆبژێکتیڤەکانی نەتەوە"، کە وەک ماددەی خاون، ڕێک دەخا و نەزمیان پێ دەدا و پێوەندییەکی مانادار لە نێونیاندا دروست دەکا و پێناسەی یەکگرتوو و شوناسبەخشیان پێ دەبەخشێ. واتا سۆبژە بەپێی نەخشە و هوشیارییەکی زەینی، بەو کەرەستانەی لەبەر دەستن، نەتەوە بینا دەکا؛ لێرەدا لە مێتافۆڕی بینا کەڵک وەردەگرین. بەم جیاوازییە کە نەتەوە بەپێچەوانەی بینا زیندوو و بگۆڕ و دینامیکییە. ڕەگەزە ئۆبژێتیڤەکانی نەتەوەش بەپێچەوانەی کەرەستەی بیناسازی، بێ ڕوح نین؛ پێکهاتەیەکی عەقڵانیی کۆمەڵایەتی و مێژووییین و، دەگۆڕێن و دەگوورێن و وەک باخچەیەک بەردەوام پێویستیان بە پارێزگاری و پێڕاگەیشتن و بژارکردنی بەردەوام هەیە. نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی لەلایەن سۆبژەی دروستکەرەوە ساز دەکرێن؛ ماددەی خاو لە دەرەوەی سۆبژە و خۆبەخۆ، شوناس و شوناسبەخش نییە. هەروەک چۆن کەرەستەکانی بیناسازی، هەتا بەپێی نەخشە لەسەر یەک دانەنرێن و بە شێوەیەکی مانادار پێکەوە پێوەند نەدرێن، ساختومانیان پێ ناگوترێ، ڕەگەزە ئۆبژێکتیڤەکانی نەتەوەش هەتا لەلایەن سۆبژەوە ڕێک نەخرێن و پێوەندییەکی مانادار لە نێوانیاندا دروست نەکرێ، خۆبەخۆ و ئۆتۆماتیکی شوناسی نەتەوەییان پێ ناگوترێ. نەتەوە چەمکە، مەفهوومە، پارامێتری ماددی و عەینی هەن، بەڵام فۆڕماسیۆن (صورتبندی) و ڕێکخستن و دروستکردنی پێوەندیی مانادار لەنێوان ئەو پارامێترانەدا و دواتریش ئاگالێبوونی بەردەوامی، کاری زەین و هوشیاری و ئیرادەی ئێمەیە. کەواتە بەم شیکردنەوەیە نەتەوە دروست دەکرێ، بەڵام لە هیچەوە و لە بۆشاییدانا، بەڵکوو لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتۆری ماددی و



[بەبێ دەوڵەت پرۆسەی بەنەتەوەبوون "کامڵ" نابێ. ئەم ئیدیعایە بەتایبەت لەسەر ئەو نەتەوانە دروستە، کە پارچەپارچە و کەرتکەرتن و پێویستییان بەوە هەیە دەوڵەت وەک باخەوانێک ڕێکیان بخا، هاوبەشییەکانیان بخەملێنێ و تیۆریزەیان بکا و، هارمۆنی و هەماهەنگییان لەنێواندا پێک بێنێ]

عەینی. زەین و هوشیاریی (نەتەوەیی) وەک پێوەندیدەر و مانابەخش، ڕەگەزە ئۆبژێکتیڤەکانی نەتەوە پێکەوە پێوەند دەدا و نەتەوەیان لێ دروست دەکا؛ هوشیاریی نەتەوەیی لە خۆڕا و لەسەر بۆش دروست نابێ و ئەو ڕەگەزە ماددیانەش لە دەرەوەی فاکتۆری هوشیاری و ئیرادەدا، وەک ئەو کەرەستە ساختومانییە وان، تا لەسەرێک دانەنرێن و بەشێوەیەکی مانادار ڕێک نەخرێن، ساختومانی نەتەوەیان پێ ناگوترێ. لەلایەکی دیکەش مەگەر ناڵێین چەمکی نەتەوە، مەفهوومی نەتەوە، هەر کە دەڵێین چەمک و مەفهووم، واتا نەتەوە ڕەهەند و خەسڵەتێکی گوتاری و زەینی وەردەگرێ، واتا لە نەبوونی هوشیاری و بەشداریی زەیندا، نەتەوە بوونی نیە. بە دەربڕینێکی دیکە نەتەوە دیاردەیە (فینۆمێنە)، شتێک نییە خۆبەخۆ بوونی هەبێ (نۆمێن نیە)، بوونی نەتەوە بە چۆنیەتیی دیتن و مامەڵەی زەینیی ئێمەوە گرێدراوە؛ پێوەندی هەیە بەوەی چۆن خۆمان دەبینین و ئەزموون دەکەین. کاتێک دەڵێین نەتەوە دروست دەکرێ، واتا لە سەرەتاوە نەبووە و لە ڕەوتێکی مێژووییدا دروست دەبێ. بێجگە لەوەش هەتا فاکتۆرە ئۆبژێکتیڤەکانی نەتەوە لە لایەن زەینەوە بە شێوەیەکی هوشیارانە ڕێک نەخرێن و پێوەندییەکی مانادار لەنێوانیاندا دروست نەکرێ، نەتەوە ساز نابێ. ئەوە تێگەیشتنی مرۆڤە کە لەنێوان جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵە مرۆڤێکدا، هاوبەشییەکان دەدۆزێتەوە و دەیانکاتە بنەمای شوناس و ناسنامەیەکی دیاریکراوی نەتەوەیی. نەتەوە بوونێکی مێژوویی هەیە، واتا بوونێکی ستاتیک و نەگۆڕ نیە و بەردەوامیش پێویستی بە پاراستن و ئاگالێبوون هەیە. نەتەوە وەک باخچەیەک وایە کە پێویستی بە باخچەوان هەیە تا پەرژینی بکا (بیپارێزێ)، ڕێکی بخا و بژاری بکا. دەوڵەت ڕۆڵی ئەو باخچەوانە دەگێڕێ. نەتەوەی بێ دەوڵەت وەک باخچەیەکی پەرژین نەکراوی نەپارێزراوە، کە شتی زیادە و زیانمەندی لەنێودا دەڕوێ و بژار ناکرێ. بۆیە دەتوانین بڵێین کە بەبێ دەوڵەت پرۆسەی بەنەتەوەبوون "کامڵ" نابێ. ئەم ئیدیعایە بەتایبەت لەسەر ئەو نەتەوانە دروستە، کە پارچەپارچە و کەرتکەرتن و پێویستییان بەوە هەیە دەوڵەت وەک باخەوانێک ڕێکیان بخا، هاوبەشییەکانیان بخەملێنێ و تیۆریزەیان بکا و، هارمۆنی و هەماهەنگییان لەنێواندا پێک بێنێ. لە سەردەمی ئەمڕۆدا و لەژێر تیشکی فەلسەفەی هاوچەرخدا، کە فەلسەفەیەکی سۆبژەتەوەرە، پێداگری لەسەر ڕەهەندی زەینیی نەتەوە دەکرێ؛ ئەوەی کە تاکەکانی نەتەوەیەک چۆن لە خۆیان دەڕوانن، چەندە خەون و خولیای هاوبەشیان هەیە و هەست بە هاوچارەنووسی دەکەن. نەتەوەبوون پێوەندی بە هەست و هوشیاری و چۆنیەتیی خۆپێناسە کردنەوە هەیە؛ تەنانەت مانەوەی نەتەوەش گرێدراوە بەوەی کە، تاکاکەکانی ئەو نەتەوەیە بەردەوام خۆیان وەک نەتەوە ببینن و پێناسە بکەنەوە. کورتەی قسە ئەوەیە نەتەوە دروست دەکرێ و کە دروستیش بوو، بوونێکی ئەبەدی نییە؛ بەڵکوو پێویستی بە دەنگدانێکی بەردەوام بە خۆت وەک (تاکی) نەتەوەیەک هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە دروستبوون و بەردەوامیی نەتەوە، پێویستی بە بوون و مانەوەی ناسیۆنالیزمەوە هەیە. ناسیۆنالیزم وەک سیستمێکی مانایی هەم نەتەوە دروست دەکا و هەم دەشیپارێزێ. هەر کاتێک ناسیۆنالیزم وەک دروستکەر و خەملێنەری نەتەوە بوونی نەما، نەتەوەش بوونی نامێنێ. لەوانەیە ئەم قسەیە وا لێک بدرێتەوە کە پرۆسەی نەتەوەبوون کامڵ بوو و لە دەوڵەتدا فۆڕمی گرت و جێگیر بوو، ناسیۆنالیزمیش نامێنێ. بەپێچەوانەی ئەم لێکدانەوەیە، ناسیۆنالیزم وەک بیر و ئەندیشەیەک ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە و لە فۆڕمی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ؛ ناسیۆنالیزم تەنیا لە دەوڵەتخوازیدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو بەگشتی لە پارێزگاری لە وڵات و کارکردن بۆ بەرەوپێشچوونی نەتەوەدا درێژەی دەبێ؛ واتا کە دەوڵەتیش دروست بوو، ناسیۆنالیزم لە فۆڕمی دیکەدا دەردەکەوێ و درێژەی دەبێ. ڕەنگە بە کامڵبوونی پرۆسەی نەتەوەسازی، ناسیۆنالیزم وەک بیری نەتەوە_دەوڵەتساز، نائەکتیڤ بێ، بەڵام هەرکات هەڕشەیەک ڕووبەڕووی نەتەوە بۆوە، وەک پشکۆی بن خۆڵەمیش دەگەشێتەوە. بێجگە لەوەش هەروەک گوترا نابێ لە زاراوەی "کامڵ بوون"، ئەم مانایە وەرگیرێ، کە نەتەوە دروست بوو، بە ئەبەدی دەبێ و تا هەتاهەتایە هەر دەمێنێ. نەتەوە بوونێکی زیندوو و دینامیکییە و گۆڕانی تێدا پێک دێ؛ بۆیە بەردەوام پێویستی بە مشوور لێخواردن و پارێزگاری هەیە. بێجگە لەوە مانەوەشی گرێدراوی خۆ بەنەتەوە زانینی بەردەوام و "ڕیفراندۆمی ڕۆژانە" هەیە. لە کوێدا لەم ڕیفراندۆمە دەنگی نەخێر درا و خۆت بە نەتەوەیەکی دیاریکراو نەزانی، ڕەهەندی سۆبژێکتیڤ و زەینیی نەتەوەت لێ زەوت کردوە و نەتەوەبوونی خۆت هێناوەتە ژێر پرسیار.

# ئاڵتێرناتیو، کاتالیزۆرێک بۆ هەڵدێر



مەنووچێهر پۆردڵ

وا وێدەچێ دۆخی «نە وتوویژ نە شەڕ» کە لە تەواوی ئەم ساڵانەی پاش شۆڕشی گەلانی ئێراندا، بۆتە دوکتورینی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی، چیتر نەتوانێ خۆی لە هەمبەر دیپلۆماسیی ستراتیژیی زۆرینە کردنی گوشاری ئەمریکا بۆ سەر ئەم وڵاتە ڕابگرێ و ڕەنگە ئەگەر ئاوڕێکی جدیتر لە لایەن ئیدارەی ترامپەوە بدرێتەوە سەر ئەم دۆخە، بالانسەکە یان تێک بدا یان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی بەسەر بێنێ.

کاتالیزۆری گۆڕینی ئەو هاوکێشەیەی کۆماری ئیسلامی، دەیان ساڵە چاوی هومێدی تێ بڕیوە خستنی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی وەک گرووپێکی چەکداری تێرۆریستی بوو، بۆ لیستی تێرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە لایان دۆناڵد ترامپەوە. ئەمە بێ هیچ شک و گومانێک گەورەترین زەبری گورچووبڕە کە تا ئێستا بەر کۆماری ئیسلامی کەوتبێ!

ئەگەر لە هڕوگیفەکان و هەڕەشە بێبنەماکانی کۆماری ئیسلامی چاوپۆشی بکەین لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی قایلە بە پاراستنی ئەم دۆخەی ئێستای و تەنانەت نەوی کێشان لە هەمبەر داخوازییەکانی ئەمریکا. کۆماری ئیسلامی ئێستا لە خراپترین دۆخی خۆی دایە لە هەموو بوارێکەوە: دارماویی کۆمەیەلاتی، ئابووریی وێران، ناڕەزایەتیی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ... هەمووی ئەوانە لە نێوخۆ پتانسییەلی بەرەو هەڵدێر بردنی کۆماری ئیسلامییان ئامادە کردوە، بێگومان دۆخی سیاسیی ئێران لە دەرەوەی وڵاتیش کارەساتبارە، هەر دوور نەڕۆین چەند ڕۆژ لەوەپێش یەکیەتیی ئورووپاش گەمارۆکانی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ٢٠١١ـەوە بەسەر ئێراندا سەپاوە تا ساڵی ٢٠٢٠ درێژە پێدا.

هەر بۆیە کاتێ کۆی لێدوانەکانی ترامپ و تیمەکەی، پۆمپیئۆ، جان بۆڵتۆن و برایان هۆک، نوێنەری وەزارەتی دەرەوە لەبارەی ئێران و هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی (بەدەر لە ساتوسەودا ئابوورییەکانیان) و بۆچوونی بەشی زۆری وڵاتانی ناوچە سەیر دەکەین سەرجەمیان گوزارە لەوە دەکەن کە ئێران گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی.

دیارە بۆ ئەوەی سپای پاسداران بخرێتە لیستی تێرۆرەوە دەمێک لەوە پێش ئامادەکاری بۆ کرابوو و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و باڵی توندئاژۆی کۆماریخوازەکان لە سەر ئەم بڕیارە شوێندانەر بوون. بێگومان دەوری وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش، مایک پۆمپیئۆ یەکجار کاریگەر بوو. ئەو تەنانەت لە قسەکانیدا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و لە هەمان کاتدا ڕاستگۆیانە دەڵێ دەستی کۆماری ئیسلامی و سپاکەی سوورە بە خوێنی سەربازانی ئەمریکایی. ئەمەش یەکەم جارە لە مێژوودا کە هێزی چەکداریی فەرمیی وڵاتێک بخرێتە لیستی تێرۆرەوە و لە ڕوانگەیەکەوە دەکرێ وەک شەرمەزارییەکی سیاسی بە نێوچاوانی دەسەڵاتدارانی سیاسیی کۆماری ئیسلامییەوە سەیر بکرێ و لە ئاستی نێونەتەوەییشەوە باجێکی قورس پرێستیژی بەدوادا بێ، و دواجار ئەمانە هەموو کارتێکەریی تایبەت بە خۆی هەیە لەسەر دۆخی ئابووریی وێران و دۆخی سیاسیی ئاڵۆزی ئەم وڵاتەدا.

بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا قوت دەبێتەوە بریتییە لەمە کە، بە شێوەیەکی ئاکامخوازانە چۆن دەتوانێ ئەم کارەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەسکەوتێکی بەرهەستی بۆ گەلانی ئێران و داهاتووی ئەم وڵاتە هەبێ؟

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا دوو دەستەواژەی maximum pressure minimum results لە لایان هەندێ چاودێری سیاسییەوە بەردەوام دەکار دەکرێن و پێیان وایە ستراتیژیی زۆرینە کردن و بەوپەڕی خۆی گەیاندنی گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، کەمترین ئاکام و دەسکەوتی بووە و هەیە و دۆخی پێشتر باسکراو واتە «نە وتوویژ و نە شەڕ» وەک خۆی دێڵێتەوە و ڕەنگە ئەمەش وەک ساڵانی ڕابردوو هەر بە قازانجی کۆماری ئیسلامی بێ و گوشاری لە ڕادەبەدەری بۆ خەڵک لێ بکەوێتەوە، بۆیە مادام ئەمریکا بۆشایی ئاڵترناتیو بە ئۆپۆزیسۆنێکی هەمەگیر پڕ نەکاتەوە چی بۆ ناچێتە سەر و وەک دەڵێن گوشارە تازەکانیش لەباری کردەییەوە چی لێ شین نابێتەوە.

خۆ ڕاستە نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی ئێران و دیار نەبوونی قورسایی و بارستاییان ئەمریکای تووشی ناهومێدی و سەرلێشێواوی کردووە، بەڵام لە بیرمان نەچێ لە عێراق کاتی خۆی کۆنفڕانسی موعارێزین لە لەندەن کە هەموو هێزەکانی دژی سەدامی لە خۆ دەگرت وەک کوردەکان، سونییەکان و شیعەکان بە هۆی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەک حکوومەتی کاتیی ئینتیقالی دەسنیشان کرا و، سەرەڕای پڕشوبڵاوی و جیاوازییەکانیان ئیجماعێکی ڕێژەیی ساز کرا، هەرچەند نکوڵی لەوەش ناکرێ کە هێزەکانی عێراق ڕێکخراوەتر بوون، بەڵام بەهەر حاڵ ئەمریکا ئەزموونێکی سەرکەوتووی هەبووە بۆ سازکردنی ئاڵترناتیو، بۆیە ئەگەر دەیەوێ کۆماری ئیسلامی بە یەکجاری یەکلا کاتەوە دەبێ ئەم ئاڵترناتیوە گشتگیرە ساز بکا و؛ لە هەمان کاتیشدا دەست لە تێزی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم هەڵگرێ، تێزێک کە تا ئێستا جوابی نەداوەتەوە.

ڕەنگە وەک قسەی کۆتایی وەبیر خستنەوەی ئەم خاڵە پێویست بێ کە کورد دەمێ ساڵە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی وەک تێرۆریست ناساندووە و لە هەمان کاتیشدا بۆتە قوربانی دەستی تێرۆری ئەم جەماعەتە چەکدارە لە دەرەوە و لە نێوخۆی وڵات، بۆیە ئەمەش دەتوانێ ببێتە سەرەتای گیرساندنی پەیوەندەییەکی تۆکمەی کورد لەگەڵ ئیدارەی ترامپ، بە مەرجێ دیپلۆماسییەکی چالاکی لەم وڵاتە هەبێ و بوێرانە بە دەسەڵاتی سیاسیی ئەمریکا بڵێ خۆشحاڵین کە پاش چل ساڵ ئێوەش گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئێمە کە سپای پاسداران، هێزێکی تێرۆریستییە، وەک خۆیان دەڵێن: Late is better than never.

# بەتێرۆریست دانانی سپای پاسداران لەلایەن ئەمریکا، وڵامی حدک دوای چل ساڵ



ژیوار ڕەسووڵی

بڕیاری بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن ئەمریکا، هەموو لایەکی شۆک کرد کورد نەبێ. گەشبینترین کەس و لایەنەکانی نێوخۆی ئێران پێیان وانەبوو کە کۆشکی سپی هەموو هەیکەلی سپای پاسداران بەتێرۆریست دادەنێ، لە نێوخۆی ئەمریکاش تەنانەت کۆمارییەکانیش پێیان وانەبوو کە دۆناڵد ترامپ هێزێکی فەرمیی وڵاتێک کە لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتەکەدا ناوی هاتووە وەکوو تێرۆریست ناوزەد دەکا. هەربۆیە ئەگەرچی هەفتەیەک پێشتر ئاژانسی ڕۆیتەرز ئەو ئەگەرەی لەسەر زاری سەرچاوەیەک بڵاو کردبۆوە، بەڵام کەم کەس پێی وابوو ئەمریکا ئەو کارە بکا، بەڵام جان بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئەمنیەتی نیشتمانی و مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوە و برایان هۆک بەرپرسی دۆسییەی ئێران لە کۆشکی سپی توانیان دۆناڵد ترەمپ ڕازی بکەن کە ئیتر سپای پاسداران وەکوو تێرۆریست بناسێنێ، ڕاوێژکارەکانی ترامپ کاریان لەسەر سۆز و هەستی ناسیۆنالیستیی دۆناڵد ترامپ کرد بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە بدا، ئەوان ڕایانگەیاند کە لە ساڵانی ڕابردوودا ٦٠٣ سەربازی ئەمریکایی لە لایەن سپای پاسدارانەوە کوژراون و بەو بەڵگانە هیچیان تێدا نەهێشتەوە و، لەمەو بەدوا لەلای ئەمریکاییەکان سپای پاسداران و داعش لە یەک ڕیزبەندی دان.

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران سپای پاسداران لە لایەن ڕوحوڵلا خومەینی بۆ ئەوە دامەزرا کە بە گوتەی خۆیان پارێزگاری لە شۆڕش بکا، بەڵام ماهیەتی سپای پاسداران ئەو کات بۆ ئاراستەکردنی شۆڕشەکە بەرەو کۆماری ئیسلامیی ئێران و جێگیرکردنی ویلایەتی موتڵەقی فەقیهـ لەلایەک و هاوکات سەرکوتکردنی بزووتنەوەکانی دیکەی بەشداربوو لە شۆڕشەکەدا بوو، لە مارکسیست و لیبراڵەکانی تارانەوە بگرە هەتا ئازادیخوازەکانی کوردستان. لە ٧-ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ یەکەم کۆبوونەوە بۆ دامەزراندنی سپای پاسداران ئەنجام درا، بارەگای ساواکی کۆن لە شەقامی سەڵتەنەت ئاباد (پاسدارانی ئێستا) کرایە شوێنی نوێی سپای پاسداران، لەڕاستیدا گونجاوترین شوێن بۆ سپای پاسداران هەر شوێنە کۆنەکەی ساواک بوو، چونکە دواتر دەرکەوت کە سپای پاسداران ڕووی ساواکی خوێنڕێژ و خوێنمژیشی سپی کرد.

بڕیارەکەی ئەمریکا بە چەندین هۆکاری مێژوویی، سیاسی و ئینسانی لای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دڵخۆشکەر بەڵام نوێ نەبوو، چونکە کوردەکان لە یەکەم چرکەساتی دامەزراندنی «سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی»ی ئێران، دژی ئەو ڕێکخراوە میلیشیایە وەستانەوە کە ئەرکی سەرەکیی لەنێوبردنی دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، جا دژبەرەکان چەکبەدەست بووان یان سیاسی و مەدەنی و تەنانەت ئەدیب و ژینگەپارێزیش. یەکەم ئەزموونی سپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە کوردییەکانی دیکە بوو. شەڕی سێ مانگەی کوردستان، کوشتاری قارنێ و کوشتاری مەهاباد و بەتایبەت ئێندرقاش بەڵگە حاشا هەڵنەگرەکانی تێرۆریست بوونی سپای پاسدارانن. دوای ئەویش لەسێدارە دانی هەزارانکوردی چەکدار و بێچەک لە نێوخۆی کوردستان و ئێران، هەروەها تێرۆرکردنی دکتور قاسملوو، د. شەرەفکەندی و سەدان تێکۆشەری کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەڵگەی حاشاهەڵنەگری تێرۆری نێودەوڵەتی سپای پاسدارانن، هەموو ئەو بەڵگەنامانە ڕادەستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆنگرێسمان و سیناتۆرە ئەمریکاییەکانیش کراون.

لە چل ساڵی ڕابردوودا حەفازەت و ئیتلاعاتی سپای پاسداران لەهەموو سەرکوت و کوشتارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بوون، سەرجەم ئەو کەسانەی گیراون و لەسێدارە دراون لەلایەن سپای پاسدارانەوە بووە، هێزی بەناو سنوورپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەر بە سپای پاسداران و دارودەستەکانیان بوون کە سەدان کۆڵبەریان کوشتووە، لەسەرکوتکردنی خۆپێشاندانەکانی کوردستان لە ئیلامەوە هەتا ماکۆ سپای پاسداران ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، لەهەموو ڕێگەیەکیشەوە هەوڵی برسیکردنی خەڵکی سەرسنووری داوە بۆ ئەوەی لە پێناو داهاتێکی کەم کەلک لە برسییەتی هەندێک کەس بۆ بە پاسدار و بەسیج کردنیان وەردەگرێ، هەموو ئەو پێشێلکارییانەی سپای پاسداران چ لەڕووی مەدەنی و مافی مرۆڤەوە چ لەڕووی سەربازی و ئاژاوەنانەوە لە ئێران و دەرەوە لەلایەن ناوەندە دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە تۆمارکراون و ڕادەستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کراون.

لە دوایین کردە تێرۆریستییەکانی سپا، مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات بوو، ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەم جان بۆڵتن ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکادا هەبوون، مووشەکباران کردنی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێکی دیکە لەو بەڵگە حاشاهەڵنەگرانە بوو کە هەر زوو نیکی هەیلی، نوێنەری پێشووی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بردییە بەردەم شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەناویش ،ناوی سپای پاسدارانی هێنا کە ئەو مووشەکبارانەی کردووە، لەو بوارەدا دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا.

کەواتە لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتەوە چل ساڵە سپای پاسداران هۆکاری ناسەقامگیریی ئێران و ناوچەیە، هۆکاری سەرەکیی نەهێشتنی ڕای جیاواز و دێموکراسییە، ئامرازی سەرەکیی سەپاندنی ویلایەتی موتڵەقی فەقیهـ و یەکدەست و یەکڕەنگکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێرانە، هەر بۆیە لە یەکەم ڕۆژدا حیزبی دێموکرات دەنگی بە ڕەوایی دان بە کۆماری ئیسلامی نەدا کە پارێزەرەکەی سپای پاسداران بوو.

# نفوزی تێرۆریستیی ئێران لە ڕۆژئاوا دەکرێ چی لەگەڵ بکرێ؟



سارا کارتەر
و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور




سەرۆککۆمار ترامپ سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانی ناساند. ئەو کارە دەبوو زووتر کرابا. سپای قودس خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەدەرەوەی ئامریکا کردۆتە ئامانج و یارمەتی دارایی، ئەندام و کەرەستەی بۆ ڕێکخراوی تێرۆریستیی کە لە چوار گۆشە دنیادا قوتی کردوونەوە دابین کردوە.

سپای پاسداران بە شێوەیەکی پەرەئەستێن دەوری سەرەکیی لە پەرەپێدانی نفوزی ئێران لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەبووە و لە بواری جوغرافیاییەوە خۆی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نزیک کردۆتەوە. ئەو تاقمە تێرۆریستییە بە هەمان شێوە بۆتە بەشێکی جیانەکراو لە کردارەکانی دەوڵەتی ئێران دژی نزیکترین هاوپەیمانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئیسرائیل، و ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە بەرپرسی ڕاهێنانی ڕێکخراوی تێرۆریستیی تاڵەبان لە ئەفغانستانە بۆوەی هێزەکانی ئامریکایی بکوژن. بە گوتەی پسپۆڕان، ئەو هەنگاوە نوێیەی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ گوشار دەخاتە سەر ڕێژیمی ئێران و هەروەها ئەو وڵاتانەی کە هەوڵی بێ ئاکامکردنی ئابلۆقەکان بدەن.

ڕۆژی دووشەممە سەرۆک کۆمار ترامپ لە لێدوانێکدا لە کۆشکی سپی گوتی: «ئەو هەنگاوە کە یەکەم جارە، و وەزارەتی دەرەوە بەڕێوەی دەبا، ئیعتراف بەو ڕاستییە دەکا کە ئێران نە تەنیا پشتیوانی دەوڵەتیی تێرۆریزمە، بەڵکوو سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی بەشدارە لە دابین کردنی دارایی و برەودان بە تێرۆریزم وەک ئامرازی دەوڵەتداریی. سپای پاسداران کەرەستەی سەرەکیی دەوڵەتی ئێران بۆ بەڕیوەبەریی و ئەنجامدانی هەڵمەتی تێرۆریستیی جیهانییە.»

بەڵام هەندێک کاربەدەستی هەواڵگریی لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەڕێوەبەرایەتی ترامپ پێویستە هەنگاوێک زیاتر باوێ و بەڕێوەبەرانی سپای پاسداران و دەزگای هەواڵگریی ئێران وەک تێرۆریست بناسێنێ.

## بێگومان سپای پاسداران ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە

ئێران گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی لە جیهانە و بە تێرۆریست ناسێنرانەکە یەکەم هەنگاو بۆ کەمکردنەوەی هەوڵەکانی ڕێژیمە لە سەرانسەری جیهان. ئەندامی ناسراوی کۆمیسیۆنی هەواڵگریی کۆنگرە، سەر بە حیزبی کۆماریخواز، دیڤین نونێز، زۆر دەمێکە کە پێداگر بووە کە سپای پاسداران هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئاسایشی جیهان. جگە لەوە، ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە کەرەستە، ڕاهێنان و پشتیوانی دارایی دەداتە ڕێکخراوی تێرۆریستی لە ئەفغانستان و عێراق کە هێزەکانی ئێمەیان لەدەروەی وڵات کوشتووە.

نونێز بە ماڵپەڕی سارا کارتەری ڕاگەیاند کە ئەو پشتگیریی لە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەکا، کە هەر کەسێک کە مامەڵە لەگەڵ سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بکا تووشی مەترسیی لێپرسینەوە لە لایەن سیستەمی دادوەریی ئامریکا لەبەر یارمەتیدان بە تاقمێکی تێرۆریستیی دەبێتەوە. ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە: «سپای پاسداران بێگومان ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانییە، من نازانم چۆن ئەوە بۆ مشتومڕ دەبێ؟»

بە گوتەی جیم فیلیپس، لێکۆڵەرێکی پایەبەرزی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دامەزراوەی هەریتێج، ئەو بڕیارە بۆ مشتومڕ نابێ. فیلیپس ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو دیاریکرانە یارمەتی بە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکا تا ئابلۆقەی ئابووری بەسەردا بسەپێنێ.

فیلیپس گوتی: «دیاریکرانی سپا وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی ئابلۆقە داراییەکان دژی سپای پاسداران و سەرجەم لایەنی بیانیی کە لەگەڵیدا یا لەگەڵ کۆمپانیاکانی سەر بە ئەوان مامەڵە دەکەن خێرا دەکا، ئەوە دەبێتە هۆی وێشککردنی سامانەکانی سپای پاسداران کە دەنا بۆ پشتگیریی بەرنامەکانی خۆی یا ڕایەڵە تێرۆریستییەکانی سەر بە خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێ. ئاکامی کۆتایی ئەوە دەبێ کە ئامرازی زۆرتر بخاتە بە دەرست بەڕیوەبەرایەتی ترامپ تا بتوانێ ئەوپەڕی گوشار بخاتە سەر ئێران.»

فیلیپس جەختی کردەوە کە جگە لە ئێران، «ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین زەرەر لە ئابلۆقە نوێیەکان دەکەن عێراق، سورییە، لوبنان و تورکیە دەبن چونکە پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ تاران بەردەوامە. بەڵام، من گومانم لەوەدا هەیە کە هەرکام لەو وڵاتانە بە ویستی خۆیان بیانهەوێ ملکەچی ئەو ئابلۆقانە بن.»

## ئێران لە ڕۆژئاوای گۆی زەوی

لێکۆڵینەوەی ورد لە بارەی ئاکارەکانی ئێران لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠١٥دا بۆ کۆمیسیۆنەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا باسیان لێوە کراوە. سکات مادیڵ، ڕاوێژکارێکی پایەبەرزی ناوەندی ستراتێژیک و لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی باسی تەشەنەکردنی ترسناکی سەربازی و هەواڵگریی ئێران لە ناوچە و دەوری سەرەکیی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی دەکا.

ئەوە سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، باڵی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان، واتە سپای قودس، وەزارەتی ئەمنییەت و هەواڵگریی ئێران، بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی ئێران، کە ناسیاوترینیان حیزبوڵڵای لوبنانە، ڕایەڵەیەکی ناوەندی ئیسلامی، دامەزراوە، ناوەندی بەناو خێرخوازیی، مزگەوت، باڵوێزەکانی ئێران (کە زۆر جار ئەندامی سپای پاسداران و وەزارەتی هەواڵگرین) و کارمەندی دیکەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و ڕایەڵەیەکی پەرەئەستێنی جیهانیی سیخوڕ، بە کرێگیراو و کاربەڕێکەر دەگرێتەوە کە چالاکیی جۆراجۆری نایاسایی، لە کڕین و فرۆشی چەکوچۆڵ و ماددەی سڕکەر تا قاچاخچییەتی مرۆڤ و دابینکردنی کەرەستەی بەرنامەی ئەتۆمیی بەڕێوە دەبەن.

لە کاتێکدا کە هەوڵە بەرزەفڕانەکەی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی لە دنیای ئیسلامیدا بەڕێوە چووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بەولاوە بە شێوەیەکی بەرچاو هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی دەستڕۆیشتوویی لە وڵات و ناوچەی ستراتێژیک کە بتوانن وەک هاوبەش لە ڕایەڵەیەکی جیهانی بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بجووڵێنەوە چڕ کردۆتەوە. ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە هەندێک وڵاتانی ئامریکای لاتین بە ڕێبەریی ڤێنێزوئێلا بۆ پووچەڵکردنەوەی ئابلۆقەکان بەستووە. ئەوان ئاسانکارییان بۆ مامەڵەی نەوتی ئێران کردووە، بواری دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی بانکیی جیهانی، بۆ بەرپەرچدانەوە ئابلۆقەکانی ئورووپایی و وڵاتەیەکگرتووەکانیان، خۆش کردووە و ئاسانکارییان بۆ ئێران کردووە تا بتوانێ کەرستەی سەربازیی ئاسایی و ئەتۆمییش دابین بکا.

شێوەی بەرپەرچدانەوەی ئێران بە ئابلۆقەکان و چۆن ئامریکا لە کاریگەر بوونی ئەوان دڵنیا دەبێ ماوەتەوە ئاشکرا بێ. ئەوەش تا ئێستا ئاشکرا نییە کە ئاخۆ دیاریکردنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی چ کاریگەرییەکی لە سەر سنووردارکردنی نفوزی ئێران لە ڕۆژئاوای گۆی زەویدا دەبێ.

## ئۆپەراسیۆنە سەربازییە شاراوە و ئاشکراکانی سپای پاسداران

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی ئێمە لە کاربەدەستانی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ناوەندی ئامریکا دەستمان کەوتووە، سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی خەریکی ئۆپەراسیۆنی بەربڵاوی سەربازیی شاراوە و ئاشکرایە لە وڵاتانی ئامریکای لاتین و ئامریکای باشوور.

ئێران لێبڕاوانە هەوڵی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ بازاڕە گەشەئەستێنەکانی ئامریکای باشوور و ناوەند داوە. لە ئاکامدا، ڕێژیم پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆرە کۆمۆنیست_سوسیالیستەکانی وەک ڤێنێزوئێلا و بولیوی درووست کردووە. جگە لەوە، نفوزی ئێران لە ڕۆژئاوای گۆی زەوی تەنیا هەڕەشەی زارەکیی نییە بەڵکو شتێکی زۆر ڕاستەقینەیە.

لە ٢٠١٣، جۆبی واریک هەواڵنێری واشینگتۆن پۆست وتارێکی وردبینانە و نایابی بڵاو کردەوە کە تیایدا باسی تەشەنەی هەواڵگریی و یارگیریی ئێران لە مەکزیکی کردبوو. لە ٢٠١٢، کەسێک بە ناوی مەنسوور ئەربابسیار کە لە تێکزاسی ئامریکا دەژیا، ئیعترافی کرد کە یارمەتیی ئێرانی کردووە تا دیپلۆماتێکی سعودی لە واشینگتۆن لە گەڕەکی بەناوبانگی جۆرجتاون بکوژێ. بێجگە لەوە، خولیای ئێران بۆ نفوز لەو ناوچەیە تا ڕاددەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ویستی ئەو بەرامبەر بە دوژمنەکەی واتە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

لەمێژ ساڵە کە ئێران ڤێنێزوئێلای وەک دەروازەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناوچەکەدا بەکار هێناوە. کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کاربەدستانی هەواڵگریی ڕۆژئاوایی لە ناوچەکەدا لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا دیتوویانە کە ئەو هەوڵانە بەردەوام زیادیان کردووە. هەواڵگریی ئێران و ئەفسەرانی سپای پاسداران زۆر جار ڕاستەوخۆ بە فڕۆکە لە تارانەوە دەفڕن بۆ کاراکاس. جگە لەوە، کاتێک کە کاربەدەستانی هەواڵگریی ئێران لە ڤێنێزوئێلا بن، دەتوانن بە ئاسانی لە سەرانسەری ناوچە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن.

کاربەدەستە پایەبەرزەکانی سپای پاسداران و هەروەها کاربەدەستانی وەزارەتی هەواڵگری و کاربەدەستانی ئەمنییەتیی دیکەی ئێران زۆرجار لە نێوان تاران و ئامریکای باشوور و ئامریکای ناوەند لە هاتووچۆ دان. کاربەدەستێکی پۆلیسی فیدێراڵ کە لە ناوچەکەدا کاری بۆ هەواڵگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووە گوتی: «لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە لە دە ساڵی ڕابردوودا ئەو هاتۆچۆیە لە ژێر چاودێری بگری چونکە لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆبامادا لەچاو بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، ئەو شتە پشتگوێ دەخرا.»

## دیاریکردنی تاکەکانی نێو سپای پاسداران و هەواڵگریی ئێران وەک تێرۆریست

بە پێچەوانە، هەندێک کەس دەڵێن کە دیاریکردنی سپا وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ئاسەوارێکی ئەوتۆی نابێ. چەند کاربەدەستی هەواڵگریی پێیان وایە کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ پێویستە بیر لە دیاریکردنی کاربەدەستانی سپای پاسداران وەک تێرۆریست بکاتەوە.

کاربەدەستێکی پێشووی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان کە زانیاریی ڕاستەوخۆی لە سەر ناوچەکە هەیە گوتی، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە ڕێگای بە تێرۆریست ناساندنی کاربەدەستە پایەبەرزەکانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی گوشار بخاتە سەر ڕێژیم و توانایی ئەو سنووردار بکا.

ئەو کاربەدەستە گوتی: «دەستنیشانکردنی سپای پاسداران وەک تێرۆریست کورتبینانەیە، ڕێکخراوەکە چەند باسکی شاراوەی وەک دابینکردن و پشتیوانیی دارایی بۆ سپای قودس، حیزبوڵڵای لوبنان، و چەند تاقمی میلیشیایی لە عێراق و سورییە هەن.»

ئەو کاربەدەستەی پێشوو گوتی کە کاریگەرترین ڕێگا بۆ بە ئامانج کردنی سپای قودس «ئابلۆقەی تاکەکەسی» و «دیاریکردنی کاربەدەستانی سپای پاسداران، بەکرێگیراوە ناوچەییەکانی و ڕێبەریی و بەڕێوەبەرانیەتی وەک تێرۆریست.»

ئەو کاربەدەستە هەواڵگرییە ئەوەشی زیاد کرد: «تۆ دەتوانی ناو و ڕوخسار، حیسابی بانکی و کۆمپانیای بازرگانی ئەوان دەستنیشان بکەی و بەڕاستی زەرەرمەندییان بکەی. ئەوەیە جیاوازیی نێوان یەکجار تەقەکردن لە سپای پاسداران لەگەڵ هەنگاوتنی پەیتا پەیتای تەک تیرئەنداز کە دەبێتە هۆی دارمانی سامان و دامەزراوە شاراوەکانی ئەوان کە بە چەندین ساڵ کۆیان کردۆتەوە. لیستەی دامەزراوەی کۆنتڕۆڵی سامانی دەرەکیی [سەر بە وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان. و.]) چەکێکی بەهێزە و تۆ دەتوانی پێش بە مامەڵەی بانکیی ئەوان یا کەڵکوەرگرتن لە دۆلار لە لایەن ئەوانەوە بگری. بیرۆکەی ئابلۆقەکان دەبێ هەنگێو و بەژان بێ.»

# گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم کورد و سۆسیالیزم



د. کامران ئەمین ئاوە

**(٨-٨)**



لە ئێستادا سەرمایەداری، مێژوویەکی ٥٠٠ ساڵەی هەیە و سەرەڕای تەواوی قەیران و کەمایەسییەکانی، جاریێ لە حاڵی گەشەکردن دایە، توانایی زۆری ماڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەیە و خاوەنداری هێزێکی گەورەی نیزامییە. هەر بەم پێیەش پێویستە سۆسیالیزم وەکوو بزووتنەوەیەکی جیهانی لە بەرامبەر سەرمایەی جیهانی لەبەر چاوبگیرێ، کە بەئاکام گەیشتنی پێویستی بە کاتێکی زۆرتر هەیە و لەم ڕەوتەدا دەبێ پەیتا پەیتا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریدا پاشەکشە بە سەرمایەداری بکرێ. ئەگەر وێچوونی ئاڵوگۆڕی ڕادیکال بە شێوەی شۆڕش، لانیکەم لە وڵاتەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین هەبێ، ئەم دەرفەتە بۆ وێنە لە وڵاتە سەنعەتی و پێشکەوتووەکانی سەرمایەداری لە ئاستێکی نزم یان دەکرێ بڵێین سفر دایە. ئەمڕۆ کێ دەتوانێ فیکری شۆڕشێکی سۆسیالیستی و کرێکاری بۆ وێنە لە ئەمریکا یان ئاڵمان و فەڕانسە بکا. وڵاتگەلێک کە خاوەنداری دەوڵەتی بەهێز، سەنعەتی و سپای بەهێزی نیزامی و دەزگای ڕاگەیاندنی گشتین، خەڵکەکەشیان بە تایبەتی لە ئورووپادا بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ حیزبەکان و دەستەڵات هەڵسوکەوت دەکەن.

لە لایەکی دیکەشەوە، لەم وڵاتانە کاتێک دەرفەتی ئاسایی بۆ خەباتی ئاشتیخوازانە، ڕێکخستنی حیزب و یەکیەتییەکان و تەنانەت ناردندنی نوێنەر بۆ پارلمان و بەشداری لە دەستەڵات هەیە، چ پێویستییەک بۆ پەنابردن بە شێوەی زەبروزەنگی سیاسی بۆ پێکهێنانی سۆسیالیزم دەبێ! دێموکراسی بۆرژوایی_ لیبرالی، کاریگەریی هێزە چەپەکان، سەوز و … ، هەروەها ئاستی ڕووناکبیریی کۆمەڵگە ڕێخۆشکەری چالاکی و خەباتی ئاشتیخوازانە و مەدەنییە.

بێگومان توانایی هێزی چەپ لە ئورووپا بە بەراورد لەگەڵ ئەمریکا یان کانادا گەلێک بەرزترە. لێرەدا چەپ مێژینە و کاریگەرییەکی بەهێزی لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا هەبووە و هەیە، بەڵام لە جێگایەک وەک ئەمریکا ئێستاش کەساڵیانی ساڵ بەسەر کاتی مەککارتیزمدا تێپەڕ بووە، زۆرینەی خەڵک کۆمۆنیزم هاوڕیزی تێرۆریزم لە قەڵەم دەدەن.

چەپ پێویستە بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی تێ بکۆشێ تا بتوانێ نەخشێکی بەرچاو بەرامبەر بە سەرمایەداریی جیهانی بگێڕێ. لەم پێناوەدا پێکهێنانی ڕێکخراوە و دامودەزگا مەدەنی و چینایەتییەکان، کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکانی پارلمانی و بەشداری لە کابینەکانی دەوڵەت، ڕێکخستنی مانگرتن و خۆپێشاندانەکان بۆ پاشەکشەکردن بە دەسەڵات، نەخشێکی بەرچاوی لە گۆڕانکارییەکانی وڵات و وەدەستهێنانی دەرفەت و سەربەشایەتیی زۆرتر لە بەرژوەندیی زەحمەتکێشان گێڕاوە و دەگێڕێ. لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە وەبیر بێنینەوە کە ئێنگلس لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە «تووی کۆمەڵگەی داهاتوو لە سەرەتادا لە بارودۆخی سەرمایەداریدا دەڕوێ» و، ئەگەر دروشمی «لە هەر کەس بەپێی توانایی و بە هەر کەس بەپێی پێداویستییەکانی» لەبەرچاو بگرین، هەموو دەتوانین ببینین کە لە زۆربەی وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ئورووپای ئێستادا خەڵکێک کە بێکارن نە بەپێی کارەکەیان، بەڵکوو بە پێی پێداویستیی تاک یان بنەماڵەیان یارمەتی لە ڕێکخراوەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (ئیدارەی سۆسیال) وەردەگرن، کە سەر بە دەوڵەتە. ئەمە و زۆر دەستکەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، تەنانەت پێکهاتنی دەوڵەتەکانی «رفاه» ئاکامی خەباتی بێوچانی چەپەکانە. هاوکات پێویستە پێداگری لەسەر ئەم خاڵە بکرێ کە مەبەست نە چاکسازیی سەرمایەداری، بەڵکوو پاشەکشەی بەردەوام بە دەستەڵاتی سەرمایەداری تا پێکهاتنی بەدیلێکی بەهێزی سۆسیالیستی لە ئاستی هەر وڵاتێکی سەرمایەداری بۆ وەدەستگرتنی دەستەڵاتە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک لەبارەی چارەنووسی سیاسیی ئەو وڵاتانەی کە وەکوو ئێران لەژێر دەستەڵاتی حکوومەتێکی دیکتاتۆری دان دێتە پێش، بڵێی لەم چەشنە وڵاتانەدا ئەگەری ئاڵوگۆڕێکی ئاشتیخوازانە هەبێ؟

وڵامی ئەرێنی پێدان لەم کاتەدا دوور لە ڕاستییە، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵات لەم چەشنە وڵاتانەدا بە هۆی دامودەزگای سەرکوتکەر و پەنابردن بە هەموو شێوەیەکی نائینسانی بۆ لەنێو بردنی هەر چەشنە بەرهەڵست و ڕەخنەگرێک، ڕێگە بە هیچ چەشنە خەباتێکی مەدەنی تەنانەت بە هێزەکانی خۆییش نادا. لە نەبوونی میکانیزمێکی یاسایی بۆ خەباتێکی ئاشتیخوازانە، لە نەبوونی دەرفەتی یاسایی بۆ چالاکیی هێزە جیابیرەکان، لە نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و زاڵبوونی دەسەڵاتی ئایینی و دژ بە تەواوی ڕاسپاردەکانی مافی مرۆڤ، ئەستەمە باس لە گۆڕانکاریی ئاشتیخوازانەی دەستەڵات بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم وڵاتانە جاریێ ڕێگایەکی دوور و درێژیان لەبەرە هەتا پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی بێتە نێو دەستووری کاریانەوە، تەنانەت ئەگەر هێزێکی چەپ و سۆسیالیستیش بە دەستەڵات بگا ناتوانێ ئەزموونی ناسەرکەوتووی وڵاتە سۆسیالیستییەکان دووپات بکاتەوە و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئاستی گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ڕێگای زەبروزەنگ و بە چەشنێکی خۆویستانە سۆسیالیزم دابین بکا. ئەم ڕەوتە دەبێ وەکوو ڕەوتێکی درێژخایەن لەبەر چاوبگیرێ و پەیتا پەیتا ئاڵوگۆڕی پێویست لە هەموو بوارەکاندا پێک بێ.

## کورد و سۆسیالیزم

کۆمەڵگەی کوردستان لە هەر چوار بەشی خۆیدا بەپێی شێوەی بەرهەمهێنان، ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی، خاوەنی چین و توێژی جۆراوجۆر، هەروەها حیزب و ڕێکخراوەی ڕەنگاوڕەنگ بە بیر و کردەوەی جیاوازەوەیە. بێگومان ئەوە لە هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر شاراوە نییە کە کورد هاوکات لەگەڵ کێشەی چینایەتی، بەهۆی دابەشبوونی وڵاتەکەیەوە کێشەی نەتەوایەتیشی هەیە، پێویستە هاوئاهەنگییەکی ژیرانە لە نێوان شێوەی خەباتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێک بێنێ.

لە لایەکەوە بەهۆی کێشەی نەبوونی دێموکراسی، ئازادی، بێکاری، بێماڵی، گرانی و هەموو ئەو خاڵانەی کە دەگەڕێتەوە سەر بژیوی ڕۆژانە، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە چوارچێوەی مافی شارۆمەندیدا هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و دابەشبوونی وڵاتەکەی نەک هەر لە ئاستی ناوچە بەڵکوو تەنانەت لە ئاستی ئەو وڵاتانەی کە بەشێک لە حەشیمەتەکەیان پێک دێنێ، کێشەی نەتەوایەتیشی هەیە. تەنانەت شێواندنی سنووری جوغڕافیایی کوردستان، سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی بەشێک لە خاکی نیشتمانەکەی، گۆڕینی ناو یان لکاندنی بەشێک لە زەوییەکەی بە زەوی نەتەوە دراوسێیەکانی و پێکهێنانی پارێزگایەکی تازە، کێشەکەی تا ڕادەیەک ئاڵۆزتریش کردووە و، بۆتە بەستێنێک بۆ کێشەی زەوی لەگەڵ نەتەوە دراوسێیەکان لە دادێدا.

لەم بارودۆخەدا هەڵبژاردنی شێوەی خەبات و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دوو کێشەیە لە پێوەندی لەگەڵ لێکدانەوەی ئێمە لە بارودۆخی جیهان، ناوچە و خۆجێیی بەپێی هاوسەنگیی هێزە دژبەرەکان، ڕادەی ئاگاداریی نەتەوەیی، کاریگەری و توانای ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ ڕێکخستنی خەباتی خەڵکی بەپێی بەرنامە و هەڵبژاردنی دروشمی شیاو دایە.

لەم پێناوەدا شێوەی بۆچوون و ڕوانگەی حیزبەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی، لێکیان جیا دەکاتەوە. لێرەدا دوو حاڵەت لە پێوەندیی چەپی سۆسیالیستیی کورد دێتە گۆڕێ:

ئەگەر حیزبێکی سۆسیالیست پێی وابێ کورد بەشێکی جیانەکراو، لە خەڵکی ئەو وڵاتەیە وا ئێستا بە شێوەی فەرمی بەشێک لەوە و تەنیا دابینکردنی سۆسیالیزم کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکا و، «بە لەنێو بردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤێکی دیکە، چەوساندنەوەی نەتەوەیەک بە دەستی نەتەوەیەکی دیکەش لەبەین دەچێ»(١) بێگومان ستراتێژیی حیزبەکەش گەیشتن بە سۆسیالیزم هەر لەو وڵاتە دەبێ و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەییش بەستراوە بە دابینکردنی سۆسیالیزم دەمێنێتەوە و، وەکوو کێشەیەکی سەرەکی، پێناسە ناکرێ.

بەڵام کاتێک حیزبێکی چەپی کوردستانی سەرەڕای باوەڕمەندی بە سۆسیالیزم باوەڕی بە نەتەوەبوونی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووس تا ئاستی جیابوونەوە بێ، ناتوانێ چارەنووسی گەلەکەی حەواڵە بە کاتی دابین بوونی سۆسیالیزم وەکوو ئاواتێک کە جاریێ کاتی وەدیهاتنی دیار نییە، بکا.

بەم پێیە، دەبێ لێک بدرێتەوە کام یەک لەم کێشانە بۆ کورد سەرەکی و کامیان لاوەکین و بەرژوەندیی کورد لە چی دایە؟ ستراتێژیی چەپی کورستانی چییە و چ شتێک ئەوان لە هێزەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟ ئایا ڕێبازەکەی تەنیا لە چوارچێوەی بەرگری لە مافی چین و توێژی زەحمەتکێشی کۆمەڵگە قەتیس دەمێنێتەوە یان تێدەکۆشێ بە بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و ڕێنوێنی و هاندانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئاواتە مێژینەکانی، واتە دابینکردنی زێد و سەروەریی کورد ئەرکی نەتەوایەتیی خۆی بەجێ بێنێ؟

لەم بەینەدا دروشمی ڕزگاری نەتەوەیی هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ دابینکردنی سۆسیالیزم وەکوو سیستمێکی دادپەروەرانە و ئینسانی لە کۆمەڵگەی داهاتوو نییە و دەکرێ دروشمی «گەیشتن بە سۆسیالیزم لە کوردستانێکی سەربەخۆ» ستراتێژیی ئەم حیزبە بێ.

لەم ڕەوتەدا ئەگەر چەپی کوردستانی، وڵاتەکەی خۆی وەکوو وڵاتێکی کۆلۆنی کراو پێناسە بکا، دەکرێ ئەو وتەیەی ئێنگلس لە پێشەکی بۆ چاپی ئیتالیایی مانیفێست لە ساڵی ١٨٩٣دا وەکوو نەخشەڕێگایەک لەبەرچاو بگیرێ کە دەڵێ: «بەبێ وەدیهاتنی سەربەخۆیی و یەکیەتیی هەر نەتەوەیەک، نە ئەگەری یەکیەتیی نێونەتەوەیی پرۆلتاریا هەیە و نە هاوکاریی ئاشتیخوازانە و ئاگایانەی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش»(٢) لەکردن دێ.

بێگومان بوونی چەپ بە ئاڵاهەڵگری مافی دیاریکردنی چارەنووس هەتا گەیشتن بە سەربەخۆیی و دەوڵەت و کیانی کورد بەمانای ئەوە نییە کە ئەم هێزە خۆ لە کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵک دوور دەکاتەوە و بەبێ یەک و دوو کردن، دەیەوێ لە جیهانی ئاڵۆزی ئێستادا کتوپڕ بە سەربەخۆیی بگا. چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەربەخۆیی ڕێگەیەکی ساف و بێلەمپەر نییە و لە کورتخایەندا وەدی نایە و، پێویستە بۆ گەیشتن بۆ ئەم ئامانجە بارودۆخی ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکرێ تا خەڵکی بە ئاستێک لە ئاگایی نەتەوەیی بگەن کە بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. بەڵام ئەرکی هێزێکی چەپ، بردنی ئەم دروشمە بۆ نیوخەڵک و چەسپاندن و جێگیرکردنی ئەم بیرۆکەیە لە ڕەوانی کۆمەڵگە دایە هەتا کاتی پێویست خەڵک لەبەرامبەر ئەرکی مێژوویی خۆی بێهەڵوێست نەمێنێ و ئامادەی هەر چەشنە ڕووداو و بارودۆخێکی پێشبینی نەکراو لەم پێوەندییەدا بێ. لە پرۆگرامی حیزبێکی چەپی کوردستانی مەسەلەی سەربەخۆیی وەکوو هەڵبژاردەیەکی مێژوویی دەبێ ڕەنگدانەوەی بێ و بۆ دیتنەوەی ڕێگای گەیشتن بەم ئاواتە نەخشەڕێگایەکی دروست و زانستی مسۆگەر بکرێ. ئەرکی کوردی سۆسیالیست، گرێدانی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی بەیەکەوە، هەروەها بەرگری کردنە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد تا ئاستی جیایی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

**سەرچاوە:**

١) مانیفست حزب کمونیست. ص٤٤

٢) سەرچاوەکەی سەرێ لاپەڕەی ٢٢، ئێنگلس ئەم پاراگرافەی لە پێوەندی لەگەڵ ئیتالیادا هێناوەتەوە، کە لەژێر فەرمانی ئوتریش و ئاڵمان کە ناڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی ڕووسیەی تزارییدا بوو و پاش شۆڕشی ١٨ی مارسی ١٨٤٨ لەم حاڵەتە ڕزگاربیان بوو.

# ژنی کورد و چیرۆکێکی نەنووسراو



نەسرین یوسفزادە

لەمێژساڵە هەر لە کاتی سازبوون و پێکهاتنی دنیاوە لە نێوان مرۆڤەکاندا شەڕ و کوشت و کوشتار هەیە و ئەوە هەر دەبێ و دەمێنی. زۆرن ئەو نەتەوە و وڵاتانەی لە مێژوودا ناویان هەیە و بەجێگای ماڵ و مەقام و جێگە و پێگە، بۆ مافی ڕەوای خۆیان کە هەمان مافی مرۆڤێکی ئاسایی کە مافی دیاریکردنی چارەنووسیانە شەڕ دەکەن و شەڕیان کردوە و کوردیش یەک لەو نەتەوانەیە و ئێستا و ئێستاش ئەو خەباتەی لە بەرامبەر داگیرکەرانی خاک و وڵاتەکەیدا هەر بەردەوامە و لەو ڕێگایەدا هەزاران گیانی بەخشیوە و خوێنێکی زۆر لە جەستەی چۆڕاوە. ئەوەی لێرەدا بە پێویستم زانی باسی بکەم نەقشی ژنی کورد بەتایبەت ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ژنانی دێموکراتە کە بە بەشی خۆیان یان دەتوانم بڵێم زیاتریشیان زام هەڵگرتوە و تەنانەت وەک پیاوەکانیش خوێنیان لەو پێناوەدا ڕژاوە.

لەو ڕێبازەدا زۆر کچی وەک کاڵێ کەڵهوڕ، خەجیج عەبدوڵڵاهی، شاناز قوربانی ئەقدەم، دڵشاد گادانی، مریەم ئیبراهیمی، ئیلهام میرزایی، پەروین روحی، سوڕەیا نیگەهدار، شەمسی فاتحی، بەیان مینبەری، عەزیمە عوسمانی، فاتمە دلاوەری و هتد... هەبوون. ئەو خۆشەویستانە ئازایانە هاوڕێ لەگەڵ هاوسەنگەرانیان سینگیان کردە قەڵغانی گوللە و گیانی پاکیان بە نیشتمان و وڵات بەخشی. ئەوان ئاواتیان ئازادی و سەربەستیی نەتەوە و وڵاتەکەیان بوو و بۆ وەدیهاتنی ئاواتە ڕەواکەیان بڕیاریان دا پەچە و ڕووبەند فڕێ دەن و کەواوپانتۆڵی پێشمەرگانە بپۆشن و چەکی شەڕەف بکەنە شان و ببن بە پێشمەرگە.

ڕاستە لەگەڵ شەهیدبوونی هەر پیاوێکی تێکۆشەر چەند ژنیش ژیانی ئاساییان لێ زەوت دەبێ بەڵام لە نێو ئەواندا ئەو چەند خاتوونە هەبوون کە یان لە شەڕی قارەمانانەدا هاوشانی پێشمەرگە پیاوەکان تا ئاخر دڵۆپی خوێنیان شەڕیان کردوە یان لە ڕووداوی جۆراوجۆر بەڵام لە کاتی خەباتدا گیانیان بەختی وڵاتەکەیان کردوە، یان لە سێدارە دراون و شەهید بوون. ئەو خاتوونانەی هەر کامیان یەکێک لە ئازاترین و بوێرترین مرۆڤەکان بوون. دیارە ئەوانەی ناوم هێنان هەموو پێشمەرگە بوون و ڕێگای پێشمەرگایەتییان بە خواستی خۆیان هەڵبژاردبوو بەڵام بە دەیان ژن و کچی دیکەش هەن کە بە تۆپباران و مووشەک و گوللەی وێڵەکی و مینی چێندراو و... بە شێوەی جۆراوجۆر شەهید بوون و پێشمەرگەش نەبوون و بە مەزڵوومی بوونە قوربانیی شەڕێکی نەخوازراو.

ئەو کاروانە نەپساوەیە هەر بەردەوام بووە و هەتا ئازادی و سەربەستیی کوردستانیش بەردەوام دەبێ. لە نێو هەموو ئەو خاتوونانە کە هەتا ئێستا گیانیان پێشکەش بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان کردوە دوو خاتوونی سەرکردە هەن؛ نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری. نەسرین کچی پێشمەرگە و بووکی پێشمەرگە و ژنی پێشمەرگە و خۆشی پێشمەرگە و مامۆستای پێشمەرگە بوو، ئەو مامۆستای شۆڕش بوو و هەتا لە ژیاندا بوو لە فێرکردنی منداڵ و کادر و پێشمەرگە نەوێستا هەر بۆیە لە نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرانیدا بە مامۆستا نەسرین ناسرابوو. خاتوونی سەرکردە خاتوو سوهەیلا قادری، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سکرتێری یەکیەتی ژنانیش بوو. سوهەیلاش هەر وەک مامۆستا نەسرین کچی پێشمەرگە و هاوسەری پێشمەرگە بوو. لە منداڵییەوە لە نێو بارەگاکانی حیزبی دێموکراتدا گەورە بوو و گەشەی کرد و بوو بە ئومێد و خۆشەویستی زۆر لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی. ئەوان لە ١٧ی خەرمانی ١٣٩٧دا لە قەڵای خۆڕاگری دێموکرات لە کاتێکدا کە لەسەر مێزی پلینیۆم دانیشتبوون هاوڕێ لەگەڵ چەندین کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری بە مووشەکی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون و بوون بە ئوستوورەی مێژووی کورد.

دوای شەڕی جیهانیی دووهەم بیرمەندێک کاتێک بێوەژنانی سەربازانی شەڕی بینی گوتی: «لە شەڕدا تەنیا کەسێک نامرێ بەڵکوو دوو کەسن کە دەمرن»، من دەڵێم لەو کاتەوە کە کورد خەباتی خۆی بە دژی داگیرکەر دەست پێکردوە لەگەڵ هەر پیاوێک کە شەهید دەبێ ژنێکیش دەمرێ، دایکێک هەتاهەتایە پرچی سپی دەهۆنێتەوە، خوشکێک خۆی ئەگەر بەهێزترین کەسیش بێ، بێ پشتوپەنا دەبینێ و کچێکیش لە نازی بابی بێبەش دەبێ و ئەوەیە کە لەگەڵ ناوی هەزاران شەهیدی دێموکرات هەزاران دایک و خوشک و کچیش هەتاهەتایە دڵ بەخەم و نازلێشێواو و بێ پشتوپەنا بوون بەڵام دەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەر ئەو ژنانە بوون بە چقڵ بۆ چاوی نەیار و دوژمن و بە ورە و ئیرادەی پۆڵایینیان سەلماندوویانە درێژەدەری ڕێبازی نەمرانن.

ئەگەر ژنانی جیهان داوای ڕەوای ژنانی کرێکاری کارخانەی ڕستن و چنینی ئەمریکا واتە ٨ی مارسیان کردوە بە ڕۆژی جیهانیی ژن، بە بڕوای من ڕۆژی ژنی کورد ئەو ڕۆژەیە کە یەکەم ژنی کورد پەچە و ڕووبەند و چارشێوی وەلانا و لە مەتبەخ و چێشتخانە هاتە دەرێ و کەواوپانتۆڵی پۆشی و چەکی کردە شانی و شان بە شانی مێرد و برا و بابی ڕاوەستا و سەلماندی کە لە هیچ شوێنێک و هیچ بار و دۆخێک تەنانەت لە هێز و تواناییشدا هیچ کەمتر لە پیاو نییە، ئەگەرچی ئەو ژنانە لە جێی خۆیدا هەر کامیان باشترین کچ بۆ دایک و بابیان و باشترین خوشک و وەفادارترین و دڵسۆزترین دایک و هاوسەر بوون، بەڵام بەوەندە ڕازی نەبوون و ویستیان لە مەرگیشدا هاوچارەنووسیان بن.

هەنگاوی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

## پەڕنووسێ
## لە ڕووداوەکەی ئەربەنووس

زستانی سالی ١٣٦١ بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە بارگەوبنەی تێکەوە پێچابوو. چەند ڕۆژێک لە بەهار و سالی نوێ چوبوو و وردەوردە بەفری شاخەکانی کوردستان دەتوانەوە و سەوزەگیای بەهار و سروشتی جوانی کوردستان لە خەوی زستانی ڕادەبوون. خەڵکی بە گەرمای بەهاری سەرسەوز لەبن گوێسوانەی هۆدەی ماڵانەوە دادەنیشتن و خۆیان لەبەر تینی گەرمای خۆر هەڵ دەخست و ئێواران گوێی دڵیان دەدا بە زایەڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان.

بەهاری سالی ١٣٦٢ بوو. ڕێژیم هێرشێکی بەربڵاوی بۆ جادەکانی نێوان شارەکان دەست پێکردبوو. وەک جادەی بۆکان _ مەهاباد، سەردەشت _ پیرانشار و بانە _ سەردەشت. لە هەرکام لەو جادە سەرەکییانەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەدان کەسی لە بەکرێگیراوانی خۆی بەکوشت دا، بۆوەی بتوانێ زیاتر کوردستان میلیتاریزە بکا و دەستی بەسەردا بگرێ. گرتنەوەی ئەو ڕێگایانە و بەتایبەتی جادەی بۆکان_ مەهاباد، ئالوگۆڕێکی قووڵی بەسەر خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی ناوچەی بۆکاندا هێنا و وایکرد کە هێزی بەیان هیچ پێگەیەکی جێگیری نەمێنێ و، لە قۆناغی شەڕی جەبهەییەوە بەرەو شێوازی پارتیزانی هەنگاو بنێ. وە ئەمە یەکەم قۆناغی گۆڕینی شێوەی خەباتی چەکداری بوو لەو ناوچەیە و، سەختییەکانی ئەو قۆناغە کوڕی خۆی دەویست بتوانێ بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرێ. تۆپبارانکردنی شوێنی جووڵە و مانەوەی پێشمەرگە و جموجۆڵی گرووپی زەربەت بۆ بەناوپاکسازی و تۆقاندنی خەڵک ببووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و پێشمەرگە. «پیرمەحەممەد» دوا ناوچە بوو لە بۆکان کە گیرایەوە، ئەوەش بۆ خەڵکی ناوچە زۆر ناخۆش بوو، چونکی ٥ ساڵ بوو کە ناوچەکە لەلایەن پێشمەرگەوە بەڕێوە دەبرا.

هێزی پێشمەرگە لە هەموو شوێنەکان کەوتبوونەوە خۆڕێکخستن لەگەڵ بارودۆخەکەولەناوچەی بۆکانیش هێزی بەیان بۆئەوەی ورەیەکی نوێ بنێنەوە بەر خەڵک، بڕیاری جەولە و عەمەلیاتێکی گەورەیان دابوو. بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە سەد پێشمەرگە بۆ کاروباری سیاسی_ تەبلیغی لە گەڕاندا بوون.

لە سەرەتای هاویندا هەموو دەستە و پەلەکانی هێز لە گوندی «عەزیزکەند» کۆبوونەوە. کۆبوونەوەی هێز لە یەک جێ بە مانای خۆ ئامادەکردن بۆ عەمەلیاتێکی بەهێز بوو. خەلیل خەلەبان، فەرماندەری هێز لە سەر مەئمووریيەتی نوێی هێزەکەی چەند قسەیەکی بۆ پێشمەرگەکان کرد و، پاشان قاسم باقی بە نوێنەرایەتیی ئەو لەسەر گرینگیی ئەو ناوچەیە قسەی بۆ پێشمەرگەکان کرد. دوایە پێشمەرگەکان لەوێڕا بەرەو ناوچەی «ئەحمەدی کۆر» شۆڕ بوونەوە وئەو شەوە لە ئاوایی «لەگز» بۆ پشوودان لایان دا. پێشمەرگەکان بۆ سبەی ئێوارێ لە چۆمی «تەتەهوو» پەڕینەوە و، ڕێگای دەشتی «ئاڵەشینیان» بەرەو «کانی مەملی» و «ڕەحیم خان» گرتەبەر. لەم مەسیرەدا هەر لکەی لە گوندێک بۆ پشوو دان لایان دا. گوندەکانی «ئەرمەنی بلاغی»، «قوولەر»، «ڕەحیم خان»، «کانی مەملی»، «کانی گورگە» و دوایەش «ئەربەنووس» مەڵبەندی قارەمانەتیی پێشمەرگەکان لەو جەولەیەدا بوو.

بە چوونی پێشمەرگە بۆ ناوچەی ئاڵەشین خەڵک ورەیان زیاتر بەرز بۆوە، هۆکاری ئەوەش ڕوونە، چونکی لە سەرەتای شۆڕشەوە بەهۆی هاوسنوور بوون لەگەڵ ئازەری زمانەکان، بەردەوام ڕێژیم خەڵکی لەو ناوچەیە دەربەدەر و کۆمەلکوژ کردبوو، و بەداخەوە ئازەرییەکانیش شانبەشانی ئەوان لە کوشتنی کورد دریغییان نەکردبوو.

پاش چەند ڕۆژ جەولەی سیاسی لەو گوندانەی ناویان هات، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرگەی ئەم جموجۆڵەی هێزی پێشمەرگەی نەگرت؛ چونکی پێشتر و بەردەوام بەگوێی خەڵکی دادابوو کە پێشمەرگە نەماوە. وابوو کە ئێوارەی ٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٢ هەواڵیان هێنا کە ڕێژیم هێرشتان بۆ دەکا.

لە کۆبوونەوەی کتوپڕی بەرپرسانی هێزدا باس لەوە کرا کە بەپێی زانیارییەکان سبەی هێزێکی زۆری ڕێژیم لە ئاوایی «جامەرد»ڕا هێرش دەکا. دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە گوندی «ئەربەنووس» بوون. ئەربەنووس گوندێکە لە ناوچەی ئاڵەشین و «قوولەر»، «ئاغجێوان»، «کانی گورگە»، «گامێشان« و «جامەرد»، ئاواییەکانی دەوروبەری «ئەربەنووس»ن و لە ڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە شاخێکی نزم، بەڵام سەختی بە پشتەوەیە. «ئەربەنووس» نیزیک بە چل ماڵ دەبوو و خوارەوەی بۆ لای «قوولەر» دەشتاییە. لە جامەردەوە باریکەڕێیەک دێتە نێو ئاوایی و ئەگەر کەسێک شارەزا نەبێ دەکەوێتە زۆنگاوێکەوە. ئێوارێ کار و بەرپرسایەتییەکان بەپێی ئەزموونی کەڵەکەکراو بە ڕێکوپێکی دابەش کران. ئێوارەی ئەم ڕۆژە لکی یەک لە نێو ئاوایی، لکی دوو لە ڕۆژاوای گوندەکە و لکی سێ لە ڕۆژهەڵاتی ئەوێ جێگیر بوون. بۆ یەکیەتیی لاوانی بۆکان و چەند مامۆستای شۆڕشیش کە بۆ ئەو جەولەیە لەگەڵ کەوتبوون، شوێن و ئەرک دیاری کرا و ئەوانیش لە جێگەی خۆیان دابەش کران.

شەو تا بەیانی تەواوی پێشمەرگە قامک لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ لە کەمیندا و، چاوەڕوانی هێزی دوژمن مانەوە. کاتژمێری ٩ی بەیانی ستوونێکی زەبەلاح لە ئاوایی جامەردەوە پەلاماری گوندی ئەربەنووسی دا و، لە نیزیک ئاوایی کەوتە کەمینی پێشمەرگە و تەواوی سەرنشینەکانی کوژران؛ ئەوەش توانیی خۆی دەرباز کرد. لەو دەستڕێژەدا چوار ماشێنی هەڵگری کالیبر٥٠ و تۆپی ١٠٦ میلیم بەدەسکەوت گیران، بەڵام ئەوە کۆتایی شەڕ نەبوو. هێزی شکس خواردووی دوژمن لە شارەکانی بۆکان وسائینقەڵا و میاندواو داوای هێزی یارمەرمەتیدەری کرد و، پەلاماری هێزی پێشمەرگەیان دایەوە. شەڕێکی قورس و سەنگەر بەسەنگەر و کۆڵان بە کۆڵان تا ئێوارە درەنگ وەختان درێژەی کێشا و، ڕێژیم دیسانەکەش بەدەیان کوژراوی لە ئاوایی «ئەربەنووس»دا بەجێ هێشت و پاشەکشەی کرد. کەچی بەوەش ڕازی نەبوو و هیلیکۆپتێری هێنایە سەر ئاوایی و بە تۆپ و ڕاکێت و هەروەها بە تۆپخانەیەکی قورس لە «جامەرد»ەوە هەتا ٧ی ئێوارە ئاوربارانی گوند و سەنگەری پێشمەرگەکانی دەکرد.

لەو شەڕە حەماسییەدا زیاتر لە ١٢٠ کەس لە دوژمن کوژران و بریندار بوون و، دەیان قەبزە چەک و ماشێن بوونە دەسکەوتی پێشمەرگە. وەک دەڵێن ئاشی شۆڕش بەخوێن دەگەڕێ و مێژووش نیشانی داوە ئەو سەرکەوتنانە خوێنی بۆ دراوە. خوێنبایی ئەو حەماسەیە ٨ قارەمان بوو بە ناوەکانی هەمزە حجازی، مەنسوور سوارە، سەید ئەسعەد ئەحمەدی، بەهمەن سامبەگی، ڕەسووڵ خورسەندی، محەممەد عەبدی، سمایل عەبدی و لەتیف ڕەشیدی.

پێشمەرگەکان ئێوارە شەهیدەکانیان هەڵگرت و بەرەو ئاوایی قوولەر چوون، بەڵام هێزی قین لە زگی سپای پاسداران دوایە بە نێو دێیەوە وەر بوون و ڕقی ڕەشی خۆیان بەسەر خەڵکدا ڕشت و جینایەتێکی سامناکیان خوڵقاند و سێ کەس لە خەڵکی مەدەنی و زەحمەتکێش و بێ چەکی ئاوەدانییان بە ناوەکانی عەلی سولەیمانی، ڕەشید سولەیمانی و دەروێش سولتانی فەرەجی دایە بەر دەستڕێژ و شەهیدیان کردن.

ناو و یادی هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلەکەمان بەرز و بەڕێز بێ.

### د. مەنسوور سۆهرابی:

# کۆماری ئیسلامی دژی ژینگەی کوردستانە و کورد بۆخۆی دەبێ لە خەمی ژینگەی خۆیدا بێ

دیمانە: مەنسوور مرووەتی



لافاوەکان لە ئێران کە لە ڕۆژانی کۆتایی ساڵ دەستیان پێکرد و زیاتر چەند پارێزگای کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێرانی گرتەوە، لانیکەم ٧٦ کەسی کوشت و هەرنەبێ ٢٠ هەزار میلیارد تمەن زەرەر و زیانی لەدوای خۆی بەجێهێشت. هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە زۆر باس و قسە لەسەر ئەوە کرا کە ئەگەرچی هەستانی لافاو دیاردەیەکی سروشتییە، بەڵام بارستایی ئەو زەرەر و زیانەی لافاوەکان لە شار و گوند و ناوچە جۆراوجۆرەکانیان دا سروشتی نەبوون؛ وە هەر لەجێدا هۆکارەکانی هەستانی لافاوەکان و پرسی مودیرییەتی قەیران و بەهاناوەچوونی لافاولێدراوەکان زۆر قسە و باسی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

«کوردستان» بەباشی زانیوە ئەم بابەتە لەگەڵ دوکتور مەنسوور سۆهرابی، دوکتورای ئاگرۆئیکۆلۆژی و توێژەر لە زانکۆی شاری کیلی لە ئەڵمان تاوتوێ بکا.

**هەستانی لافاوەکان لە ئێران دەرئەنجامی چی بوو؟ نەبوونی مودیرییەت یان گۆڕانی سروشت؟**

هەستانی لافاو شتێکی سروشتییە و کاتێک باران زۆر دەبارێ و چۆم و ڕووبارەکان توانای ڕاگرتنی ئەو بارانەیان نییە، یان بە واتایەکی دی ڕادەی ئاو زیاترە لە جێگای ڕاگرتنەکەی، لە ئاکامدا لافاو هەڵدەستێ. لە ئێران ڕێژەی بارینی باران لە ڕادەی نێونجییەکەی زیاتر بوو، بۆیە لافاو هەستا. ئەوەی کە جێگای سەرنجە دەرەنجامی لافاوە کە بە هۆی بەڕێوەبەریی ناکارامە و نازانستی دەرەنجامەکەی کارەساتی وای لێ کەوتەوە.

**چەندە کەمتەرخەمی لەهەمبەر پاراستنی سروشت دەتوانێ کاریگەریی هەبێ لەسەر هەستانی لافاو؟**

کاتێک مرۆڤەکان دەستکاریی سروشت دەکەن و فاکتۆرە ژینگەییەکان لەبەرچاو ناگرن، قەیرانی ژینگەیی ساز دەبێ. بەتایبەتی کاتێک لێڕەوار و دارستانەکان لەنێو دەچن و باران زۆر دەبارێ لە دەرودۆڵەکاندا خڕ دەبێتەوە و، لافاو دروست دەکا؛ واتە بارانی زۆر دەبێتە لافاو.

لە ئێران گەشە (توسعه) نارێک بووە واتە، سەقامگیر نەبووە. بەپێی ئامایشی سەرزەوی (آمایش سرزمین Land use planning) کاتێک گەشە ناسەقامگیر بێ، ژینگە زۆرترین خەسار دەبینێ. ئەوە حەقیقەتێکی ئاشکرایە کە ژینگە لە ئێران بایەخی نەدراوەتێ، بەتایبەت لەلایەن حکوومەتەوە و هۆی ویشکبوونی تاڵاوەکان و قەیرانی ئاو و سووتان و کەمکردنی دارستان و لێڕەوارەکان هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ناکارامەیی حکوومەت و بەڕێوەبەریی وڵات.

**ئایا سەدسازی دەتوانێ ڕێگایەک بێ بۆ پێشگرتن لە هەستانی لافاو؟**

بەنداولێدانەکان دەبێ بەپێی ئامایشی زەوی بێ، واتە هەموو فاکتۆرە ژینگەییەکان لەبەرچاو بگیرێ. لە ئێران چونکی گەشە ناپایدار بووە، دروستکردنی بەنداوەکانیش نازانستی بوون، بۆ نموونە بەنداوی گوتوند لەسەر کێوی خوێ دروست کراوە و تەنانەت ئاوی بەنداوەکەش سوێر بووە!

بەشێکی دیکەی ئەم خەسارە لەوە سەرچاوە دەکرێ کە لە ئێران ئەوە سپای پاسدارانە پرۆژەکانی لێدانی بەنداوی دەدرێتێ و ئەو ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەیە کە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەنداوەکان لێ دەدا. وە بۆ سپای پاسدارانیش ژینگە هیچ بایەخی نییە!

بەنداو کاتێک توانایی ئەوەی هەبێ کە بتوانێ ئاوی زۆر ڕابگرێ، دەتوانێ پێشی خەساری لافاو بگرێ. بەڵام لە ئێران نە سەدسازی دروست و زانستی بووە و، نە دوای ئەوەی کە بەنداو دروست کراوە ئاوی پشت بەنداوەکە بە باشی مودیرییەت کراوە. ئەگەر ئاوی بەنداو بە باشی مودیریەت کرابا ئەوندە تاڵاوە ئێشک نەدەبوون.کاتێک کە دەبا ئاویان بەردابا، بەریان نەدایەوە و، کاتێک بارانی زۆر دەبارێ چونکی بەنداوەدەکان ئاویان زۆر تێدایە و، توانایی




ڕاگرتنی ئاوی زۆرتریان نییە؛ پێشی بەنداوەکان دەکەنەوە کە خۆی دیسان قەیرانەکە زیاتر دەکا.

**بۆچی لە ئێران ئەو ڕووداوە سروشتییانە کارەساتی لێ دەکەوێتەوە؟**

لە ئێران هەر وەک ئاگادارن، حکوومەت لە ڕووی زانستییەوە وڵات بەڕێوە نابا، کاتێک وڵات بەشێوەی زانستیش بەڕێوە نەبرا چکۆلەترین کێشە دەبێتە قەیرانی زۆر گەورە. لە ئێراندا عیلم و زانست و زانا هیچ بایەخیان نییە، کەسانی نەزان وڵات بەڕێوە دەبەن و ئەوەش بەرهەمەکەیەتی.

**ڕۆڵی سپای پاسداران لە ڕووداوەکانی هەستانی لافاو لە ئێران چۆن بوو، ئێوە چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

سپای پاسداران بەڕای من یانی هەموو حکوومەتی ئێران، بە واتایەکی دیکە وڵاتی ئێران لە ڕاستیدا لە لایەن سپای پاسدارانەوە بەڕێوە دەچێ، کە پێشتر باسم کرد چۆنە.

**دۆخی سروشتیی کوردستان چۆن دەبینن ئەگەری دووپاتبوونەوەی ڕووداوی گەورە و پڕمەترسی لەو چەشنە تا چ ڕادەیەکە؟**

کوردستانی داگیرکراو لەلایەن ئێرانەوە زۆر بەخراپی ئیدارە دەکرێ، دەبینن گۆلی ورمێ چی لێ بەسەر هات! زرێوار تووشی کێشە کراوە، قەیرانەکانی ژینگەیی لە کوردستانیش دەبینرێ، ئەگەر لە بەشێکی زۆر لە کوردستان لافاوی وا نەهات لەبەر ئەوە بوو بارانی زۆر لە یەک ڕۆژدا نەباری.

بۆ نموونە لە خوڕماوا لە شەوێکدا ١٠٤ میلیمیتر باران باری، کە لە چراپونچی و ئامازۆن زیاتر بوو! لە نیزیک هەمەدان ٨٤ میلیمیتر باری. بارینی بارانی ئاوا زۆر لە یەک شەودا، دەبێتە هۆی هەستانی لافاو، جا ئەگەر دارستان و لێڕەوارەکانیش لەنێو ببرێن ئەوە ئاسەواری لافاو زیاتر دەبێ.

**دوورەدیمەنی ژینگە و سروشتی ئێران لە داهاتوودا چۆن دەبینی؟**

پێویستە عەرزتان بکەم کە کێشەی ژینگەیی لە ئێران یەکجار زۆرە، سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی زیاتر لە سەتا نەوەدی نەماوە، هەوا لە زۆر شاری ئێران پیسە، کێشەی تۆز و خۆڵبارین هەیە، دارستانەکان لە ئەلبورز و زاگرۆس لەنێو دەبرێن.

لەڕاستیدا قەیرانی ئاو هەروا بەردەوامە، کاتێک دەتوانین بڵێین قەیرانی ئاو نەماوە کە تاڵاوەکان پڕئاو بمێنن، ڕووبارەکان ئاویان هەبێ، ئاوی ژێرزەوی وەک خۆی لێ بێتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەم لافاوە قەیرانی ئاوی ئێرانی چارەسەر نەکردووە. بۆ نموونە هەر ئێستا گۆلی ورمێ بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی ئیکۆلۆژیی خۆی، پێویستی بە ١٣ میلیارد میتری چوارگۆشە ئاو هەیە، هەموو لافاوی ئێران نەبووەتە شەش میلیارد!

لە ئێران کاتێک کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار و دروشمی نە شەرقی و نە غەربیی دا و، پێی وابوو دەتوانێ لە هەموو بوارێکدا خۆی بژێنێ، فشاری زۆریان بۆ ژینگە هێنا، بەتایبەت لە بەشی کشتوکاڵ کە گەشەی نارێک و نازانستیی قەیرانی ژینگەیی ساز کرد. کۆماری ئیسلامی لەباتی ئەوەی وڵاتی خۆی بەباشی و زانستییانە بەڕێوە بەرێ، پارەی وڵاتی بردە سووریە و یەمەن و عێراق و لوبنان و لەو وڵاتانە کردیە خەرجی دەستێوەردانانەکانی خۆی.

لە کۆتاییدا پێویستە عەرزتان بکەم ئێمەی کورد دەبێ لە فیکری سەروەریی خۆماندا بین و، وڵاتی خۆمان بۆخۆمان بەڕێوە ببەین، دەنا داگیرکەران وڵاتی ئێمە نابوود دەکەن و لەنێوی دەبەن. کۆماری ئیسلامی دوژمنی ژینگەی کوردستانە.

**زۆر سپاس بۆ ئەم دیمانەیە**

سپاس بۆ ئێوەش




## ئێران و جێگرتنی
## لە دوایین ڕیزبەندی چاپەمەنیی ئازاددا

ئێران لە ڕیزبەندی ئازادیی چاپەمەنی لە نێوان ١٨٠ وڵاتی جیهاندا لە پلەی ١٧٠دایە.

لە نوێترین ڕاپۆرتی "ڕێکخراوی نێونەتەوەیی هەواڵنێرانی بێسنوور" بۆ ساڵی ٢٠١٩دا هاتووە وڵاتانی نۆڕوێژ، فینلاند و سوئید ئازادترین وڵاتی جیهانن و وڵاتانی ئێریترە، کورەی باکوور، تورکەمنستان و ئێران داخراوترین وڵاتانی جیهانن لە ڕووی ئازادیی چاپەمەنیدا. لەم ڕیزبەندییەدا وڵاتی ئێران لە ڕووی ئازادیی چاپەمەنی لە نێوان ١٨٠ وڵاتی جیهاندا پلەی ١٧٠ی دراوەتێ و ئەوەش دەری دەخا کە ئەم وڵاتە لە داخراوترین وڵاتانی جیهانە و ڕەوشەکەی تابڵێی نالەبارە. ئەم ڕاپۆرتە لە حاڵێکدا بڵاو بۆتەوە کە کە چەند ساڵی ڕابردووشدا ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی بە زیندانی ڕۆژنامەنووسان ناوی دەبرێ و لە ئێستاشدا دەیان ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری میدیا و ڕاگەیاندن لە زیندانەکانی ئێراندا توند کراون.

# بەستێنی بوونی «ئەی ڕەقیب» بە مارشی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا (٣-٢)

## (ئەی ڕەقیب، چۆن بوو بە سروودی نەتەوەیی؟)



قادر وریا



پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەدیهاتنی ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوەی کورد بوو. «ڕاگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان لە مەهاباد و دامەزراندنی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردی لە لایەن سەرانی «ح.د.ک»ەوە قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە بوو کە بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران هاتبووە پێش». (یاسین سەردەشتی، ١٦٠،٢٠٠٢)

لە سەردەمی نوێی دوای سەرکەوتنی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، کە زۆر نەتەوە و وڵات لە چنگ فاشیزم ڕزگاریان ببوو، هەروەها بە دوای چەند دەیە لە بەدعەهدیی براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕێگربوونیان لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، پێکهاتنی کۆماری کوردستان، بووە مایەی هیوا و خۆشیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان. هەر کوردێکی دڵسۆز و نەتەوەپەروەر کۆماری کوردستان و پێتەختەکەی، واتە شاری مەهابادی بە ڕووگەی خۆی دەزانی. کۆماری کوردستان هەوڵی دەدا نوێنگەی هیوا و چاوەڕوانییەکانی نەتەوەکەی بێ و زۆر شت کە ئەو نەتەوەیە، دەیان و سەدان ساڵ بوو لێیان بێبەش کرابوو، بێنێتە دی، وەک هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، بەفەرمی کردنی خوێندن بە زمانی کوردی، پێکهێنانی سپای میللی و هەڵگرتنی چەندین هەنگاوی گەورەی دیکەی نەتەوەیی. هەڵبژاردنی سروودی نەتەوەییش یەک لەو هەنگاوانە بوو. «پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان سروودێکی ڕەسمی بۆ حیزب (حیزبی دێموکراتی کوردستان) و کۆمار دانرا. ئەو سرووده هەمان سروودی بەناوبانگی «ئەی ڕەقیب»ە کەئێستاش سروودی ڕەسمیی حیزبە. هەڵبژاردنی ئەم سروودە بەڕێکەوت نەبوو. دەکرێ بڵێین پاش چەند ساڵ گەلی کورد توانی فەرمانڕەوایی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ و دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. بۆیە پێویست بوو هەر وەک ئەو سروودە دەڵێ بگوترێ کە: «ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە». (قاسملوو، ٢٠٠٢، ٣٤)

«... سروودی (ئەی ڕەقیب) کە لە ساڵی (١٩٤٠)دا، یونس دڵدار, شاعیری نیشتمانپەروەرمان داینا بۆ یەکەمین جار لە ڕێکەوتی (١٢/١٧/ ١٩٤٥)دا، لە کاتی بۆ یەکەمین جار هەڵکردنی (ئاڵای کوردستان) لە شاری مەهاباد، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵاکەماندا، سروودی (ئەی ڕەقیب) بە ئاوازەوە پێشکەش کرا. (ڕەزا شوان،٢٠١٦)

هەروەها «ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦)، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد بە ئامادەبوونی زۆربەی کادرەکانی حیزبی دێموکرات و جەماوەرێکی زۆری شار و نوێنەری ناوچەکان و عەشیرە کوردەکان هەر لە ماکۆوە هەتا سەقز و سەردەشت کە پێشتر بانگ کرابوون، ئاهەنگی مەراسیمی ڕاگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان دەستی پێکرد. دوای چڕینی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان و هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی کورد ... لە ناو جۆش و خرۆش و چەپڵە و بەختەوەریی جەماوەردا گەورەپیاوانی کورد و سەرانی ح.د.ک دەستیان بە وتار خوێندنەوە کرد.» ( غەنی بلووریان، ١٩٩٧، ٦٢)

دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان و وەگەڕکەوتنی وەزارەت و دامەزراوەکانی، پێویستیی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی سروودی نەتەوەیی، زیاتر لە پێشوو خۆی نواند. هەڵکردنی بەفەرمیی ئاڵا لە شارەکانی دیکە، دەست پێکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و ڕێوڕەسمی سەرلەبەیانیی قوتابخانەکان، ڕێژە و مانۆڕی هێزی پێشمەرگە لە بۆنەکاندا، هاتنی کەسایەتی و پیاوماقووڵانی کورد بۆ مەهاباد بە مەبەستی چاوپێکەوتنی سەرکۆمار پێشەواقازی محەممەد و زۆر جووڵە و چالاکیی سیاسی و کولتووری و سپایی دیکە لە کۆماری کوردستانیان دەخواست سروودی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی هەبێ. دیارە پێشتر «لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ-ک)دا، سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی زیاتر باو بوو و، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا دەخوێندرایەوە. جگە لەو سروودە، «شاخی ڕەنگاوڕەنگی کوردان» و سروودی «نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەرزەمینە» زۆر لە ئارادا بوون.» (جەلیل گادانی، ٢٠١٨)

کاتێک دەگەڕێینەوە سەر لاپەڕەی چاپەمەنیی سەردەمی کۆماری کوردستان، هەم وشەی سروودی نەتەوەیی دەبینین هەم مارشی نەتەوەیی. لە چەندین ڕێپۆرتاژی تایبەت بە هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە شار و گوندەکان، یا لە بارەی چالاکیی سیاسی و کولتووریی ئەو کاتدا، باسی ئەوە کراوە کە سروود یا مارشی نەتەوەیی پێشکەش کراوە، بەڵام تەنیا لە یەک لەواندا، ناوی سروودە نەتەوەییەکە (ئەی ڕەقیب) هاتووە. وا دەردەکەوێ کە بێجگە لە «ئەی ڕەقیب» سروودی دیکەشیان وەک سروودی نەتەوەیی ناو بردوە. چونکە لە ژمارە ١٣ی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ بڵاو بۆتەوە، شێعری «نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەرزەمینە»ی هەژار چاپ کراوە و لە سەریشی نووسراوە: «سروودی ملی کوردستان.» (ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ٢٠٠٧، ٥٤)

ئەوە کە بۆچی لە کۆماری کوردستاندا، لە نێو کۆمەڵێک سرووددا کە نێوەڕۆکی نیشتمانی و نەتەوەییشیان هەیە و بە گوێی خەڵکیش ئاشنا بوون، شێعری «ئەی ڕەقیب»یان بۆ سروودی نەتەوەیی هەڵبژاردووە یا هێناویانەتە پێشەوەی سروودە نەتەوەییەکان، جێگای تێڕامانە. کۆمەڵێک هۆکار هەن کە هەر کامێکیان دەتوانن کەم یا زۆر ڕۆڵیان بووبێ لە هەڵبژاردنی ئەو دەقە بۆ سروودی نەتەوەیی.

یەکەم، شێعری «ئەی ڕەقیب» لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی سەنعەتی شێعری و ڕەوانبێژی و جوانکاریی ئەدەبییەوە، شتێکی نێونجی و سادەیە بەڵام وەک نێوەڕۆک، خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بووە کە بۆ سروودی نەتەوەیی لێی چاوەڕوان دەکرێ.

دووەم لەنێو چەندین تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان کە بە نیازی خزمەتکردن لەو حکوومەتە کوردییە خۆیان گەیاندبووە مەهاباد، چەند کەسێکی کۆیی هەبوون، کە دەشێ ئاگاداری ناوبانگی دڵدار و بە تایبەتی ئەم شێعرەی بووبن و تەنانەت زانیبێتیان کە «ئەی ڕەقیب» هەر لە ئەساسدا بۆ نیازێکی لەو چەشنە نووسراوە.

ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە ئەو دەقە شێعرییە بە بەراورد لە گەڵ سروودە باوەکانی ئەو کات و دەقە شێعرییەکانی دیکە کە نێوەڕۆکی نەتەوەیی و نیشتمانیان هەبوو، بۆ سروودی نەتەوەیی گونجاوتر بوو. «ئەو شێعرە بە فەرمانی کەسێک یان حزبێک نەبووەتە مارش و ڕەمزی نەتەوەیی، بەڵکوو بە گەورەیی خۆی و هەستی بەرزی و ئەو ڕووحیەتە مەزنەیە کە لەنێوان وشەکاندا، لەنێوان تۆن و مانا و ئاوازەکەی دایە بووەتە مارش و ڕەمزی بوونی کورد.» (جەبار جەماڵ غەریب، ٢٠١٧)

«ئەی ڕەقیب» گیانێکی بەهێزی بەربەرەکانی و بەرخۆدان و هەستانەوەی تێدایە و نێوەڕۆکێکی حەماسیی هەیە. شاعیر لەم دەقەدا وەک تاکێک نادوێ و جێناوی کەسی سێهەمی کۆ (ئێمە) بەکار دێنێ و بەردەنگەکەشی (ئەی ڕەقیب) یا هەر ئەو لایەنەیە کە خوازیاری بندەستی و شکان و توانەوەی نەتەوەی کوردە. دڵدار بە گوڕ و تین و لێبڕاوییەوە لە ئیرادەی نەتەوەکەی بۆ مانەوە و بەردەوامی دەدوێ و، بە گوێیاندا دەدا کە کورد نامرێ و بەڵگەشی بۆ مانەوە و نەمریی نەتەوەکەی، مێژووە خوێناوییەکەیەتی کە دەریدەخا کورد ئامادەیە تاجی ژیان بە خوێنی خۆی بنەخشێنێ و ئازاد بژی.

لە چاپەمەنی و بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بڕیارێکی نووسراوی ئەوتۆ لە بارەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی نەتەوەیی نابیندرێ. تەنانەت دەقی شێعرەکەش لە هیچ کام لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمدا نابینین! سەرەڕای ئەمەش هەم بیرەوەریی ئەو کەسانەی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا ژیاون، «ئەی ڕەقیب»یان وەک مارش یا سروودی نەتەوەیی ئەو کۆمارە ناو بردوە (بۆ وێنە عەقید بەکر حەوێزی، سەعید ناکام، محەممەد شاپەسەندی، جەلیل گادانی و هتد)، هەم لەو ڕێپۆرتاژە ڕۆژنامەنووسییانەی ئەو سەردەم لە بارەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شارەکان و بەڕێوەچوونی ژمارەیەک ڕێوڕەسمی دیکە لە گۆڤار و ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو بوونەوە، ئاماژە بە خوێندنەوە و پێشکەشکرانی سروودی نەتەوەیی کراوە. چەند وێنەیەکی ئەو سەردەم کە لە کاتی سەردانی سەرکۆماری کوردستان بۆ هێندێک شوێن بۆ وێنە خانەقای شەمزینان گیراون، دەیسەلمێنن کە لەم جۆرە بۆنانەدا مارشی نەتەوەیی پێشکەش کراوە. (بڕوانە محەممەد ڕەزا سەیفی قازی، ٤٨، ٢٠٠٨)

«سروودی ئەی ڕەقیب لە بۆنە ڕەسمییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە کۆرس دەخوێندرایەوە و، بە تایبەتی لە ڕێوڕەسمە گەورەکاندا لەگەڵ مۆسیقایەکی بەهێز دەخوێندرایەوە. لە مەدرەسەکان پێش چوونە نێو کلاس بە تێکڕای دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، پاشان بەرەو کلاسەکان دەچوون. هەموو کات کە سروودی ئەی ڕەقیب دەست پێدەکرا، خەڵک هەڵدەستانە سەر پێ.» (جەلیل گادانی، ٢٠١٨)

بەم جۆرە وەک هەر داوا و ڕاسپاردەیەکی دیکەی کۆماری کوردستان، هەڵبژاردنی «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی نەتەوەییش لە لایەن ئەو خەڵکەی لەژێر سێبەری کۆماری کوردستان دەژیان، بە گەرمی پێشوازی لێکراوە. ئەم سروودە بە زۆری لە ڕێوڕەسمەکاندا و بە شێوەی زیندوو و لەبەرچاوی خەڵک لەلایەن تیپی مۆسیقا و کەسانی دیاریکراو پێشکەش کراوە. دیارە لە ڕادیۆی تەورێزیش (ڕادیۆی فیرقەی دێموکرات) کە بۆ ماوەی چەن مانگ ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بەرنامەیەکی نیو سەعاتەی ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەدرا، ئەو سروودە بڵاو بۆتەوە. دواتر کە کۆماری کوردستان بۆخۆیشی بووە بە خاوەنی ڕادیۆ و دەنگەکەی لە نێو ئەو شارە دەبیسترا، هەموو ڕۆژێ ئەم سروودە لە ڕادیۆ بڵاو بۆتەوە. (حامید گەوهەری، ٢٠١١، ٣١٧)

گومانی تێدا نییە کە ئەو سەردەم ژمارەی ئەو بنەماڵانەی ڕادیۆیان هەبوو، لە کوردستان یەکجار کەم بوون. ئەو سەردەم ڕادیۆ، گرامافۆن و زەبتی سەوت (تەسجیل) و شریت (کاسێت) ئەوەندە پەرەیان نەگرتبوو و کەم بنەماڵە هەبوون دەستیان بەوانە ڕابگا.

### شوێن پەنجەی هونەرمەندان و مۆسیقارە کوردەکان لە سەر ئەی ڕەقیب

سروودی «ئەی ڕەقیب» لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین سروودی کوردە، چونکە سروودی نەتەوەییە، زۆر بە کەمی بووە بە هەوێنی لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەل. کەسێک بیهەوێ لە بارەی مێژووی ئەو سروودە لە هەموو ڕوویەکەوە بکۆڵێتەوە، ناچارە زانیاریی پێویست و پچڕ پچڕ لە سەرچاوەی جۆراوجۆر بەدەست بێنێ. بەو حاڵەش ئەستەمە هەموو زانیارییەکی پێوەندیدار بەو سروودەی دەست بکەوێ. «ئەم هەڵبەستە یەک پارچە ئاوات بەرزی و بڕوا پتەوی و نەبەزی و مەیدانخوازیی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی دەستنیشان دەکا. هەڵبەستەکە لە کەرکووک چاوی هەڵێناوە و هەر لەوێش ئاوازی بۆ داندراوە و لەوێشەوە بە کوردستانی عێراق و ئێراندا بڵاو بووەوە و لە ڕادیۆی مەهاباد و ئازەربایجان و ڕادیۆکانی لەمەودوای شۆڕشی کورد دەنگی دایەوە. ئێستاش بووە بە سروودی نیشتمانیی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.» (عەبدولڕەزاق بیمار، ٢٠١٧، ١٧٢)

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی مۆسیقایی ئەم سروودە، ڕوونە کە یەکەم جار شێخ حوسێن بەرزەنجی، ئاوازی بۆ ئەم سروودە داناوە. کاتێک دڵداری شاعیر لە ١٩٣٩*، لە کەرکووک لە کۆڕێکی دۆستانەدا بۆ یەکەم جار ئەم شێعرە بۆ کۆمەڵێک لە دۆستانی لەماڵی کاک حەمەی سەید ئەحمەدی خانەقا دەخوێنێتەوە، ئارەزوو دەکا کە یەکێک هەبێ ئاوازێک بۆ ئەم سروودە دابنێ. هەر لەوێ و لەنێو ئامادەبوواندا شێخ حوسێن بەرزەنجی کە دەنگێکی خۆشی هەبووە و شێعر و گۆرانیی زۆری کوردی لەبەر بووە و، مەقامە ڕەسەنەکانی کوردی دەزانی، ڕادەسپێردرێ. دوای چەند ڕۆژێک، شێخ حوسێن کە لە دانانی ئاوازەکە دەبێتەوە، بە دەنگە خۆشەکەی خۆی و لە سەر هەمان ئاواز سروودەکەی بۆ دەڵێتەوە. (فەخرەدین تاهیر، ٢٠٠٧)

نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦، هەر ئەو ساڵەی کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا و، ئەو کۆمارە سروودی ئەی ڕەقیبی وەک سروودی نەتەوەیی هەڵبژارد، لە هەولێر ئاهەنگێکی گەورە بەبۆنەی نەورۆزەوە ساز دەکرێ و لەو ئاهەنگەدا سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»ی پێشکەش دەکرێ. هەر لەو ساڵەدا، دڵدار بۆ زانینی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان بە بەردەوامی گوێ لە ڕادیۆ دەگرێ. لە ڕێگای ڕادیۆوە، گوێی لە ئەی ڕەقیب وەک مارشی نەتەوەیی کۆماری کوردستان دەبێ و لە خۆشیان دەگری. (سەریاس ئەحمەد، ٢٠١٥)

ئەم دوو ڕووداوە لە لایەک ئەوە دەسەلمێنن کەهاوکات لە گەڵ دیاریکرانی «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی نەتەوەیی یا تەنانەت پێشتریش، «ئەی ڕەقیب» لە باشووری کوردستان لانیکەم لە نێو لاوانی خوێندەوار و نەتەوەپەروەردا، وەک سروود چاوی لێکراوە و لە ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەییەکاندا خوێندراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕادیۆش ڕۆڵی هەبووە لە ناساندنی سروودەکە بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

ڕوون نییە لە کۆماری کوردستاندا، هەر لەسەر هەمان ئاوازی شێخ حوسێن بەرزەنجی، ئەم سروودە وتراوەتەوە یا گۆڕانێک لە ئاوازەکەیدا پێک هاتووە. ئەگەر گۆڕان پێکهاتووە، کێ بووە ئەو کەسەی ئەو گۆڕانەی کردووە؟ «وێدەچێ کاری ژەنینی مۆسیقای ئەو سروودە هەر ئەو کەسانە کردبێتیان کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، مۆسیقاژەنی هێزی پێشمەرگە بوون، کە بریتی بوون لە عەلی تابانی (ڤیۆلۆنژەن) کە بەشی مۆسیقای لە تەورێز تەواو کردبوو، مەحموودی وەلیزادە کە بەشی کشتوکاڵی خوێندبوو بەڵام ڤیۆلۆنژەنیش بوو، میرزا مینەی ڕەحیمی، مستەفا جەننەتی، مەجید و هاشم و چەند کەسێکی دیکە. (جەلیل گادانی، سەرچاوەی پێشوو)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سروودە نەتەوەییەکان و یەک لەوان «ئەی ڕەقیب» ئەوەیە لە کاتی پێشکەشکەشکردن بە شێوەیەکی زیندوو، بە کۆرس دەوترێنەوە. بەڵام ئەی ڕەقیب ئەو کاتەی لە سەر قەوان یا کاسێت تۆمار کراوە، زۆرتر بە دەنگی تاکەکەسێک، کە هونەرمەندێکی دەنگبێژ بووە، گوتراوە. لە ماوەی ٧ دەیەی ڕابردوودا، زۆر لە هونەرمەندانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی دەنگیان بۆ وتنەوەی سروود گونجاوە، سروودی ئەی ڕەقیبیان وتوەتەوە. لەوانە ڕەفیق چالاک، قادر دیلان، شوانپەروەر، ناسر ڕەزازی، محەممەدی ماملێ، فەرهاد بابان، خالید ڕەشید، دەشنێ موراد، قادر ئەلیاسی و هتد. مۆسیقای سروودەکەش لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم و داهاتنی ئامێر و ئیمکاناتی پێشکەوتووتری مۆسیقایی، هەروەها بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شارەزایی مۆسیقارە کوردەکان، نوێبوونەوەی بە خۆیەوە دیتوە. ئەم توێژینەوەیە بە کاری خۆی نازانێ قسە لەسەر ئاواز و لایەنی مۆسیقای سروودەکە بکا، بەڵام ئەگەر وەک گوێگرێکیش قسەی لە بارەوە بکرێ حاشای لێ ناکرێ کە هەم لە جۆری پێشکەشکردندا و هەم لە بەکارهێنانی جۆری نوێی ئامێرەکانی مۆسیقیدا، «ئەی ڕەقیب» لە گۆڕان و پێشکەوتندا بووە و ئەمە ڕاستییەکە هەستی پێ دەکرێ. نوێترین هەوڵەکان لە بارەی نوێکردنەوەی ئەم سروودە لە ڕووی مۆسیقاییەوە، ئەو زانیارییانەن کە لە زمانی «ئەدیب چەلکی» بڵاو بوونەوە: «مامۆستا دڵشاد سەعید ئاوازی سروودی نیشتمانیی (ئەی ڕەقیب)ی بۆ ئۆرکێسترا ئامادە کردوە، لەگەڵ گرووپی نیشتمانیی سەمفۆنیای چێک لە پڕاگ بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش جێبەجێی کردوە ... پێش چەند مانگێک ئەم کارە بە پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە ... ئاماژەشی بەوە داوە کە بەم زووانە سروودی نیشتمانی لەسەر CD بە دیزاینێکی سەرنجڕاکێش بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ دەفتەرێکدا کە نۆتەکانی ئاوازەکەشی بە شێوەی ئۆرکێسترایی تێدا نووسراوەتەوە. ئەم سروودە نیشتمانییەی هونەرمەند دڵشاد سەعید ئامادەی کردووەتەوە، لە جۆری ئەم سڵاوە نیشتمانییانەیە کە پێویستی بە ئامێرگەلی زۆری هەوایی هەیە ... ئەم سروودە بە دوو شێوەی تریش تۆمار دەکرێتەوە، یەکێکیان تایبەت بە سروودی نیشتمانییە بۆ یاریگە وەرزشیەکانی جیهان. شێوەی سێیەمیش لەگەڵ دەنگی بژاردەیەکی هونەرمەندانی کوردستان تۆمار دەکرێ، بۆ خوێندنەوەی وشەکانی سروودی نیشتمانی (ئەی رەقیب)ـە کە لەلایەن دڵداری شاعیرەوە داندراوە. ئەم سروودە بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کورمانجی پێشکەش دەکرێ.» (خۆرنیوز، ٦ی جولای ٢٠١٧)

هەوڵێکی دیکەی جێگای ئاماژە نوێکردنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب بە هاوکاریی ئۆرکێسترای هەنگاریا لە ٢٠١٦یە کە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بەم جۆرە باسی کردووە: «دوای ئەوەی لەڕێگەی «د.شۆڕش حسێن» بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لە بۆداپێست بەرلە چەند مانگێک ئۆرکسترای (زوگلۆیی سەنت ئیشتڤان فیلهارمیک)ی هەنگاری بۆ نوێکردنەوەی هەردوو سروودی ئەی ڕەقیب و مەشخەڵان پەیوەندیم پێوە کرا، بڕیارمان دا لەگەڵ ئۆرکێسترای هەنگاری بە ڕابەریی (زامبۆرسکی کاڵمان) کە یەکێکە لەڕابەرە دیارەکانی مۆزیکی هەنگاریا ئەو کارە ئەنجام بدەین. دوای ئامادەکاریەکی زۆر و دوای ئەوەی کە سکۆڕ و پارتەکانی کارەکەم بۆ ناردن ڕۆژی ٣/١٨ی ٢٠١٦ خۆشبەختانە توانیمان سەرکەوتووانە کارەکە ئەنجام بدەین.» (ئەنوەر قەرەداغی،٢٠١٦)

***

* دیارە لە بارەی ساڵی هۆنینەوەی ئەم شێعرە لەلایەن دڵدارەوە ڕای جیاواز هەیە و زۆربەی سەرچاوەکان ساڵی ١٩٤٠ بە ساڵی نووسینی ئەو شێعرە، ناو دەبەن. هەر وەک لە سەر شوێنی نووسینی شێعرەکەش ڕای جیاواز هەیە. سەرچاوەی وا هەیە دەڵێ شاعیر ئەو کاتەی لە ڕۆژهەڵات لە بەندیخانەدا بووە، ئەم شێعرەی نووسیوە، هەشن دەڵێن شاعیر ئەو کاتە هەر لە عێراق لە بەندیخانەدا بووە، ئەم شێعرەی نووسیوە.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 748 20 April 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# بەهاری گەلانی ئێران


شاڕوخ حەسەنزادە

«ئەمڕۆ من بەفەرمی بەرنامەی دەوڵەتی خۆم بۆ ناساندنی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لەوانە سپای قودس، لەژێر بەشی ۲۱۹ی یاسای کۆچبەران و تەناهی، وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ڕادەگەیەنم. ئەم بڕیارە ناوەندی سەرنجدان و ئاستی زەخت هێنانی لانی زۆری لەسەر ڕێژیمی ئێران پەرە پێدەدا و مەترسیی مامەڵەی بازرگانی دەگەڵ، یا پشتیوانی کردن لە سپای پاسداران ڕوون دەکاتەوە. ئەگە دەگەڵ سپای پاسداران مامەڵە بکەن بەو مانایەیە کە سامانی تێرۆریزم دابین دەکەن، ئەمە پەیامەکی ڕوونە بۆ تاران کە پشتیوانی کردنی لە تێرۆریزم ئاکامی جدیی بەدوادا دەبێ، ئێمە زەختی ئابووریی خۆمان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بە هۆکاری پشتیوانی و هاوکاری تێرۆریزم و چالاکییەکانی زیاد دەکەین و هەتا ئەو کاتەی دەست لەو ڕەوشتە سەربزێوییانە هەڵنەگرێ بەردەوام دەبین».(دوناڵد ترامپ ۲۰ی خاکەلێوەی ۱۳۹۸)

دوای ئەو هەمووە نەهامەتییە و لافاو و لێمشتەی بە دەستپێکی بوهار ڕووی لە بەشێک لە ئاخی ئێران کرد، دەکرێ ئەو فەرمانەی دوناڵد ترامپ، سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک هەواڵێکی خۆش و بە ڕۆژێکی دیرۆکی بۆ گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد بزانین.

۱۸ی بانەمەڕی پارەکە (۱۳۹٦) بوو کە ترامپ قسەی خۆی بردە سەرێ و یەک لایەنە لە ڕێککەوتنی ناڤکی وڵاتانی ٥ کۆ یەک ناسراو بە «بەرجام» وەدەرکەوت، کە بە خراپترین ڕێکەوتنی مێژووی ئەمریکا ناوی دەبرد. هەر دوای چوونە دەرێی لەو ڕێککەوتنە سەرجەم ئەو گەمارۆیانەی کە لە سەردەمی باراک ئۆباما لەسەر ئێران لاچووبوون خستراوە سەری و ناوە ناوە و، بەپێی بەرنامە و پلەنی بۆ داڕێژراو بازنەی ئابلۆقەکانی تەسکتر کردەوە. هەتا ئێستا دەیان کاربەدەستی نیزامی، ئابووری و سیاسی وێڕای کۆمپانیا و شیرکەتی جۆراوجۆر کە یارمەتی و هاوکاریی ئێران دەدەن بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە چەک و کەرەسەی نیزامی یا خزمەتگوزاری بۆ سیستەمی فڕۆکەیی ئەو وڵاتە و کۆتایی هێنان بە فرۆشی نەوت و ... کەوتوونەتە بەر شاڵاوی گەمارۆکان. هەموو ئەو گەمارۆیانە لەلایەک و خستنە نێو لیستی سپای پاسداران بە تەنیا لەلایەک، ئایا سەری مارەکە لە پانبوونەوە نیزیکتر دەکاتەوە؟!

ئەگەرچی گەلانی خەباتکاری ئێران بەتایبەتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژی دامەزراندنی ئەو ئۆرگانە نیزامییەوە (۱۳۵۸)، بەردەوام دەگەڵی لەسەر مافی ڕەوای گەلی کورد لە شەڕ و کێشە دابووە و، هەردەم پێیان وابووە کە ئەو ڕێکخراوەیە وەک یەکێک لە لکە سەرەکییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سەرچاوەی چەوساندنەوە و نەهامەتیەکانی گەلی کوردە و، دەبێ بە هەر شێوەیەک دەلوێ بەرەو ڕووی ببینەوە؛ ئەمڕۆ زلهێزترین وڵاتی جیهان هاتە سەر ئەو قەناعەتە و ڕوانینی خۆی دەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە ڕێک خست. بەڵام لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا بۆ ئەوانەی دژی ئەو دەستەڵاتە زاڵمەن ئەوەیە کە سبە و دووی، ئەمریکا هێرشی نیزامی دەکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی سپای پاسداران و شەڕ دەگەڵی دەست پێدەکا، ڕەنگبێ ئەمە لە کاتی ئێستادا خۆش خۆش نەیەتە دی، بەڵام ئەمە کارتێکی تر بوو کە ترامپ بۆ بە چۆکداهێنان یا بە قەلی خۆی گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گوتوبێژ بۆ ڕیکەوتنێکی جدیی نوێ هەڵبەت بەو ۱۲ مەرجەی بۆی داناوە، خستیە سەر مێزەکە و جارێکی تر تۆپەکەی دە زەوینی کۆمەڵانی خەڵک هاویژتەوە!

دەمێکە کەسانی وەک محەمەدعەلی جەعفەری، سادق مەحسوولی، قاسم سولەیمانی، محەمەدڕەزا نەقدی، ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم و ... ناویان لە لیستی تێرۆر و پێشێڵکارانی مافی مرۆڤە، زۆرێک لەمانە لە عێراق و سووریە و یەمەن هەر جیرانی بنکە ئەمریکییەکانن و ئەگە بڕیار با هەرچی ویستبایان بەسەریان دێنان وەک چۆن لە پاکستان بەسەر بن لادەنیان هێنا! هۆکاری بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران هەر لە بواری نیزامییەوە نەبووە کە پارێزەری خاکی ئێران بێ بەڵکوو ئەم ڕێکخراوەیە بە گوتەی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران پاسدار و پارێزەری نیزامیی شۆڕشی ئیسلامییە، واتە سپای پاسداران یانی «شۆڕشی ئیسلامی» (بێ پاشگری ئێران) و، شۆڕشی ئیسلامی-ش واتە سپای پاسداران؛ ئینجا سپای پاسداران لە بەشی هەرە زۆری ئابووریی ئێران، گەندەڵیی سیستماتیک، سپی کردنەوەی پووڵ، قاچاخی مادە سڕکەرەکان، هەناردە کردنی شۆڕش، دژایەتی کردنی خەڵکی ئازادیخواز و لەنێو بردنی دژبەرانی، شێواندنی چەندین وڵات و ... ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. ڕاوێژکارانی ئەمنیەتیی سەرۆک کۆماری ئەمریکا باش دەزانن کوێی جەستەی هەڵنووساوی ئەو ڕێژیمە دەپێکن؛ لێبەڵێ ئەوەمان لەبیر نەچێ هەتا ئێستا ئەوە هەر ئەمریکایە بە تەنیا سپای خستۆتە لیستی تێرۆرەوە و هەموو هەڕەشە جدییەکان هەر ئەو وڵاتە دەیکا و وڵاتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوایی (ئورووپا) جارێ هەر چاوەڕێن بزانن چ دەبێ! ئەو زەخت و فشارانەش هەتا ڕادەیەک هەتەر دەکەن و ئەگە خەڵک نەڕژێنە سەر شەقامەکان و لە ڕاستای سیاسەتی بە چۆک داهێنانی ڕێژیم، کەلک لە پشتیوانیی وڵاتانی کاریگەر لەسەرووی هەمووان ئەمریکا وەرنەگرن (کە هێشتا ڕوون نییە و ساغ نەبۆتەوە ئاخۆ ستراتێژیی ترامپ و تیمەکەی چییە!) دوو مەترسی هەیە، یەکەم، ئەوەیکە ئێران وەک وێنزوئێلای لێ بێ و بە شێوەی فەرسایشی بڕووخێ کە ئەمە چەند ساڵ زەمەنی دەوێ و کەس نازانێ ئاکامەکەی چۆن دەبێ. دووهەم، ئەوەیکە دەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی پێکهاتن و ڕێککەوتن، کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ئەمریکا بەجۆرێک لە شێوەکان پێک بێ. تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە کە بخوازن سپا بخەنەوە سەر ئەرتەشی ڕێژیم چونکە ئەو کات هیچ وڵاتێک ناتوانێ ئەرتەشی وڵاتێک وەک تێرۆریست بناسێنێ!

هەتا ئێستا ئەوەیکە ئێمە دەیبینین و هەستی پێدەکەین جیا لە هەموو بەرنامە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەوەیە کە سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ بەوپەڕی ئازایەتی و بەبێ گوێدان بە ڕەخنە و گازندەی حیزبی بەرامبەری (دێموکراتەکان) و بەشێک لە وڵاتانی ئورووپایی دەگەڵ هیندێک لە وڵاتانی عەرەبی و دەوڵەتی ئیسڕاییل هەموو هێزیان وەگەڕ خستووە کە؛ یەک، یا ئەو ڕێژیمە گەندەڵە (کۆماری ئیسلامیی ئێران) بڕووخێنن. دوو، یا وابکەن گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر سیاسەتەکانی خۆیدا بهێنێ. لە هەر تک حاڵەتدا کورد دەتوانێ ڕۆڵ و پێگەی خۆی زەقتر بکاتەوە بەتایبەت لەکاتی ئێستادا کە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەرکەوتووە باشترین و بێ کێشەترین هاوپەیمان لە ناوچەکەدا کوردە (وەک لە عێراق و سووریە دەیبینین) بە چەند شێواز؛ بڕەودان بە ڕێکخستنی زیاتری نێو حیزبەکان (ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، لێک نیزیکبوونەوە و تەنانەت یەکگرتنەوە)، تیندان بە پێوەندییەکانی دەرەوەی بەتایبەت دەگەڵ ئەمریکا و خۆ لێ نیزیککردنەوە لەو وڵاتانەی دژبەری ئێرانن، ئامادەگی هەرچی زیاتری هێزەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەگەری هەڕەشە و مەترسییەکانی سپا وەک ئەوەی لە ۱۷ی خەرماناندا دیتمان کە چۆن بە مووشەک هێرشی کردە سەرمان (ڕەنگبێ پێی وابێ ئەوە تۆڵەی خۆی لە ئیسڕاییل دەکاتەوە کە هەتا ئێستا زیاتر لە ۲۰۰ جار بنکە و بارەگاکانی سپای لە سووریە کردۆتە ئامانج.)

## ئەم کاروانە هەر بەڕێوەیە...




پۆلێکی دی لە لاوانی کورد بۆ خەبات و تێکۆشان سەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان هەڵبژارد و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان دەبەر کرد و لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا سازمان دران.

فێرگەی سیاسی_ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی دەورەی ۲۳۲ی پێشمەرگە ڕێوڕەسمێکی پێک هێنا. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە ڕێژە و مەشقی نیزامیی بەشدارانی دەورە دەستی پێکرد، عەلی بداغی، ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی وتاری سیاسیی فێرگەی پێشکێش کرد.

گرینگیی هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات بۆ خەباتی نەتەوایەتی و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بارودۆخی پرسی کورد لە ئێران، سیاسەتی ڕێژیم بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران، شێوەی بەربەرەکانیی کورد لە بەرامبەر سیاسەتی ئاسمیلە و تواندنەوەی هۆڤییەتی شوناسخوازیی کورد لە ئێران، ستاتوی بزاوتی سیاسیی کورد لە هاوکێشە بگۆڕەکانی ئێستای ناوچە و ئەم ئەرک و بەرپرسایەتییەی دەکەوێتە ئەستۆی سیاسییەکانی کورد چەند تەوەرێکی باسەکەی عەلی بداغی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

لەم کۆڕەدا چەند سروود و گۆرانییەک لەلایەن بەشدارانی دەورەوە پێشکێش کران و پەیامی بەشدارانی دەورە لەلایەن پەیمان عەبدوڵلازادە، بەشداربووی دەورەوە خوێندرایەوە.





## یادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ۲۰ی خاکەلێوەی ۹۸ی هەتاوی لە ڕێوڕەسمێکدا یادی ۲۲ی خاکەلێوە، ۷٦ ساڵە دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامی دامەزرانی ئەو یەکیەتییەی پێشکێش کرد و سمایل شەرەفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی بەو بۆنەیە خوێندەوە. ڕیزە گۆرانییەک بە دەنگی هونەرمەندی تازەلاوی نێو ڕیزەکان حیزب؛ خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن موژگان عەلیپوور، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەم یەکیەتییە و مەقامێک بە دەنگی هونەرمەندی لاو ئاوات بۆکانی چەند برگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.

هەر لەو ڕێوڕەسمەدا خەڵاتی یەکیەتیی لاوان لە ژێرناوی خەڵاتی زێڕینی کاک سدیق ئەنجیری ئازەر پێشکێش بە کاک قاسم سوڵتانی، تێکۆشەری دێرینی نێو ڕیزەکانی حیزب کرا و، لەلایەن یەکیەتیی لاوانەوە هونەرمەند ئاوات بۆکانی وەک لاوی ساڵ دەستنیشان کرا و خەڵاتی تایبەتیی لاوانی پێ بەخشرا.





## بیست و دووهەمین فستیڤاڵی ئەدەبیی گەلاوێژ

بیست و دووهەمین فستیڤاڵی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە شاری سلێمانی کە دوو ڕۆژە دەستی پێکردوە، ئەمڕۆ کۆتایی بەکارەکانی دێنێ. لە ڕێورەسمی کردنەوەی فستیڤاڵەکەدا هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان سۆران نووری و عەلی بداغی، لەسەر بانگهێشتی ڕەسمیی خانەخوێ بەشداری ئەم زنجیرە فستیڤاڵە ئەدەبییە نێودەوڵەتییە بوون.

شاندی حیزب وێڕای بەشدارییان لەم فستیڤاڵە پەیامی پیرۆزبایی و دەستخۆشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان گەیاندە کاک مەلا بەختیار، سەرپەرشتیاری فشتیڤاڵەکە.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ۲۹ی خاکەلێوە لە شاری سلێمانی، بیست و دووهەمین فستیڤاڵی ئەدەبی ڕووناکبیریی گەلاوێژ بە بەشداریی شاعیران و ئەدیبان و لێکۆڵەران و هەروەها نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان، کاربەدەستانی حکومەمی و ئیداریی سلێمانی و هەرێمی کوردستان لە هۆڵی تەوار لەم شارە دەستی بە کارەکانی کرد و ئەمڕۆ شەممە و لە دوا وێستگەی فستیڤاڵەکەدا هەڵبژێردراوانی فستیڤاڵ لە بواری شێعر، چیرۆک، لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی دەستنیشان دەکرێن.



## سێیەمین فستیڤاڵی هەڵپەڕکێ لە شاری بانە

شەوی ۲۷ی خاکەلێوە سێهەمین فستیڤاڵی هەڵپەڕکێی بانە بە بەشداریی ۱٦ گرووپی هەڵپەڕکێی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەستی پێکرد. بەڕێوەبەرانی فستیڤاڵی هەڵپەڕکێی بانە دەڵێن لە ساڵی داهاتووەوە ئەم فستیڤاڵە دەبێتە سەراسەری و هەوڵ دەدەن بانە وەک شاری سەما و هەڵپەڕکێ بناسرێ.

سێهەمین فستیڤاڵی هەڵپەڕکێی کوردی کە یەکێک لە گرینگترین هێما نەتەوەیی و کولتوورییەکانی گەلی کوردە، بڕیار بوو ڕۆژانی ۸ تا ۱۱ خاکەلێوەی ئەمسال بەڕێوە بچێ و، پاش ئامادەکاری لە هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانەدا و بۆ هاسۆزی و هاوخەمی کردن لەگەڵ قوربانیانی لافاولێدراو، وەدوا خرا.

